

یەکەم بڵاوکردنەوە: 2021/03/27

**نوێکردنەوە: 25-05-2022**

# ڕێزمانی کوردی

ئامادەکردنی: ئیدریس هاشمی

وانەی ڕێزمان


1.پیت

2.بڕگە

3.وشە (وشەی سادە و ناسادە)

4.ڕستە

5.چاوگ

6.کار (فعل)

7.ناو

8.ناوی تاک - ناوی کۆ

9.ناوی ناسراو - ناوی نەناسراو

10.جێناو (ضمیر)

11.هاوەڵناو

12.هاوەڵکار

13.پێشبەند (پریپۆزیشن) / Prepositions
14.بنچینەکانی ڕستە (بکەر و کار)
15.بنچینەکانی ڕستە (نیهاد و گوزارە)
16.کاری ناتەواو
17.جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی دەربڕینەوە
18.تەواوکەر
19.کاری ڕابردوو و دەمەکانی کاری ڕابردوو
20.کاری ڕانەبردوو و ڕەگی کار
21.کاری داخوازی
22.کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ/ بەرکار
23.جێناوی لکاو
24.جێناوی لکاو: کۆمەڵەی ١
25.جێناوی لکاو: کۆمەڵەی ٢
26.جێناوی لکاو: کۆمەڵەی ٣
27.جێناوی لکاو: کۆمەڵەی ٤
28.کاری بکەردیار و بکەرنادیار
29.ناو لەڕووی ڕەگەز یان زایەندەوە
30.دەمەکان و ڕێژەکانی کار
31.درێژەی هەیە

***

# ١. پیت

### ١) پیت

ئەو دەنگانەیە کە لە زار دێنە دەرەوە گوتنیان لێ پێک دێت و بچووکترین دانەی نووسینە لە زماندا و لەوە زیاتر ناتوانرێت ورد بکرێتەوە.

(پیتی بزوێن و پیتی نەبزوێن)

 پیتی بزوێن: (ا، ە، ی، ێ، و، وو، ۆ)

 پیتی نەبزوێن: (ئ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، ھ، ((و، ی))

☑ (و) لەگەڵ (ی) ھەم دەبنە بزوێن و ھەم دەبنە نەبزوێن.

☑ بزوێنکی زۆر کورت ھەیە کە بەو پیتانە وێنەی بۆ دانەنراوە بەڵام بە پیتی لاتینی نیشانەی (i) بۆ دانراوە وەک لە وشەی (birdin) یان (jin).

☑ پیتە بزوێنی (و - ی) لە ناو وشەدا ھەندێک جار دەبنە پیتی نەبزوێن و ھەندێک جاریش دەبنە بزوێن، ئینجا بۆ جیاکردنەوەی پیتی (و - ی)ی نەبزوێن لە پیتی (و - ی)ی بزوێن پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

- پیتی (و - ی) کەوتە نێوان دوو پیتی نەبزوێن ئەوا ئەم (و - ی)یە دەبنە پیتی بزوێن، وەک: (کـورد، شـیـر) لێرەدا بزوێنن.

- ھەرکاتێک لە پێش یان لە پاش پیتی (و - ی) پیتێکی بزوێن ھەبێت، ئەوا بێگومان ئەم (و - ی)یە دەبن بە پیتی نەبزوێن، وەک: (داو، وار، دیـار، دایـک).

☑ ھیچ کات دوو پیتی بزوێن لە زمانی کوردی بە دوای یەک نایەن، واتە: (بە تەنیشت یەکەوە نابن) وەک: [سێو، پیاو، یانە، یاری].

 ڕاڤە:

☑ پیتی بزوێن: ئەو پیتانەن، کە دەنگدارن و یارمەتیی پیتە نەبزوێنەکان دەدەن لەکاتی دەربڕینیاندا.

☑ پیتی نەبزوێن: ئەو پیتانەن، کە بەبێ یارمەتیی پیتی بزوێن، دەنگەکانیان بەئاسانی لە دەمەوە نایەتە دەرەوە.

***

# ٢. بڕگە

**٢) بڕگە:**

1) کورد

2) کوردستان  کور/ دس/تان

3) گوڵ

4) گوڵزار  گوڵ/ زار

5) باب

6) باپیر  با/ پیر

7) مێرووله  مێ /روو /له

 ڕاڤه:

ئه‌گه‌ر سه‌رنج بده‌ینه وشه‌كانی سه‌ره‌وه ده‌بینین وشه‌ی (كورد) ته‌نها له یه‌ك بڕگه پێك هاتووه چونكه به یه‌كجار ده‌گوترێت،

وشه‌ی (كوردستان) له سێ بڕگه پێك هاتووه، (كور، دس، تان) چوونكه به سێ جار له زار دێته ده‌ره‌وه و هه‌روه‌ها وشه‌كانی دیكه‌ش له بڕگه پێك هاتوون.

 پێناسه:

بڕگه چییه؟ ئه‌و پارچه وشه‌یه، كه به یه‌كجار له زار دێته ده‌ره‌وه، یان به‌و چه‌ند پیتانه‌ی كه به یه‌ك هه‌ناسه له ده‌م/ زار دێنه ده‌رێ ده‌گوترێ و ته‌نیا پیتێكی ده‌نگداری تێدایه و هه‌میشه ئه‌م پیته دووه‌م پیتی بڕگه‌یه.

***

# ٣.وشه

**٣) وشه**

1.كاوه چوو بۆ سلێمانی.

2.كورد بۆ ئازادی تێ ده‌كۆشێت.

3.منداڵه‌كه نووست.

4.گوێزی هه‌ورامان به دست ده‌شكێت.

5.باڵندە بە باڵێک نافڕێت.

 ڕاڤە:

ڕستەی یەکەم (کاوە چوو بۆ سلێمانی) لە بێژەی (کاوە، چوو، بۆ، سلێمانی) پێک هاتووە، بە هەر یەکێک لەم بێژانە، کە ڕستەکەی لێ پێک هاتووە دەگوترێت (وشە). هەروەها ڕستەکانی دیکەی لای سەرەوە بەم جۆرە لێک دەدرێنەوە.

 پێناسە:

وشە:  بێژەیەکە ڕستەی لێ پێک دێت، وەک: کاوە، کورد، منداڵەکە، بۆ، گوێز، هەورامان، چوو، باڵندە.

 جۆرەکانی وشە لەڕووی داڕشتنەوە:

 وشەی سادە 

 وشەی ناسادە 

**کۆمەڵەی 1:**

**وشەی سادە:** خامە، چالاک، نەوت، سەفین، چیا، بەرز، بۆن.

**کۆمەڵەی 2:**

**وشەی ناسادە:** پیرەمێرد، نەورۆز، کرێکار، دەرهێنان، پیرەمەگروون، نازدار

 ڕاڤە:

ئەگەر بڕوانینە وشەکانی لای سەرەوە دەبینین، لە کۆمەڵەی 1 و کۆمەڵەی 2 پێک هاتوون.

 لە کۆمەڵەی (1) وشەی:

خامە: وشەیەکی سادەیە، چونکە لە یەک بێژە پێک هاتووە.

چالاک: وشەیەکی سادەیە چونکە لە یەک بێژە پێک هاتووە.

نەوت: وشەیەکی سادەیە چونکە لە یەک بێژە پێک هاتووە.

سەفین: وشەیەکی سادەیە چونکە لە یەک بێژە پێک هاتووە.

چیا: وشەیەکی سادەیە چونکە لە یەک بێژە پێک هاتووە.

بەرز: وشەیەکی سادەیە چونکە لە یەک بێژە پێک هاتووە.

بۆن: وشەیەکی سادەیە چونکە لە یەک بێژە پێک هاتووە.

 لە کۆمەڵەی( 2)دا وشەی:

پیرەمێرد: وشەیەکی ناسادەیە/ سێ بێژەیە (پیر + ە + مێرد).

نەورۆز: وشەیەکی ناسادەیە/ دوو بێژەیە (نەو + رۆز).

کرێکار: وشەیەکی ناسادەیە/ دوو بێژەیە (کرێ + کار).

دەرهێنان: وشەیەکی ناسادەیە/ دوو بێژەیە (دەر + هێنان).

پیرەمەگروون: وشەیەکی ناسادەیە/ سێ بێژەیە (پیر + ە + مەگروون).

نازدار: وشەیەکی ناسادەیە/ دوو بێژەیە: (ناز + دار).

 پێناسە:

وشە لەڕووی داڕشتنەوە دوو جۆرە:

1) وشەی سادە: وشەیەکە لە یەک بێژە پێک هاتووە.

وەک: وشەی (خامە، چالاک، نەوت، چیا، بەرز، بۆن)

2) وشەی ناسادە: وشەیەکە لە بێژەیەک زیاتر پێک هاتووە، وەک: وشەی (پیرەمێرد، نەورۆز، کرێکار، دەرهێنان، پیرەمەگروون، نازدار)

***

# ۴. ڕستە

**٤) ڕستە**

1. ئیدریس هات
2. نازە بۆ هەڵەبجە چوو.
3. باران باری.

4.بەفرین نامەی نووسی.

 ڕاڤە

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو گوتنانەی لای سەرەوە دەبینین هەر یەکەیان

واتایەکی تەواوی خۆی هەیە و لە کۆمەڵە وشەیەک پێک هاتووە، وەک: ئاخاوتنی (ئیدریس هات) کە لە وشەی (ئیدریس) و لە وشەی (هات) پێک هاتووە، هەردووکیان پێکەوە واتایەکی تەواویان بە دەستەوە داوە، هەروەها ئاخاوتنەکانی

دیکەش بەم شێوەیە لێک دەدرێنەوە، بۆیە پێیان دەگوترێت ڕستە.

 پێناسە:

ڕستە  چەند وشەیەکە پێکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشێت و لە کۆتاییدا بەپێی مەبەست هێمای بۆ دادەنرێت.

***

*****************

***

# ٥. چاوگ

**٥) چاوگ**

 پێناسەی چاوگ/ سەرچاوە یان ژێدەر (مصدر):

✔ وشەیەکە ڕوودانێک نیشان دەدات بەڵام نەخراوەتە پاڵ کەسێک یان شتێک.

✔ کاتی ڕوودانیشی دیار نییە.

✔ گەردان نەکراوە.

✔ سەرچاوەیە بۆ دروستکردنی دەمەکانی کار (ڕابردوو، ڕانەبردوو و داخوازی).

✔ لە ڕستەدا وەکوو ناو بەکار دێت و هەموو تایبەتییەکانی ناو وەردەگرێت و ئەرکەکانی ناویش دەبینێت.

 چەند نموونە چاوگ ☚ (بردن، خواردن، سەرکەوتن، هەڵفڕین، سووتان، بڕین، کڕین، سەرهەڵبڕین، خوێندنەوە، خولانەوە...)

□ ڕاڤـــەی زیاتری چاوگ:

✔ مەبەست چییە کە دەڵێین: ڕوودانێک نیشان دەدات☚ بۆ نموونە کە دەڵێین: (بردن) واتە بردنی شتێک. یان دەڵێین: (خواردن) واتە خواردنی شتێک، ڕوودانی شتەکە نیشان دەدات.

✔ مەبەست چییە کە دەڵێین: نەخراوەتە پاڵ کەس؟ واتە لە ڕستەدا نایخەینە پاڵ کەسێک چونکە ئەگەر بخرێتە پاڵ کەسێک ئەوە دەبێتە کار "فعل". بۆ نموونە:

(خواردن) بەسوودە. (خواردن لێرە چاوگە.) بەڵام ئەگەر بڵێین ئیدریس نانەکەی خوارد. (لێرە خوارد چاوگ نییە بەڵکوو کاری ڕابردووە.)

✔ مەبەست چییە کە دەڵێین: کاتی ڕوودانیشی دیار نییە☚ واتە نە ڕابردووە و نە ڕانەبردوو. چونکە ئەگەر کاتەکەی دیار بێت ئیتر چاوگ نییە و کارە.

✔ بۆ دەڵێین: گەردان نەکراوە☚ چاوگ چون (ن)ی چاوگی پێوەیە، بەچاوگی (واتە کاتێک هێشتا چاوگە) گەردان ناکرێت و جێناوە لکاوەکان ناگرێت. بۆ نموونە: (هاتن ☚ هاتنیت، هاتنن ✖

کەواتە دەبێت سەرەتا لە چاوگ، قەد (بُن ماضی) و ڕەگی کار (بُن مضارع) بەدەست بهێنین، ئەو کاتە دەتوانین کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو و داخوازیی لێ دروست بکەین.

✔ مەبەست چییە کە دەڵێین: سەرچاوەیە بۆ دروستکردنی دەمەکانی کار☚ واتە: (کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو و داخوازیی) لێ دروست دەکرێت.

✔ بۆ دەڵێین: چاوگ وەکوو ناو بەکار دێت☚ چونکە هەم تایبەتییەکانی ناو و هەم ئەرکەکانی ناو وەردەگرێت.

========================

□ گرنگیی چاوگ لە زمانی کوردیدا چییە؟

دەتوانین بڵێین: چاوگ وەک هەویرە. هەر بەو جۆرەی کە لە هەویر، نان، کێک، پیتزا و زۆر شتی تر دروست دەکەین، لە زمانی کوردیشدا، لە چاوگ زۆر شت دروست دەکرێت.

1. چاوگ، سەرچاوەیە بۆ دروستکردنی دەمەکانی کار (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی). لە چاوگ، قەدی چاوگ و ڕەگی کار بەدەست دەهێنین هەروەها لە قەدەکەی کاری ڕابردوو و لە ڕەگەکەی کاری ڕانەبردوو، داخوازی و کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی بکەرنادیار دروست دەکەین.

2. چاوگ لە ڕستەدا ئەرکەکانی ناو دەبینێت و تایبەتییەکانی ناو وەردەگرێت.

- ناو 7 ئەرک و 5 تایبەتمەندیی هەیە کە چاوگ هەمووی وەردەگرێت.

کەواتە چاوگ، بابەتێکی زۆر زۆر گرنگی زمانی کوردییە.
===========================

 تێبینیی 1: هەموو چاوگێک لە زمانی کوردیدا بە پیتی (ن) کۆتایی پێ دێت.

بە پیتی (ن)ی کۆتایی چاوگ، دەگوترێت ☚ (نوونی چاوگ). وەک: خواردن، بردن، هاتن، مردن...
===========================

 تێبینیی 2:

بە پیتی (ن) لەگەڵ پیتەکەی پێشی، دەڵێین: نیشانەی چاوگ.

☑ نیشانەکانی چاوگ بریتین لە: (ان، تن، ین، وون، دن)

 (ان ☚ برژان، ترسان، خنکان، هێنان...

 (تن ☚ خەوتن، بەستن، پاراستن، گەیشتن...

 (ین ☚ بارین، تەزین، خزین، کڕین،ماڵین...

 (وون ☚ بوون، چوون، دروون..

 (دن ☚ بردن، خوێندن، کردن، خواردن...
===========================

 تێبینیی 3:

لە زمانی کوردیدا، هەم چاوگ بە پیتی (ن) کۆتایی پێ دێت و هەم هەندێ ناویش هەن کە بە پیتی (ن) کۆتاییان پێ دێت.

⚠ ئاگادار بن کە هەر وشەیەک بە پیتی (ن) کۆتایی هاتبوو، چاوگ هەژمار ناکرێت تەنانەت ئەگەر هەڵگری یەکێک لە نیشانەکانی چاوگیش بێت، وەک: هەورامان، نازەنین، نەسرین...  ئەمانە چاوگ نین.

بۆ جیاکردنەوەی ناو و چاوگ، پیتی (ن) لادەدەین ئەگەر وشەکە واتای هەبوو و کاری (ڕابردووی نزیک)مان دەست کەوت ئەوە چاوگە، بەڵام ئەگەر واتای نەبوو، ئەوە ناوە. وەک:

✔ خواردن - ☚ خوارد (واتای هەیە و کاری ڕابردووی نزیکە کەواتە "خواردن" چاوگە.)

✔ سووتان - ☚ سووتا (واتای هەیە و کاری ڕابردووی نزیکە کەواتە "سووتان" چاوگە.)

✔ کاروان - ☚ کاروا (واتای نییە و چاوگ نییە)

✔ کوردستان - ☚ کوردستا (واتای نییە و چاوگ نییە.)

✔ هەورامان - ☚ هەوراما (واتای نییە و چاوگ نییە.)
===========================

 جۆرەکانی چاوگ:
لە زمانی کوردیدا 5 جۆر چاوگمان هەیە:

1. (چاوگی ئەلفی): ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) (ا)یە، وەک: "سووتان، گریان، برژان..."

2. (چاوگی واوی): ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) (وو)یە، وەک: "چوون، جوون، بوون، درووون..."

3. (چاوگی تایی): ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) (ت)یە، وەک: "فرۆشتن، گرتن، ڕۆیشتن..."

4. (چاوگی دالی): ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) (د)یە، وەک: "بردن، مردن، خواردن، خوێندنەوە..."

 تێبینی: چاوگی خوێندنەوە چاوگی (دالی)یە کە پیتی پێش "ن"، (د)یە. ئێمە تەنها پاشگری "ەوە"مان پێ زیاد کردووە خوێندن + ەوە = خوێندنەوە

5. (چاوگی یایی): ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) (ی)یە، وەک: "کڕین، فڕین، لەرزین..."

============================

تێبینیی 4:

 لە زمانی کوردیدا، هەندێ چاوگی سادەمان هەیە بەبێ پاشگری (ەوە/ اندن)، مانایان تەواو نابێت.

بۆ نموونە:

(خولان، ڕشان، کولان، پاڕان، حەسان، دۆزین، بەشین، پرخان، پرژان) لەگەڵ پاشگری (ەوە/ اندن) دەبنە (خولانەوە، ڕشانەوە، کولانەوە، پاڕانەوە، حەسانەوە، دۆزینەوە، بەشینەوە، پرخاندن، پرژاندن)

نموونە لە ڕستەدا:

کولانەوەی برینەکە بەئازار بوو.

ناڵێین کولان بەئازار بوو.

حەسانەوە بۆ مرۆڤ بەسوودە.

ناڵێین حەسان بۆ مرۆڤ بەسوودە.

پاڕانەوە هەموو کات بۆ مرۆڤ پێویستە.

ناڵێین پاڕان هەموو کات بۆ مرۆڤ پێویستە.

پرخاندن له خەودا هۆکاری پچڕانی ئۆکسیژێنە لە مرۆڤەکان.
ناڵێین ☚ پرخان له خەودا هۆکاری پچڕانی ئۆکسیژێنە لە مرۆڤەکان.

بەشینەوەی سامان لەسەر ئاستی جیهان، بووەتە جێی دڵەڕاوکێی ناوەندە جیهانییەکان.
ناڵێین ☚ بەشینی سامان لەسەر ئاستی جیهان، بووەتە جێی دڵەڕاوکێی ناوەندە جیهانییەکان.

 هەندێ چاوگیش هەن بەبێ پێشگر، واتا ناگەیەنن، بۆ نموونە:
 پسکان☚ (ڕاپسکان)

ژیان تێ دەپەڕێ وەک ڕاپسکانی مشکێکی کێوی.
ناڵێین ☚ ژیان تێ دەپەڕێ وەک پسکانی مشکێکی کێوی.

 پڕووزان☚ (هەڵپڕووزان)

هەڵپڕووزانی ڕوخساری جوان و شیرینی پەپوولەکانی شیناوێ لەیاد ناکەین.
ناڵێین ☚ پڕووزانی ڕوخساری جوان و شیرینی پەپوولەکانی شیناوێ لەیاد ناکەین.

مەرگ و هەڵپڕووزانی "گوڵاڵە" وەک ترۆپکی توندوتیژی دژ بە ژنانە.
ناڵێین ☚ مەرگ و پڕووزانی "گوڵاڵە" وەک ترۆپکی توندوتیژی دژ بە ژنانە.
 پڵۆسین☚ (داپڵۆسین)

خەڵک بە هاتنیان بۆ سەر شەقام، ترسیان لە داپڵۆسینی داگیرکەران ڕەویوەتەوە.

ناڵێین ☚ خەڵک بە هاتنیان بۆ سەر شەقام، ترسیان لە پڵۆسینی داگیرکەران ڕەویوەتەوە.

==========================

○ تێبینیی 5:
گوتمان 5 جۆر چاوگمان هەیە. بەڵام لە کوردیی ژووروودا واتە کوردیی کرمانجی، لە چاوگی (دالی) پیتی (د) دەرناکەوێت. وەک ☚ بردن، مردن، خواردن... کە ئەوان دەڵێن: (برن، مرن، خوارن...)

ئەو کاتە نابێت وا بیر بکەینەوە چونکە لە چاوگەکانی (برن، مرن، خوارن)  پیتی پێش (ن)، (ر)یە، چاوگی (ر)یە. ✕✕
لە کوردیی کرمانجیدا (برن، مرن، خوارن) چاوگی (دالی)ن.
==========================

 پوختەی باسی چاوگ:
چاوگ واتە سەرچاوە یان ژێدەر. بۆیە دەڵێین سەرچاوە چونکە سەرچاوەی دروستکردنی کارە.
چاوگ 5️⃣ جۆری هەیە، جۆرەکانی بەپێی ئەو پیتە دیاری دەکرێت کە دەکەوێتە پێش پیتی "ن" چاوگ. وەکوو:
برژان  چاوگی ئەلفییە.
چوون  چاوگی (واوی)یە.
کڕین  چاوگی (یایی)یە.
خواردن  چاوگی (دالی)یە.
فرۆشتن  چاوگی (تایی)یە.
==========================
 چاوگ لە ڕووی پێکهاتنەوە 2️⃣ جۆرە:
1️⃣. چاوگی سادە
2️⃣. چاوگی ناسادە

چاوگی ناسادەش دەبێتە دوو بەشەوە:
(داڕێژراو و لێکدراو)
 پێناسەی (چاوگی سادە):
ئەو چاوگەیە کە لە یەک وشەی سادەی واتادار پێک دێت. واتە هیچ پێشگر و پاشگرێکی پێوە نییە. وەک:
(بردن، نووسین، نووستن، خوێندن، کردن، کێڵان، سووتان، بوون، چوون، گریان، هاتن، ڕۆیشتن...)
 چاوگی ناسادە دەکرێتە دوو جۆر 👈 (داڕێژراو و لێکدراو)

 پێناسەی چاوگی داڕێژراو:
ئەو چاوگەیە کە لە (چاوگێکی سادەی واتادار) لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان پێک دێت. وەک:

(ڕاکێشان 👈 ڕا + کێشان
(هەڵبژاردن 👈 هەڵ + بژاردن
(ڕاپەڕین 👈 ڕا + پەڕین
(خوێندنەوە 👈 خوێندن + ەوە

(سووتاندن ☚ سووتان + اندن

(داشکاندن ☚ دا + شکان + اندن

 ئەو پێشگرانەی چاوگی (داڕێژراو) دروست دەکەن 2 جۆرن: (پێشگری سادە - پێشگری نادسادە)

 پێشگری سادە

نموونەی ئەو (پێشگرە سادانە) کە دەچنە سەر چاوگی سادە و چاوگی داڕێژراو دروست دەکەن بریتین لە ☚ (ڕا، هەڵ، دا، ڕۆ، وەر، ڕێ، پێ، تێ، لێ، وێ...)

(ڕا)  ڕاخستن، ڕاکێشان، ڕادان، ڕاگرتن، ڕابوون، ڕاپەڕین...

(هەڵ)  هەڵفڕین، هەڵگرتن، هەڵکردن، هەڵبوون، هەڵدان، هەڵبڕین، هەڵچوون، هەڵهاتن...

(دا)  داکەوتن، داخستن، داهاتن، داگرتن...

(ڕۆ)  ڕۆنان، ڕۆکردن، ڕۆچوون...

(وەر)  وەرگرتن، وەرگێڕان، وەرگەڕان، وەردان، وەرچەرخان، وەرگەڕاندن...

(ڕێ)  ڕێخستن...

(پێ)  پێزانین، پێکەنین، پێناسین، پێگەیشتن، پێکەوتن...

(تێ)  تێکردن، تێگرتن، تێخستن، تێکەوتن، تێگەیشتن...

(لێ)  لێپرسین، لێبڕین، لێستاندن، لێکەوتن، لێدان، لێنان، لێخوڕین...

(وێ)  وێکەوتن، وێچوون...

پێشگری نادسادە 2 جۆرە:

ئەوانەی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێشگری سادەی ( پێ، تێ، لێ لەگەڵ پاشبەند☚ دا، ڕا، وە) دروست بوون. وەک:

 پێ + دا = (پێدا)

(پێداهاتن، پێدابردن، پێداخستن، پێداچوون)

 پێ + وە = (پێوە)

(پێوەبوون، پێوەچوون...)

- تێ + دا = (تێدا)

(تێداچوون، تێدامان، تێدابوون، تێداکردن...)

- تێ + وە = (تێوە)

(تێوەچوون، تێوەگلان...)

- پێ + ڕا = (پێڕا)

(پێڕاهاتن، پێڕاگەیشتن، پێڕاچوون...)

- تێ + ڕا = (تێڕا)

(تێڕابردن، تێڕاکردن، تێڕاچوون...)

- لێ + ڕا = (لێڕا)

(لێڕابردن، لێڕاهاتن...)

هەروەها (پێک، تێک، لێک، وێک، ڕێک)یش، پێشگری نادەسان.

- (پێک)

پێکهاتن، پێکهێنان

- (تێک)

تێکشکان، تێکچوون...

- (لێک)

لێکبوون، لێکدان...

- (وێک)

وێککەوتن، وێکخستن...)

- (ڕێک)

ڕێکخستن، ڕێکبوون...)

***

- ڕێگاکانی دروستکردنی چاوگی داڕێژراو:

چاوگی داڕێژراو، بەم 3 ڕێسایە دروست دەبێت.

1. پێشگر + چاوگی سادە

دا + خستن = داخستن

ڕا + کێشان = ڕاکێشان

ڕۆ + چوون = ڕۆچوون

هەڵ + بوون = هەڵبوون

2. چاوگی سادە + پاشگر

خوێندن + ەوە = خوێندنەوە

نووسین + ەوە = نووسینەوە

برژان + اندن = برژاندن

شکان + اندن = شکاندن

لەرزین + اندن = لەرزاندن

3. پێشگر + چاوگی سادە + پاشگر

هەڵ + فڕین + ەوە = هەڵفڕینەوە

تێ + کردن + ەوە = تێکردنەوە

دا + شکان + اندن = داشکاندن

وەر + گەڕان + اندن = وەرگەڕاندن

 تێبینی

ئەو پێشگرانەی دەچنە سەر چاوگێکی سادە، (دیمەن و واتایان) دەگۆڕن. واتە:

1. لە ڕووی پێکهاتنەوە دەبنە داڕێژراو.

2. لە ڕووی واتاشەوە، گۆڕانێک دروست دەبێت. بۆ نموونە:

- چاوگی سادەی (دان)  واتە: (بەخشینی شتێک بە کەسێک). بەڵام چاوگی داڕێژراوی (دادان)  واتە: (تیژکردنی سەری دار و قەڵەم، چوونەخوارەوە و لێچوونی شتی شل.

نموونە لە ڕستەدا  "کووپەکە ڕۆن دادەدا."

 چاوگی سادەی (کردن)، واتە: (بەجێهێنانی کارێک)، بەڵام

 چاوگی داڕێژراوی (هەڵکردن) واتە:

بەرزکردنەوەی ئاڵا یان داگیرساندنی چرا.

 چاوگی سادەی (گەڕان)، واتای (هاتوچۆکردن) دەدات. بەڵام کە پێشگری (لێ)ی پێوە دەلکێت، (لێگەڕان) دروست دەبێت و واتای (وازهێنان) دەدات.
***

 تێبینییەکی گرنگ:

⚠ نیشانەکانی ناسراوی (ەکە) و نەناسراوی (ێ، ێک، ەک) و کۆ (ان)، چاوگی سادە ناکەنە چاوگی داڕێژراو. بۆ نموونە 👈 "نووسینەکان"

 نووسینەکان کاریگەرن. (نووسینەکان  نیشانەی کۆی پێوەیە بەڵام هەر چاوگی سادەیە.)

نموونەی تر 👈 "مردنەکە"

 مردنەکەی دایکم، بووە مایەی خەم و پەژارەی ئێمە.

(مردنەکە  چاوگی مردن، نیشانەی ناسراوی (ەکە)ی پێوەیە بەڵام هەر چاوگی سادەیە.)

نموونەی تر 👈 "هاتنێک"

 ئەوە چۆن هاتنێک بوو؟

(هاتنێک  چاوگی هاتن، نیشانەی نەناسراویی (ێک)ی پێوەیە بەڵام هەر چاوگی سادەیە.)
***

 لە زمانی کوردیدا 2️⃣ پاشگر هەن، کە دەچنە سەر چاوگی سادە و چاوگی داڕێژراو دروست دەکەن:

1️⃣. پاشگری (ەوە)

2️⃣. پاشگری (اندن)

 پاشگری (ەوە):

خواردن + (ەوە 👈 خواردنـەوە

گەڕان + (ەوە 👈 گەڕانـەوە

ئەم پاشگرە، دەورێکی گەورە و گرنگ دەبینێت و گەلێک واتا دەگەیەنێت و وشەی نوێ پێک دێنێت.

 واتا سەرەکییەکانی پاشگری (ەوە):

(دووبارەبوونەوە - گۆڕینی واتای وشە، گەڕانەوە، گۆڕینی مەفهوومی وشە)

1️⃣. دووبارەبوونەوە:

نووستن + ەوە 👈 نووستنەوە

2. گۆڕینی واتای وشە:

بەربوون +   ەوە☚ بەربوونەوە

لێکدان +   ەوە☚ لێکدانەوە

(بەربوون واتە: بەرەڵابوون بەڵام بەربوونەوە واتە: کەوتنەخوارەوە.)

(لێکدان واتە: لەیەکتریدانی دوو شت یان تێکەڵکردنی دوو شت بەیەکا بەڵام لێکدانەوە واتە بیرکردنەوە.)

3. گەڕانەوە

ڕۆیشتن +   ەوە☚ ڕۆیشتنەوە

چوون +   ەوە☚ چوونەوە

(کاتێک پاشگری "ەوە" دەچێتە سەر "ڕۆیشتن" و "چوون" دەبنە "ڕۆیشتنەوە" و "چوونەوە" و واتای (گەڕانەوە بۆ هەمان شوێن بەدی دەکرێت.)

4. گۆڕینی مەفهوومی وشە:

کردن +   ەوە☚ کردنەوە

خواردن +   ەوە☚ خواردنەوە

بۆ نموونە:

کردن☚ بەجێهێنانی کارێک.

کردنەوە☚ (باز کردن)

خواردن☚ جاوین و وردکردن و قووتدانی شت، (خوردن).

خواردنەوە☚نۆشین، (آشامیدن)

▫ پاشگری (اندن)

دەوری هەرە سەرەکیی ئەم پاشگرە ئەوەیە کە چاوگی تێنەپەڕ دەگۆڕێت بۆ تێپەڕ. بە واتایەکی تر پاشگری (اندن) بخرێتە سەر چاوگی تێنەپەڕ، دەیکاتە تێپەڕ. ئەم پاشگرە (ند، اند، دن) نییە، ✗ بەڵکوو (اندن)ە. ☑

بۆ نموونە:

شکان (تێنەپەڕ) +   اندن☚ شکاندن (تێپەڕ)

تەزین (تێنەپەڕ) +   اندن☚ تەزاندن (تێپەڕ)

مردن (تێنەپەڕ) + اند☚ مراندن (تێپەڕ)

سووتان (تێنەپەڕ) + اند☚ سووتاندن (تێپەڕ)

***

□ پێناسەی چاوگی لێکدراو:

ئەو چاوگەیە کە لە (چاوگێکی سادە یان داڕێژراو)، لەگەڵ (وشەیەکی واتادار یان زیاتر) پێک دێت.
یان چاوگی لێکدراو (چاوگێکە کە لە دوو وشە یان زیاتر پێک دێت بە مەرجێک وشەیەکیان "چاوگ" بێت.) وەک:

(خۆشویستن، یارمەتیدان، جوانکردن، لەبیرکردن، لەناوبردن، سەرکەوتن، لەخۆچوون، بەهێزکردن، دەستبڕین...)

***

□ ڕێگاکانی دروستکردنی (چاوگی لێکدراو):

1. ناوی سادە + چاوگی سادە

یارمەتی + دان = یارمەتیدان

دەست + گرتن = دەستگرتن

دەست + کەوتن = دەستکەوتن

شەڕ + کردن = شەڕکردن

2. ناوی داڕێژراو + چاوگی سادە

گەرما + بوون = گەرمابوون

ڕێگا + گرتن = ڕێگاگرتن

بەخێو + کردن = بەخێوکردن

3. ناوی لێکدراو + چاوگی سادە

ماستاو + خواردن = ماستاوخواردن

چڵکاو + خواردن = چڵکاوخواردن

ماڵاویی + کردن = ماڵاواییکردن

4. ناوی سادە + چاوگی داڕێژراو

دەست + هەڵگرتن = دەستهەڵگرتن

دەست + هەڵبڕین = دەستهەڵبڕین

سەر + هەڵبڕین = سەرهەڵبڕین

چاو + پێکەوتن = چاوپێکەوتن

5. ناوی داڕێژراو + چاوگی داڕێژراو

جێگە + کردنەوە = جێگەکردنەوە

بەبیر + هاتنەوە = بەبیرهاتنەوە

6. هاوەڵناوی سادە + چاوگی سادە

بڵند + کردن = بڵندکردن

خۆش + کردن = خۆشکردن

گەورە + کردن = گەورەکردن

گەرم + بوون = گەرمبوون

7. هاوەڵناوی داڕێژراو + چاوگی سادە

بەهێز + کردن = بەهێزکردن

نەخۆش + کەوتن = نەخۆشکەوتن

بەئاگا + هاتن = بەئاگاهاتن

8. هاوەڵناوی لێکدراو + چاوگی سادە

دڵخۆش + کردن = دڵخۆشکردن

دڵشاد + بوون = دڵشادبوون

ڕووڕەش + کردن = ڕووڕەشکردن

9. هاوەڵناوی سادە + چاوگی داڕێژراو

نوێ + کردنەوە = نوێکردنەوە

تیژ + کردنەوە = تیژکردنەوە

ڕاست + کردنەوە = ڕاستکردنەوە

چاک + بوونەوە = چاکبوونەوە

□. هاوەڵناوی داڕێژراو + چاوگی داڕێژراو

بەهێز + بوونەوە = بەهێزبوونەوە

11. هاوەڵناوی لێکدراو+ چاوگی داڕێژراو

دڵسارد + کردنەوە = دڵساردکردنەوە

دڵخۆش + کردنەوە = دڵخۆشکردنەوە

12. هاوەڵکاری سادە + چاوگی سادە

دەر + کردن = دەرکردن

پێش + خستن = پێشخستن

دوا + کەوتن = دواکەوتن

13. هاوەڵکاری داڕێژراو + چاوگی سادە

لەناو + چوون = لەناوچوون

لەناو + بردن = لەناوبردن

14. دووبارەکردنەوەی ناو + چاوگی سادە

کونکون + کردن = کونکونکردن

کونکون + بوون = کونکونبوون

15. دووبارەکردنەوەی هاوەڵناو + چاوگی سادە

وردورد + کردن = وردوردکردن

وردورد + بوون = وردوردبوون

16. وشەیەک مانای سەربەخۆی نەبێت + چاوگی سادە

واز + هێنان = وازهێنان

نقووم + بوون = نقوومبوون

17. ئامرازی سەرسوڕمان + چاوگی سادە

داخ + خواردن = داخخواردن

ئاخ + خواردن = ئاخخواردن

18. ئامرازی سەرسوڕمان + چاوگی داڕێژراو

ئاخ + هەڵکێشان = ئاخهەڵکێشان

19. پارتیکلی خۆزگە + چاوگی سادە

خۆزگە + خواردن = خۆزگەخواردن

خۆزگە + خواستن = خۆزگەخواستن

خۆزگە + بردن = خۆزگەبردن

 تێبینی

هەندێ لەو وشانەی کە لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، واتای سەربەخۆیان نییە، دەتوانن لە پێکهێنانی (چاوگی لێکدراو) بەشدار بن. وەک:

(تووش، فڕێ، بەخێو، نقوم، تووڕ، پەک، واز، هان...)

تووش + بوون = (تووشبوون)

فڕێ + دان = (فڕێدان)

بەخێو + کردن = (بەخێوکردن)

نقووم + بوون = (نقوومبوون)

تووڕ + هەڵدان = (تووڕهەڵدان)

پەک + کەوتن = (پەککەوتن)

واز + هێنان = (وازهێنان)

هان + دان = (هاندان)

***

ئەگەر چاوگی (کردن) لە ڕووی پێکهاتنەوە، بە سادە، داڕێژراو و لێکدراو دابەش بکەین، بەم شێوەیە دەبێت:

-  سادە (کردن)

-  داڕێژراو (هەڵکردن  هەڵ + کردن
(کردنەوە  کردن + ەوە

-  لێکدراو (جوانکردن  جوان + کردن

***

 تێبینی

چاوگی سادەی (کردن - بوون)، لە پێکهێنانی چاوگی "لێکدراو" دەورێکی گەورە دەبینن. وەک:

• چاوگی کردن: (گاڵتەکردن، شەڕکردن، بڵاوکردن، گەرمکردن، ماچکردن...)

• چاوگی "بوون"، لەگەڵ "ناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار و ژمارەدا ڕێک دەکەوێت، بەڵام زیاتر لەگەڵ "هاوەڵناو" دەگونجێت. وەک: (گەرمابوون، سەرمابوون، ڕەشبوون، زلبوون، تێربوون، هەژاربوون، دەربوون، یەکبوون...)

***

بەکارهێنانی چاوگ وەکوو ناو

***

• بەکارهێنانی چاوگ وەکوو ناو

ناو، لە ڕستەدا کۆمەڵێک ئەرک و تایبەتمەندیی هەیە کە (چاوگ) هەمووی وەردەگرێت واتە: (چاوگ)، هەمان ئەرک و تایبەتمەندییەکانی ناو، لە ڕستەدا دەبینێت.

• چاوگ، 5 تایبەتمەندی و 7 ئەرکی ناو دەبینێت.

• (تایبەتمەندییەکانی چاوگ):

1. تاکی ناسراو
2. کۆی ناسراو
3. تەواو دەکرێت بە ناو
4. تەواو دەکرێت بە جێناو
5. تەواو دەکرێت بە هاوەڵناو

• (ئەرکەکانی چاوگ):

1. بکەر
2. نیهاد
3. بەرکار
4. دیارخەری ناو
5. تەواوکەری بەیاریدە
6. تەواوکەری کاری ناتەواو
7. جێگری بکەر

 تێبینی

چاوگ، هەموو ئەرکەکان و تایبەتییەکانی ناو لە ڕستەدا وەردەگرێت و جێبەجێی دەکات، لەبەر ئەوە، چاوگ وەکوو ناوە.

***

 (چاوگ) دەتوانێت (تایبەتمەندییەکانی ناو) وەربگرێت:

1. (تاکی ناسراو)

کاتێک نیشانەی ناسراوی (ەکە) لە دوای چاوگ بێت، چاوگەکە دەبێتە تاکی ناسراو. وەک:

 نووسین + ەکە = نووسینەکە

(نووسینەکە بەسوودە.)

2. (کۆی ناسراو)

چاوگ دەکرێت بە کۆی ناسراو بەهۆی ئامرازی کۆ (ان) کە دەخرێتە دوای ئامرازی پێناسین (ەکە [ەکان]. وەک:

 نووسین + ەکە + ان = نووسینەکان

(نووسینەکانم هێناوە).

3. (تەواو دەکرێت بە ناو، واتە: لە دوای چاوگەکە ناو دێت).

 نووسینی ئیدریس کاریگەر بوو.

 نووسینی هێمنم خوێندەوە.

4. (تەواو دەکرێت بە جێناو، واتە: لە دوای چاوگەکە، جێناو دێت).

 نووسینی ئێوەم خوێندەوە.

 هاتنی ئەوان بۆ ئێرە باش بوو.

5. (تەواو دەکرێت بە هاوەڵناو، واتە: لە دوای چاوگەکە، هاوەڵناو دێت).

 نووسینی جوانم خوێندەوە.

 نووسینی باش دڵخۆشکەرە.

***

 (چاوگ) دەتوانێت هەموو (ئەرکەکانی ناو) ببینێت:

1. (بکەر):

چاوگ دەتوانێت ببێتە بکەر. بکەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کار، واتە: ئەنجامدەری کارەکەیە. بە مەرجێک کاری ڕستەکە کارێکی (تەواو) بێت.

 خوێندن، وڵات پێش دەخات.

(خوێندن بکەرە.)

 ڕاکردن جەستەمان بەهێز دەکات.

(ڕاکردن: بکەرە.)

 گەشتکردن چاوی مرۆڤ دەکاتەوە.

(گەشتکردن: بکەرە.)

2. (نیهاد):

چاوگ دەتوانێت ببێتە نیهاد. هەر کاتێک کاری ڕستەکە، کاری ناتەواوی "ە، بوو، دەبێت" بوو، یان وەسفێکی دراوە پاڵ، ئەو کاتە ئەرکی چاوگەکە دەبێتە نیهاد.

 خوێندن بەسوودە.

(خوێندن نیهادە.)

 بژارکردن بۆ کشتوکاڵ بەسوودە.

(بژارکردن: نیهادە.)

3. (بەرکار):

چاوگ دەتوانێت ببێتە بەرکار. هەر کاتێک چاوگ، لە ڕستەدا، بەر ئەنجامی کارەکە بکەوێت، ئەرکەکەی دەبێتە بەرکار. پێویستە لەو کاتەدا، کاری ڕستەکەمان لە ڕووی هێزەوە، کارێکی تێپەڕ بێت.

 ئەوان خوێندنیان تەواو کرد.

ئەوان چییان تەواو کرد؟ (خوێندن).

کەواتە (خوێندن ☛ بەرکارە.

4. (دیارخەری ناو):

چاوگ دەتوانێت ببێتە دیارخەری ناو. هەر کاتێک چاوگ، لە دوای ئامرازی دانەپاڵی (ی) هات، ئەو کاتە دەبێتە دیارخەری ناو.

 بەرهەمی ڕاپەڕین دیارە.
(ڕاپەڕین: دیارخەری ناوە.)
5. (تەواوکەری بەیاریدە):
چاوگ دەتوانێت ببێتە تەواوکەری بەیاریدە. هەر کاتێک چاوگ لە دوای ئامرازی (بە، لە، بۆ) هات، دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە.
 بە خوێندن سەر دەکەوین.
(خوێندن: تەواوکەری بەیاریدەیە.)
 وڵات بە خوێندن پێش دەکەوێت.
(خوێندن: تەواوکەری بەیاریدەیە.)
 ئەوان مەلە دەکەن، بەڵام ئێمە بۆ فێربوون هاتووین.
(فێربوون: تەواوکەری بەیاریدەیە.)
6. (تەواوکەری کاری ناتەواو):
چاوگ دەتوانێت ببێتە تەواوکەری کاری ناتەواو. هەر کاتێک چاوگ، (لە پێش کاری ناتەواوی "ە، بوو، دەبێت") هات، دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.
 ئامانجمان خوێندنە.
(خوێندن: تەواوکەری کاری ناتەواوە.)
 کاری فێرخواز خوێندنە.
(خوێندن: تەواوکەری کاری ناتەواوە.)
 سەرکەوتن بەرهەمی تێکۆشانە.
(تێکۆشان: تەواوکەری کاری ناتەواوە.)
7. (جێگری بکەر):
چاوگ دەتوانێت ببێتە جێگری بکەر.
وشەیەکە لە ڕستەدا، ئەرک و شوێنی دەگۆڕێت لە "بەرکار"ەوە بۆ "جێگری بکەر" و دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی بکەرنادیار.
ئەو خوێندنی تەواو کرد. (بکەردیار)

 خوێندن تەواو کرا. (بکەرنادیار)

(خوێندن: جێگری بکەرە.)

 خوێندن دواخرا. (بکەرنادیار)

(خوێندن: جێگری بکەرە.)

***

(گۆڕینی چاوگی تێنەپەڕ بۆ چاوگی تێپەڕ):

پاشگری (اندن) بخرێتە سەر چاوگی تێنەپەڕ، دەیکاتە تێپەڕ. ئەم پاشگرە (ند، اند، دن) نییە، بەڵکوو (اندن)ە. ☑

بۆ نموونە:

 شکان (تێنەپەڕ) + اند☚ شکاندن (تێپەڕ)

شووشەکە شکا. (تێنپەڕ)

ئەو شووشەکەی شکاند. (تێپەڕ)

 تەزین (تێنەپەڕ) + اند☚ تەزاندن (تێپەڕ)

دڵم تەزی. (تێنەپەڕ)

ئەو دڵمی تەزاند. (تێپەڕ)

***

 بە چ شێوەیەک چاوگی تێنەپەڕ بگۆڕین بۆ چاوگی تێپەڕ؟

لە چاوگەکانی (ان، ین، دن، تن)،

نیشانەکانی چاوگ (ان، ین، دن، تن) لەسەر چاوگەکە لادەدەین و پاشان پاشگری (اندن) دەخەینە سەر بناغەی چاوگەکە. بۆ نموونە:

- گەڕان (نیشانەی چاوگەکە "ان" دەسڕینەوە چ دەمێنێتەوە؟ (گەڕ)

پاشان پاشگری (اندن)ی پێ زیاد دەکەین دەبێتە: (گەڕاندن).

گەڕان (تێنەپەڕ ☚ گەڕاندن (تێپەڕ)

لە نموونەکانی خوارەوە، چاوگی تێنەپەڕی (ان، ین، دن، تن) دەگۆڕین بۆ چاوگی تێپەڕ:
☟ ☟ ☟ ☟ ☟ ☟ ☟ ☟ ☟ ☟ ☟ ☟

 شکان - ان = (شک ☚ + اندن = شکاندن

شووشەکە شکا. (تێنەپەڕ)

کاروان شووشەکەی شکاند. (تێپەڕ)

 ترسان - ان = (ترس ☚ + اندن = ترساندن

مرۆڤەکە ترسا. (تێنەپەڕ)

مرۆڤەکەیان ترساند. (تێپەڕ)

 بەزین - ین = (بەز ☚ + اندن = بەزاندن

لەشکری دوژمن بەزی. (تێنەپەڕ)

لەشکری دوژمنیان بەزاند. (تێپەڕ)

 پەڕین - ین = (پەڕ ☚ + اندن = پەڕاندن

گەنجەکە پەڕی. (تێنەپەڕ)

مین قاچی گەنجەکەی پەڕاند. (تێپەڕ)

 مردن - دن = (مر ☚ + اندن = مراندن

ڕێوییەکە مرد. (تێنەپەڕ)

ڕێوییەکە خۆی مراند. (تێپەڕ)

 خەوتن - تن = (خەو ☚ + اندن = خەواندن

منداڵەکە خەوت. (تێنەپەڕ)

ئەو منداڵەکەی خەواند. (تێپەڕ)

***

 تێبینی/

ئەگەر چاوگێکی تێنەپەڕ بە (وون) کۆتایی پێ بێت و بمانەوێت بیکەینە تێپەڕ، سەرەتا (ن) لادەبەین و بزوێنی (وو)ی پێشی دەبێتە (و w) پاشان پاشگری (اندن)ی پێ زیاد دەکەین.

 چووون☚ چوو☚ چو + اندن= (چواندن)

هەڵبەت چاوگی تێنەپەڕی چوون، بەرانبەریشی هەیە لە تێپەڕ☚ "بردن".

چووون☚ چواندن/ بردن

ئەو چوو. (تێنەپەڕ)
ئەویان چواند/ برد. (تێپەڕ)
***

 تێبینی/
ئەگەر چاوگێکی تێنەپەڕ بە (تن) کۆتایی پێ بێت، سەرەتا نیشانەی چاوگەکە (تن) دەسڕینەوە هەروەها ئەگەر دەنگی پێش (تن)، "س" یان "ش" بێت،
ئەوە (س) و (ش) تێ دەچن، پاشان پاشگری (اندن)ی پێ زیاد دەکەین دەبێتە تێپەڕ.
 نووستن + اند (نوواندن)
 گەیشتن + اند (گەیاندن)
***

 تێبینی/
هەندێ چاوگی تێنەپەڕ هەن کە بە یارمەتیی پاشگری (اندن) لە دەنگە سروشتییەکان دروست کراون وەک (نالاندن، بۆڕاندن، باڕاندن، قیژاندن، نووزاندن...) کە هەر بەو جۆرەی دەیانبینن پاشگری (اندن)یان وەرگرتووە بەڵام هێشتا تێنەپەڕن.

 ئەم چاوگانە چۆن بکەینە تێپەڕ؟
☑ وەڵام: بە یارمەتیی کاری یاریدەدەری (هێنایە) - (دەهێنێتە) کە دەخرێتە پێش چاوگی تێنەپەڕ، دەکرێن بە تێپەڕ. وەک:

 ناڵە + اندن (چاوگی تێنەپەڕی ناڵاندن)
هێنایە + ناڵاندن = هێنایە ناڵاندن (تێپەڕ)
نەخۆشەکە ناڵاندی. (تێنەپەڕ)
نەخۆشەکەی هێنایە ناڵاندن. (تێپەڕ)
نەخۆشەکە دەهێنێتە ناڵاندن. (تێپەڕ)

 باڕە + اندن = (چاوگی تێنەپەڕی باڕاندن)
هێنایە + باڕاندن = هێنایە باڕاندن (تێپەڕ)
بەرخەکە باڕاندی. (تێنەپەڕ)
بەرخەکەی هێنایە باڕاندن. (تێپەڕ)
بەرخەکە دەهێنێتە باڕاندن. (تێپەڕ)

□ بۆڕە + اندن = (چاوگی تێنەپەڕی بۆڕاندن)

هێنایە + بۆڕاندن = هێنایە بۆڕاندن (تێپەڕ)

گایەکە بۆڕاندی. (تێنەپەڕ)

گایەکەی هێنایە بۆڕاندن. (تێپەڕ)

گایەکە دەهێنێتە بۆڕاندن. (تێپەڕ)

□ قیژە + اندن = (چاوگی تێنەپەڕی قیژاندن)

هێنایە/ دەهێنێتە + قیژاندن = هێنایە قیژاندن/ دەهێنێتە قیژاندن (تێپەڕ)

منداڵەکە قیژاندی. (تێنەپەڕ)

منداڵەکەی هێنایە قیژاندن. (تێپەڕ)

منداڵەکە دەهێنێتە قیژاندن. (تێپەڕ)

***

**تێبینییەکی زۆر گرنگ**

هەندێ چاوگی تێنەپەڕ هەن کە پاشگری (اندن) وەرناگرن، بەڵکوو بەرانبەریان تێپەڕ هەیە. وەک:

□ هاتن (تێنەپەڕ ☚ هێنان (تێپەڕ) ☑

کەس ناڵێت: (هاتاندن/ هاندن) ✖

کچەکە هات. (تێنەپەڕ)

کچەکەیان هێنا. (تێپەڕ) ☑

کچەکەیان هاتاند/ هاند! ✖✖✖✖

□ بوون (تێنەپەڕ ☚ کردن (تێپەڕ)

کەس ناڵێت: (بواندن) ✖

کارەکە بوو. (تێنەپەڕ)

ئەو کارەکەی کرد. (تێپەڕ) ☑

ئەو کارەکەی بواند. ✖✖✖✖✖

□ ڕۆیشتن (تێنەپەڕ ☚ ناردن (تێپەڕ)

کەس ناڵێت: ڕۆیشاندن/ ڕۆیشتاندن ✖

ئەو ڕۆیشت. (تێنەپەڕ).

ئەویان نارد. (تێپەڕ)

 مان (تێنەپەڕ  هێشتن، هێڵان (تێپەڕ)
***

 تێبینی

هەندێ چاوگ هەن کە هەر تێنەپەڕن و بەرانبەریان تێپەڕ نییە و پاشگری (اندن) وەرناگرن. وەک:

 زان (تێنەپەڕ)

 پشکووتن (تێنەپەڕ)

 نیشتن (تێنەپەڕ)
****

***

# ٦. کار

**٦) کار**

1.منداڵەکە **گریا**.

2.دانا کۆمپیوتەرەکەی **فرۆشت**.

3.ئازاد وانەکەی **خوێند**.

4.سەیران **چوو** بۆ بازاڕ.

5.چرۆ ملوانکەیەکی **کڕی**.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی لای سەرەوە دەبینین

١. لە ڕستەی  (منداڵەکە گریا)دا وشەی (گریا) کارە و لە کاتی ڕابوردوودا ڕووی داوە و لە چاوگی گریان وەرگیراوە.

٢. لە ڕستەی  (دانا کۆمپیوتەرەکەی فرۆشت)دا، وشەی (فرۆشت) کارە و لە کاتی ڕابوردوودا ڕوویداوە و لە چاوگی فرۆشتن وەرگیراوە.

٣. له ڕستەی  (ئازاد وانەکەی خوێند) وشەی (خوێند) کارە و لە کاتی ڕابردوودا ڕوویداوە و لە چاوگی خوێندن وەرگیراوە.

٤. له ڕستەی  (سەیران چوو بۆ بازاڕ) وشەی (چوو) کارە و لە کاتی ڕابردوو ڕووی داوە و لە چاوگی چوون وەرگیراوە.

٥. له ڕستەی  (چرۆ ملوانکەیەکی کڕی)، وشەی (کڕی) کارە و لە کاتی ڕابردوودا ڕوویداوە و لە چاوگی کڕین وەرگیراوە.

 پێناسە:

کار:  وشەیەکە کردەوەیەک دەداتە پاڵ کەسێک یان شتێک لە تافێکی دیاریکراودا.

***

# ٧. ناو

**٧) ناو:**

1. شێرکۆ نوست.
2. بەرخەکەم فرۆشت.
3. هەنارەکەم خوارد.
4. من لە کەلار بووم.
5. دەرگای ژوورەکەم داخست.

 ڕاڤە :

ئەگەر بڕوانینە ڕستەکانی سەرەوە، دەبینین: (شێرکۆ، بەرخەکەم، هەنارەکەم، کەلار، دەرگا) هەموویان ناون.

 لە ڕستەی (شێرکۆ نوست)دا، وشەی (شێرکۆ) پێی دەگوترێت (ناو)، چونکە بۆ ناولێنانی (کەسێک) بەکار هاتووە.

 له ڕستەی (بەرخەکەم فرۆشت)دا وشەی (بەرخەکە) پێی دەگوترێت (ناو)، چونکە بۆ ناولێنانی (گیانلەبەرێک) بەکار هێنراوە.

 له ڕستەی (هەنارەکەم خوارد)دا وشەی (هەنارەکە) پێی دەگوترێت (ناو)، چونکە بۆ ناولێنانی (ڕووەکێک) بەکار هێنراوە.

 له ڕستەی (من له کەلار بووم)دا وشەی (کەلار) پێی دەگوترێت (ناو)، چونکە بۆ ناولێنانی (شوێنێک) بەکار هێنراوە.

 له ڕستەی (دەرگای ژوورەکەم داخست)دا، وشەی (دەرگا) پێی دەگوترێت (ناو) چوونکە بۆ ناولێنانی (شتێکی) بێ گیان بەکار هێنراوە.

 پێناسەی ناو:

ناو: بۆ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی ئەو مەبەستەیە که ناوی بۆ داتاشراوە.

 ناو: وشەیەکە بۆ ناولێنانی (کەسێک، گیانلەبەرێک، ڕوەکێک، جێیەک یان شتێک) بەکار دەهێنرێت. وەک: (شێرکۆ، بەرخ، هەنار، کەلار، پێنووس).

 ناو بۆ 5 مەبەست بەکار دێت:

1) ناوی شت  ئۆتۆمبێلەکە ڕۆیشت.

2) ناوی مرۆڤ  نەوزاد هات.

3) ناوی شوێن  من له باخچەکە بووم.

4) ناوی گیانلەبەر  ئەو مەڕەکەی کڕی.

5) ناوی ڕووەک  پرتقاڵەکەم خوارد.

***

 نیشانەکانی نێر و مێ بۆ دۆخی بانگکردن

له زاری کوردیی ناوەڕاستدا، ئەم نیشانانه دەخرێنه سەر ناو، بۆ جوداکردنەوەی ناوی نێر و مێ له دۆخی (بانگکردندا)، که بریتین له:

□ (ە) □ بۆ (نێر) بەکار دێت، وەک:

کوڕ + ە = (کوڕە)

□ (ێ) □ بۆ (مێ) بەکار دێت، وەک:

کچ + ێ = (کچێ)

□ (ینە) □ بۆ ناوی (کۆی نێر و مێ)، بەکار دێت، وەک:

کوڕ/ کچ + ینە = (کوڕینە، کچینە)

***

□ شرۆڤەی نیشانەکانی نێر و مێ لە دۆخی بانگکردندا:

1️⃣. کوڕە، ئەم کارە مەکە.

2️⃣. کچێ، وانەکانت چاک بخوێنە.

ئەگەر چاو لەم دوو ڕستەیە بکەین، دەبینین لە ڕستەی 1️⃣ پەیڤی "کوڕ" لە دۆخی بانگکردندا، نیشانەی (ە)ی خراوەتە سەر و بووە بە (کوڕە).

لە ڕستەی 2️⃣، وشەی (کچ)یش، هەر لەم دۆخەدا، (ێ)ی پێوە نووساوە و بووە بە (کچێ).

ئەم دوو نیشانەیە □ (ە) - (ێ)، لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا، بۆ دۆخی (بانگکردن) بەکار دێن.

□ ئەگەر ناوە بانگکراوەکە (کۆ) بوو، نیشانەکە بۆ هەردوو ڕەگەز دەبێتە: □ (ینە). وەکوو ئەم ڕستەیە:

□ کوڕینە/ کچینە، ئەم کارە مەکەن.

***

□ تێبینییەکی گرنگ:

لە دۆخی بانگکردندا، ئەگەر ناو، کۆتایی بە (بزوێن) بێت، ئەوە نیشانە وەرناگرێت.

نموونە:

ئەی مەلا، تۆبی خودا لەم فیکرە کۆنە لابدە

باسی قەبر و مار بگۆڕە، بێرە سەر باسی وەتەن

□ بێکەس □

لێرەدا وشەی مەلا لە دۆخی بانگکردندایە و کۆتایی بە بزوێنی (ا) هاتووە و نیشانەی (ە)، تێداچووە.

کەواتە چونکە مەلا، بە پیتی بزوێنی (ا) کۆتایی هاتووە، لە دۆخی بانگکردندا نالێین ئەی مەلاە ✖

نموونەیەکی تر:

□ بووکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ.

وشەی (خەسوو) ناوی جنسی (مێ)یە و لە دۆخی بانگکردندایە و چونکە بە پیتی بزوێنی (وو) کۆتایی پێ هاتووە، نیشانەی (ێ)ی پێوە نالکێت کەواتە نالێین □ خەسووێ گوێت لێ بێ. ✖✖

***

● تێبینی:

لێرەدا سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە لە هەندێ لە ناوچەکان، (ە)ی نیشانەی بانگهێشتن، بەزۆری بێ‌جیاوازی بۆ هەردوو جنس بەکار دێت. بۆ نموونە:

☑ پوورە/ پوورێ، بۆ کوێ دەچیت؟

☑ خوشکە/ خوشکێ، وەرە بخوێنە.

بەڵام بەپێی ڕێسای زمانی کوردی، بۆ زاری کوردیی ناوەڕاست، لە دۆخی بانگکردندا،

 (ە)  بۆ نێر بەکار دێت. (بابە، مامە، کوڕە ...)

 (ێ)  بۆ مێ بەکار دێت. (پوورێ، کچێ ... )

***

 تێبینی

ناو لە دۆخی بانگکردن لە ڕستەدا:

لە دۆخی بانگکردندا، ناو، زیاتر لەگەڵ کاری داخوازی یان ڕستەی پرسیاری یان لە دوای ئامرازی بانگکردنی (ئەی) دێت.

 کچێ، دانیشە. (داخوازی)

 کچێ، بۆ وانەکەت ناخوێنی؟ (پرسیاری)

ئەی کچێ، وەرە بۆ فێرگە. (پاش ئامرازی بانگکردنی ئەی)

***

## ناوی بچووککراو (اسم تصغیر)

 ناوی بچووککراو:

ناوێکە کە بچووکی/ وردیی شتێک پیشان دەدات.

 ناوی بچووککراو بۆ 3 مەبەست دێتە دەربڕین یان نووسین:

1. ناوەکە خۆی لە بنەڕەتدا بچووکە، وەک: (ڕێچکە)

2. بۆ نازهەڵگرتن و خۆشویستن، وەک: (خەپۆکە، شەکرۆکە)

3. بۆ تێکشکاندنی بەها و نرخی کەسێک یان شتێک، وەک: (منداڵۆچکە)

 کۆمەڵێک پاشگرمان هەیە کە لە بنەڕەتدا لە پیتەکانی وشەی (چکۆڵە) "چـ - ک - ۆ - ڵ - ە" دروست کراون، دەچنە سەر ناو و ناوەکە بە بچووکی نیشان ئەدەن.

ئەو ناوانەی کە بمانەوێت لە گەورەکانیان جودایان بکەینەوە، بەهۆی ئەم پاشگرانەی خوارەوە، بچووکیان دەکەینەوە.

ئەو پاشگرانەی کە ئەم ناوانە بچووک دەکەنەوە، بریتین لەم پیتانەی کە لە پەیڤی (چکۆڵە)دا

دەبینرێن، "چ - ک - ۆ - ڵ - ە".

بۆ بچووککردنەوەی ناوێک، پیتێک یان زیاتری وشەی (چکۆڵە) لەگەڵ بزوێنێک کە لەگەڵیدا بگونجێت، بەکار دەهێنین. جارجاریش بزوێنەکان بەپێی پەیڤە تازەکە دەگۆڕێن.

==============================

 هەندێک لەو پاشگرانەی کە ناوەکە بچووک دەکەنەوە بریتین لە: (ۆکە، ڵە، ۆڵە، یلە، وولە، وولکە، چە، چکە، ۆچکە، ۆڵکە، ۆک، ۆشک، لە، یلکە...)

 ۆکە  کەپر + ۆکە = کەپرۆکە

 ڵە  گۆزە + ڵە = گۆزەڵە

 ۆڵە  کیژ + ۆڵە = کیژۆڵە

 ۆڵ  کرم + ۆڵ = کرمۆڵ

 یلە  کار + یلە = کاریلە

● وولە  مێش + وولە = مێشوولە

○ وولکە  جام + وولکە = جاموولکە

 چە  دەریا + چە = دەریاچە

 چکە  ڕێ + چکە = ڕێچکە

 ۆچکە  منداڵ + ۆچکە = منداڵۆچکە

 ۆڵکە  گرد + ۆڵکە = گردۆڵکە

 ۆک  گوند + ۆک = گوندۆک

○ لە  برا + لە = برالە

 یلکە  جام + یلکە = جامیلکە

==============================

○ تێبینی

هەندێ جار لە ناوی بچووککراو پیتی (چ)ی (چکۆڵە)، دەبێتە (ژ) بۆ نموونە لە وشەی (مژە - موژە) کە لە بنەڕەتدا (مووچە)یە واتە: (مووی بچووک).

***

□ لە زمانی کوردیدا، ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەکرێت بە سێ بەشەوە:

1. ناوی تایبەتی

2. ناوی گشتی

3. ناوی کۆمەڵ

***

□ ناوی تایبەتی: (اسم خاص یا اسم علم)

ئەو ناوەیە کە کەسێک یان شتێکی تایبەت نیشان ئەدات - یان ئەو ناوەیە کە بەتایبەتی بەکار دێت بۆ ناونانی کەسێک یان شتێک یان شوێنێکی دیاریکراو و تایبەت.

□ ناوی تایبەتی، بۆی هەیە:

1. ناوی تایبەتیی کەسان بێت: (ئیدریس، شیرین، مەسعوود، پەروین...)

2. ڕووبار بێت: (قەرەسوو، دیجلە، فورات، سیروان، نیل... )

3. چیا بێت: (زاگرۆس، قەندیل، هەڵگورد، سەفین...)

4. شار بێت: (کرماشان، سەقز، سنە، شنۆ، مەهاباد، بۆکان، پیرانشار، نەغەدە...)

5. گوند بێت: (هەجێج، حەمامیان، پووشاوێ، کەڵاتەرزان، کۆسەکەرێز)

6. هەرێم و وڵات بێت: (کوردستان، ئێران، عێراق...)

7. میللەت و ئاین بێت: (کورد، عەرەب، ئیسلام، کریستان...)

===========================

□ ناوی گشتی (اسم عام)

ئەو ناوەیە کە بۆ هەموو ئەو گیاندار و بێگیانانە بەکار دێت کە خاوەنی یەک ڕەگەزن و یەک جنسن. بەو واتایە کە کەسێک یان شتێکی دیاریکراو نیشان نادەن. ناوەکە بۆ شتێکی گشتی داتاشراوە. ئەم جۆرە ناوەش بۆی هەیە:

1. ناوی گشتیی کەسان بێت: (مرۆڤ، پیاو، کوڕ، مامۆستا...)

2. ئاژەڵ و باڵندە بێت: (ئەسپ، مەڕ، بزن، مریشک...)

3. ڕووەک و میوە بێت: (برینج، گەنم، جۆ، ترێ... )

4. شت و شوێنی گشتی بێت: (دار، بەرد، ڕووبار، شار...)

===========================

 ناوی کۆمەڵ:
ناوێکە بە ڕواڵەت تاک پیشان دەدات بەڵام لە ناوەڕۆکدا واتای کۆ دەبەخشێت؛ ئەم جۆرە ناوەش بۆی هەیە:
1. ناوی کۆمەڵە کەسێک بێت: (میللەت، هۆز، گەل، لەشکر، تیرە، سوپا...)
2. ناوی کۆمەڵە گیاندارێک بێت: (ڕەوە، گاڕان، ڕان...)
3. ناوی کۆمەڵە ڕووەکێک بێت: (دەسک، چەپک.. )
==============================
 تێبینی:
لە زمانی کوردیدا، (ناوی گشتی) دەتوانێت ببێتە (ناوی تایبەتی)؛ واتە وای لێ بێت کە مەبەست ناوی کەسێک بگەیەنێت.
بۆ نموونە: (تاڤگە، هەڵۆ، شەپۆل، شەماڵ، هاژە، شنە...) کە لە بنەڕەتدا ناوی گشتین، ئێستا وەک ناوی تایبەتیش دەبینرێن. ئەویش ئەوەیە کە بوونەتە ناوی کچ و کوڕ و (ناوی کەسێک دەگەیەنن).

 بە پێچەوانەشەوە، ناوی تایبەتی دەتوانێت ببێت بە (ناوی گشتی)، ئەگەر وای لێ بێت کە مەبەست "کۆمەڵێک کەس یا خود کۆمەڵێک شتی هاوڕەگەز و هاوخاسیەت" بگەیەنێت. بۆ نموونە: (بەکر مەرگەوەڕ) ناوی کەسایەتییەکی داستانی "مەم و زین"ە و ناوێکی تایبەتییە، بەڵام ماناکەی وای لێ هاتووە کە "هەموو کەسێکی فیتنە و پیاوخراپ" بگرێتەوە و بەو جۆرە وەک (ناوێکی گشتی) کار دەکات.

**گەردانکردنی کارێک کە ئاماژە بە ناوی کۆمەڵ بکات**

کار کە ئاماژە بە ناوی کۆمەڵ بکات، زۆر جار بە شێوەی تاک گەردان دەکرێت:

لەشکری دوژمن هێرشی هێنا.

گاڕانی گوندەکە ئێواران دێتەوە.

سوپای کورد سنوورەکانی وڵات دەپارێزێت.

 پێناسەی ناو:
وشەیەکە بۆ ناولێنانی شتێک یان گیانلەبەرێک چ مرۆڤ بێت، چ هەر گیانلەبەرێکی تر بێت، بەکار دێت. وەک: (ژن، کچ، کوڕ، دار، بەرد، ئاو، سێو...)

 ناو لە ڕووی پێکهاتنەوە دەکرێتە 2 جۆر:

1. ناوی سادە

2. ناوی ناسادە

ناوی ناسادەش خۆی دوو جۆرە: (داڕێژراو و لێکدراو)

 ناوی سادە: ئەو ناوەیە کە لە (یەک وشەی سادەی واتاداری سەربەخۆ) پێک دێت واتە پێشگر، پاشگر و وشەی زیادەی پێوە نییە. هەروەها ئەم وشەیە دەبێ (ناو) بێت. وەک: (سەر، لووت، هێز، شەڕ، جۆ، کوڕ، ژن، کچ، دار، ئاو، بەرد...)

 ناوی داڕێژراو:

ئەو ناوەیە کە (لە وشەیەکی سادە لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک) پێک دێت. وەک: (کوردستان، دارستان، گوڵدان، جووتیار، کۆکە، جێگە، شەرمین، هاوکار، ...)

 ڕێساکانی دروستبوونی ناوی داڕێژراو:

☑ پێشگر + وشەی سادە

☑ وشەی سادە + پاشگر

 ڕێگاکانی دروستکردنی ناوی داڕێژراو:

1. ناو + پاشگر

شەو + گار = شەوگار

گوڵ + دان = گوڵدان

هونەر + مەند = هونەرمەند

جێ + گە = جێگە

2. هاوەڵناو + پاشگر

نەرم + ین = نەرمین

خراپ + ە = خراپە

چاک + ە = چاکە

3. قەدی چاوگ + پاشگر

کوشت + ار = کوشتار

وت + ار = وتار

خوارد + ەمەنی = خواردەمەنی

4. ڕەگی کار + پاشگر

بڕ + یار = بڕیار

ناڵ + ە = ناڵە

نووس + ەر = نووسەر

5. هاوەڵکار + پاشگر

پێش + ەوا = پێشەوا

پێش + ین = پێشین

بەر + ۆک = بەرۆک

بن + ار = بنار

6 . پێشگر + ناو

هاو + کار = هاوکار

هام + ڕاز = هامڕاز

هام + سەر = هامسەر

=============================

 ناوی لێکدراو:

ئەو ناوەیە کە (لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر) پێک دێت. وەک: (دۆتمام، ماستاو، ژێرزەمین، ژێرپیاڵە، ڕەشماڵ...)

 ڕێسای ناوی لێکدراو:

☑ وشەی واتادار + وشەی واتادار

 ڕێگاکانی دروستکردنی ناوی لێکدراو:

1. ناو + ناو

دۆت + مام = دۆتمام

شا + هەنگ = شاهەنگ

مار + ماسی = مارماسی

چڵک + ئاو = چڵکاو

2. ناو + ە + ناو

گوڵ + ە + گەنم = گوڵەگەنم

گوڵ + ە + باخ = گوڵەباخ

مانگ + ە + شەو = مانگەشەو

3. ناو + و + ناو

هێلکە + و + ڕۆن = هێلکەوڕۆن

4. ناو + ناوبەند + ناو

بەرد + ە + نوێژ = بەردەنوێژ

کار + بە + دەست = کاربەدەست

کولێرە + بە + ڕۆن = کولێرەبەڕۆن

5. ناو + ە + هاوەڵناو

کەر + ە + کوڵ = کەرەکوڵ

کێو + ە + ڕەش = کێوەڕەش

کێل + ە + شین = کێلەشین

مێرگ + ە + سوور = مێرگەسوور

6. هاوەڵناو + ناو

سوور + گوڵ = سوورگوڵ

ڕەش + ماڵ = ڕەشماڵ

7. هاوەڵناو + ناوبەند + ناو

پیر + ە + ژن = پیرەژن

تەڕ + ە + پیاز = تەڕەپیاز

ڕەش + ە + با = ڕەشەبا

سەوز + ە + گیا = سەوزەگیا

گەند + و + گوو = گەندوگوو

8. ناو + ڕەگی کار

دڵ + خواز = دڵخواز

سەر + پۆش = سەرپۆش

دار + تاش = دارتاش

دەست + سڕ = دەستسڕ

9. ناو + ناوبەند + قەدی چاوگ

دەست + و + برد = دەستوبرد

□. قەدی چاوگ + ناوبەند + ڕەگی کار

هات + و + چۆ = هاتوچۆ

مشت + و + ماڵ = مشتوماڵ

11. هاوەڵکار + ناو

پێش + نوێژ = پێشنوێژ

ژێر + زەمین = ژێرزەمین

ژێر + پیاڵە = ژێرپیاڵە

بەر + ماڵ = بەرماڵ

12. هاوەڵکار + ناوبەند + ناو

پاش + ە + ڕۆژ = پاشەڕۆژ

پاش + ە + لەقە = پاشەلەقە

13. دووپاتکردنەوەی ناو بە یارمەتیی ناوبەند

قرچ + ە + قرچ = قرچەقرچ

چەق + ە + چەق = چەقەچەق

جیڕ + ە + جیڕ = جیڕەجیڕ

لوور + ە + لوور = لوورەلوور

مڵچ + ە + مڵچ = مڵچەمڵچ

بۆڕ + ە + بۆڕ = بۆڕەبۆڕ

قیژ + ە + قیژ = قیژەقیژ

14. ڕەگی کار + ناوبەند + وشەی بێواتا

کوڵ + و + کۆ = کوڵوکۆ

15. ناو + ناوبەند + وشەی بێواتا

قەرز + و + قۆڵ = قەرزوقۆڵ

گوڵ + و + موڵ = گوڵوموڵ

گیا + و + گژ = گیاوگژ

16. وشەی بێواتا + و + ناو

گژ + و + گیا = گژوگیا

ئاڵ + و + گۆڕ = ئاڵوگۆڕ

***

□ تێبینی/

پێشگر و پاشگر هیچ کات لە زمانی کوردیدا واتا نادەن، بەڵکوو دەچنە سەر وشەی سادە و وشەیەکی نوێ دروست دەکەن و دەیکەنە وشەی داڕێژراو. وەک: (هاو، هام، دان، ستان...)

***

□ تێبینی

ئەگەر وشەکانی (دار، زار، یار) بە تەنها بێن، واتادارن.

دار ☜ دارێکم چاند.

زار □ کە لە شیعرەکەی عەبدوڵڵا پەشێو هاتووە : (زارم وشەیەکی پێدا نایە...)

یار □ □ یارەکەم جوانە .

بەڵام ئەگەر وشەکانی (دار، زار، یار)، بە تەنها نەهاتن، دەبنە پاشگر. وەک:

□ دار □ دڵ + دار = دڵدار

□ یار □ بەخت + یار = بەختیار

□ زار □ گوڵ + زار = گوڵزار

***

□ تێبینی

نیشانەکانی ناسراوی (ەکە) - نەناسراوی (ێ، ێک، ەک) - کۆ (ان) ناوی سادە ناکەنە ناوی داڕێژراو.

واتە بچنە سەر ناوی سادە، وشەکە هەر بەسادەیی دەمێنێتەوە . وەک:

کچ □ □ ناوێکی سادەیە . ئەگەر بڵێین:

کچەکە □ □ هەر سادەیە .

کچان □ □ هەر سادەیە

کچێ/ کچێک □ □ هەر سادەیە .

***

# ٨. ناوی تاک / ناوی کۆ

**8) ناوی تاک - ناوی کۆ:**

ناو لە ڕووی ژمارەوە لە زمانی کوردیدا دوو جۆرە:

 ١. ناوی تاک: ئەو ناوەیە کە تاکێک پیشان دەدات. تەنها کەسێک یان شتێک پیشان دەدات، هیچ واتایەکی کۆ پیشان نادات لە ڕووی ڕووخساری وشەکەدا. وەک: (منداڵ، بەهار، کۆتر، ژن، فێرخواز، کرێکار)

 ٢. ناوی کۆ: ئەو ناوەیە کە لە تاکێک پتر پیشان دەدات، نیشانەی کۆکردنەوەی ناو لە زمانی کوردیدا (ان)ە، بە مەرجێک (ان)، بەشێک نەبێت لە ئەسڵی وشەکە، بۆ نموونە:

منداڵ + ان = منداڵان

بەهار + ان = بەهاران

کۆتر + ان = کۆتران

کرێکار + ان = کرێکاران

قوتابی + ان = قوتابییان

ژن + ان = ژنان

==========================

☑ ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم وشانە:

(کچ، باخ، ماڵ، شار، کوڕ، بەرد) دەبینین هەموویان ناون و هەر یەکەیان تاکێک پیشان دەدەن، بۆیە پێیان دەگوترێت (ناوی تاک).

☑ بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم وشانە:

(کچان، باخان، ماڵان، شاران، کوڕان، بەردان)، دەبینین هەر هەموویان ناون و لە تاکێک زیاتر پیشان دەدەن، بۆیە پێیان دەگوترێت (ناوی کۆ).

 بۆ گۆڕینی (ناوی تاک) بۆ (ناوی کۆ) نیشانەی (ان) دەخرێتە سەر ناوەکە.

 نیشانەی کۆ بە دوو شێوە دەچێتە سەر ناو:

1) ئەگەر ناوەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتی نەبزوێن، یەکسەر نیشانەی کۆ دەخەینە سەر ناوەکە:

☑ ژن + ان = ژنان

☑ کوڕ + ان = کوڕان

☑ کچ + ان = کچان

2) ئەگەر ناوەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتی بزوێنی (ا، ۆ، ێ، ی)، ئەو کاتە ناوبەندی (ی) دەکەوێتە نێوان ناوەکە و نیشانەی کۆ، کە بریتییە لە:  "ان" بەم شێوەیە:

 مامۆستا + ی + ان = مامۆستایان

 لادێ + ی + ان = لادێیان

 چەقۆ + ی + ان = چەقۆیان

 ماسی + ی + ان = ماسییان

 هەرمێ: هەرمێ + ی + ان = هەرمێیان

پیتی کۆتایی لە هەرمێ  (ێ)یە کە بزوێنە و هەروەها لە (ان)  (ا) بزوێنە. دوو بزوێن پێکەوە نایەن و (ی)ی نەبزوێن دەخەینە نێوانیان.

==========================

خانوو  خانوو + و + ان = خانووان

دەرگە  دەرگە + ی + ان = دەرگەیان

***

# ٩.ناوی ناسراو و نەناسراو

**9) ناوی ناسراو و نەناسراو**

ناو لە ڕووی ناسینەوە 2 جۆرە:

1) ناوی نەناسراو (نکرە، ناشناختە)

2) ناوی ناسراو (معرفه، شناخته شده)

 ناوی نەناسراو (اسم نکره یا ناشناخته): بەو ناوانە دەوترێت کە بۆ حاڵەتی نەناسراوی بەکار دێن. ئەو جۆرە ناوەیە کە لە ناو هاوچەشنەکانیدا نەناسراوە. لە زمانی کوردیدا نیشانەی نەناسراوی بچێتە سەر ناوێک، ئەو ناوە وەکوو تاک نیشان دەدات، هەرچەندە جاروبار دەخرێتە سەر ناوی کۆ.

 به اسمهایی که برای حالت ناشناس بەکار گرفته میشوند، اسم نکره میگویند.

☑ نیشانەکانی "نەناسراوی" ئەمانەن:

(ێک، ەک، ێ) کە دەخرێتە سەر ناوەکە و دەیکات بە ناوی نەناسراو.

 نیشانەکانی نەناسراوی بە سێ شێوە دەچنە سەر ناو:

1) ئەگەر ناوەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتی نەبزوێن، یەکسەر نیشانەکە دەخەینە سەر ناوەکە. وەک:

ناو + "ێک، ێ، ەک" نموونە:

 کچ ــــ کچێک، کچێ، کچەک

کچێک هاتە ماڵمان، کچێ هاتە ماڵمان

 دار ــــ دارێک، دارێ، دارەک

 گوڵ ــــ گوڵێک، گوڵێ، گوڵەک

 بەرد ــــ بەردێک، بەردێ، بەردەک

 کوڕ ــــ کوڕێک، کوڕێ، کوڕەک

 گوند ــــ گوندێک، گوندێ، گوندەک

 شاخ ــــ شاخێک، شاخێ، شاخەک

 ماڵ ــــ ماڵێک، ماڵێ، ماڵەک

 زەلام ــــ زەلامێک، زەلامێ، زەلامەک

 دارستان ــــ دارستانێک، دارستانێ، دارستانەک

 دەست ــــ دەستێک، دەستێ، دەستەک

- کەو ـــ کەوێک، کەوێ، کەوەک
- کەس ـــ کەسێک، کەسێ، کەسەک

2) ئەگەر ناوەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ێ، ی، ۆ، ە) ئەوا ناوبەندی "ی" دەخرێتە نێوان ناوەکە و نیشانەکە: نموونە:

- چیا + ی + "ێک، ێ، ەک" = چیایێک، چیایێ، چیایەک
- زێ + ی + "ێک، ێ، ەک" = زێیێک، زێیێ، زێیەک
- ماسی + ی + "ێک، ێ، ەک" = ماسییێک، ماسییێ، ماسییەک
- پەڕۆ + ی + "ێک، ێ، ەک" = پەڕۆیێک، پەڕۆیێ، پەڕۆیەک
- پەنجەرە + ی + "ێک، ێ، ەک" = پەنجەرەیێک، پەنجەرەیێ، پەنجەرەیەک
- هەرمێ □ هەرمێیێک، هەرمێیێ، هەرمێیەک
- هەڵۆ □ هەڵۆیێک، هەڵۆیێ، هەڵۆیەک
- لادێ □ لادێیێک، لادێیێ، لادێیەک
- خەلە □ خەلەیێک، خەلەیێ، خەلەیەک
- وێنە □ وێنەیێک، وێنەیێ، وێنەیەک
- دێ □ دێیێک، دێیێ، دێیەک
- چرا □ چرایێک، چرایێ، چرایەک

☑ نازدار چرایەک بکڕە.

- مامۆستا □ مامۆستایێک، مامۆستایێ، مامۆستایەک
- خودا □ خودایێک، خودایێ، خودایەک
- زەوی □ زەوییێک، زەوییێ، زەوییەک

☑ زەوییەک لە دێ ئاگری گرت.

3) ئەگەر ناوەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتی بزوێنی (وو) ئەوا ناوبەندی (و) دەخرێتە نێوان ناوەکە و نیشانەکە، لەم حاڵەتەدا سێ (ووو) بەیەکەوە کۆدەبنەوە، ئەمەش نابێت بۆیە یەک (و)ی وشەکە کورت دەکرێتەوە. وەک:

-  بەڕوو + ناوبەندی (و) + (ێک، ێ، ەک) = بەڕووێک، بەڕووێ، بەڕووەک
-  خانوو + ناوبەندی (و) + (ێک، ێ، ەک) = خانووێک، خانووێ، خانووەک

 **تێبینی:**

- ناوی نەناسراو لە تاکەوە دەکرێت بە ناوی کۆ، کاتێک نیشانەی کۆی (ان) دەکەوێتە نێوان ناوەکە و نیشانەی نەناسراوی. وەک:

کەس + ان + (ێک، ێ، ەک) = کەسانێک، کەسانێ، کەسانەک.

ناوی ناسراو (معرفه یا شناخته شده):

 پێناسە:

ناوی ناسراو: ناوێکە کە مانا و مەبەستی شتێک دەردەخات. بە ناسراوی دەیخاتە ڕوو. بە ئاسانی لە هاوچەشنەکانی خۆی جیا دەکرێتەوە، چونکە ناوێکی دیاریکرا و زانراو نیشان دەدات بەهۆی نیشانەی ناسراوی  (ەکە)وە، ناوەکە لە نەناسراوەوە دەگۆڕین بۆ ناسراو. کەواتە: ناوی نەناسراو، دەکرێتە ناوی ناسراو بە هۆی ئامرازی ناسینی (ەکە)/ نموونە:

☑ پزیشکەکە

☑ مەلەوانەکە

☑ مەڕەکە

☑ کورسییەکە

☑ نانەکە

☑ ژوورەکە

☑ پەزەکە

☑ کەروێشکەکە

□ شرۆڤە:

(دارەکە زۆر بڵند بوو، کەسمان نەمانتوانی بچینە سەری، باخەوانەکە خۆی هەنارە شیرینەکەی بۆمان لێکردەوە).

□ خستنەڕوو:

ئەگەر تەماشای ناوەکانی: (دارەکە، باخەوانەکە) بکەین لە بنەڕەتدا ئەم دوو ناوە لە شێوەی (دار، باخەوان)دا بوون، کە هەردووکیان بە پیتی نەبزوێن کۆتاییان هاتووە، ئیمەش هاتووین و نیشانەی (ەکە)مان خستۆتە سەریان بۆ ئەوەی بیانکەین بە ناوێکی ناسراو، وەک: (دارەکە، باخەوانەکە).

دیارە جیاوازی لە نێوان (دار، دارەکە)و (باخەوان، باخەوانەکە)دا هەیە، لەوەدا کە (دار) ناوێکی گشتییە و بەسەر هەموو جۆرە دارێکدا دابڕاوە و جۆرە دارێکی دیار و ئاشکرا و ناسراو دەستنیشان ناکات، بەڵام (دارەکە)، دارێک دەستنیشان دەکات کە لەمەوبەر لامان ئاشکرا و دیار و ناسراو بووە، کە گوتمان (دارەکە) یەکسەر بیر و هۆشمان بۆ لای دارێک دەچێت کە لەمەو پێش ناسیومانە و دەزانین کامەیە، بۆیە نیشانەی (ەکە) ناوەکەی بۆ کردین بە ناوی ناسراو، هەروا (باخەوان، باخەوانەکە)ش.

□ نیشانەی ناسراوی (ەکە)یە کە دەخرێتە سەر ناوەکە بەم شێوەیە:

1) ئەگەر ناوەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتی نەبزوێن ئەوا یەکسەر نیشانەی (ەکە) دەکەوێتە سەر ناوەکە و دەیکات بە ناوی ناسراو، وەک:

□ گوڵ ـــ گوڵەکە

□ دار ـــ دارەکە

□ بەرد ـــ بەردەکە

2) ئەگەر ناوەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ێ، ۆ، ە) دوو جۆرە:

 ناوی یەک بڕگە:

ناوبەندی ی لە نێوان ناوەکە و نیشانەکە دادەنرێت، وەک:

چا ــ چایەکە

دێ ــ دێیەکە

دۆ ــ دۆیەکە

جۆ  جۆیەکە

شە ــ شەیەکە

 ناوی زیاتر لە بڕگەیەک:

ئەگەر ناوەکە زیاتر لە بڕگەیەک بوو، ئەوا بزوێنی (ە)ی سەرەتای نیشانەکە لادەچێت. وەک:

مامۆستا ــ مامۆستاکە

هەرمێ ــ هەرمێکە

لادێ ــ لادێکە

گەزۆ ــ گەزۆکە

چەقۆ ــ چەقۆکە

پەنجەرە ــ پەنجەرەکە

دەرگە ــ دەرگەکە

پەپوولە ــ پەپوولەکە

3) ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە بزوێنی (ی) هاتبوو، ئەوا ناوبەندی "ی" لە نێوان ناوەکە و نیشانەکە دادەنێین، وەک:

 کانی ــ کانییەکە

 ڕاوچی ــ ڕاوچییەکە

 ماسی ــ ماسییەکە

4) ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە بزوێنی (وو) هاتبوو، ئەوا ناوبەندی "و" لە نێوان ناوەکە و نیشانەکە دادەنێین، وەک:

 بەڕوو ــ بەڕووەکە

 خانوو ــ خانووەکە

 **تێبینی:**

ناوی ناسراوی، نیشانەی (ان) دەچێتە سەری دەبێت بە ناوێکی کۆی ناسراو بەم شێوەیە:

سەرەتا نیشانەی ناسراوی (ەکە) دەخەینە سەر ناوەکە و پاشان نیشانەی "کۆ"ی "ان"ی دەخەینە سەر. بەڵام پیتی "ە"ی کۆتایی نیشانەی "ناسراو"ییەکە لادەبەین:

(ناو + ەکە + ان) وەک:

کوڕ + ەکە + ان = کوڕەکان

کچ + ەکە + ان = کچەکان

دار + ەکە + ان = دارەکان

☑ ئەگەر هاوەڵناوێک (صفت) لەدوای ناوی ناسراودا هات، ئەوە نیشانەی ناسراوی (ەکە) دەچێتە سەر هاوەڵناوەکە و ناوەکەش هەر بە ناسراوی دەمێنێتەوە، وەک:

 خانووەکە بکرە ــ خانووە خۆشەکە بکرە.

(ەکان)  نیشانەی ناسراوی و کۆیە:

 کوڕەکان

 کچەکان

***

# ١٠. جێناو

**10) جێناو**

جێناو چییە؟ پێش ئەوەی جێناو لە ڕێزمانی کوردییەوە بناسینەوە،

 جێناو چییە؟ جێناو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن کە لە جێی ناوی کەسێک یان شتێک دێت واتە دەبێتە جێگرەوەی ناوەکە.

جێناو بە دوو شێوە لە ڕستەدا دێن:

(سەربەخۆ) جێناوی کەسیی سەربەخۆ

(لکاو) جێناوی کەسیی لکاو

☑ پێناسەی جێناوی کەسیی سەربەخۆ:

- ئەو وشەیە کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە جیاتی ناوێک بەکاردێت لە ناو ڕستەدا جا ناوەکە تاک بێت یان کۆ. جێناوە سەربەخۆکان ئەو جێناوانەن بە سەربەخۆیی لە ڕستەدا دێن، واتە پێویستیان بە هیچ وشەیەک نییە پێیەوە بلکێن بۆیە پێیان دەگوترێت جێناوی سەربەخۆ. نموونە :

 (ناز) چیرۆک دەخوێنێتەوە./لە جێی ناوی ناز دەڵێین ئەو/ ئەو جێناوی(ناز)ە.

 (ئەو) چیرۆک دەخوێنێتەوە.

جێناوی کەسیی سەربەخۆ:

 من/ جێناوی کەسیی سەربەخۆیە بۆ کەسی (یەک)ەمی تاک. نموونە:

(من) چووم بۆ گەشت.

 تۆ/ جێناوی کەسیی سەربەخۆیە بۆ کەسی (دوو)ەمی تاک. نموونە:

(تۆ) چوویت بۆ گەشت.

□ ئەو/ جێناوی کەسیی سەربەخۆیە بۆ کەسی (سێ)ەمی تاک. نموونە:

(ئەو) چوو بۆ گەشت.

□ ئێمە/ جێناوی کەسیی سەربەخۆیە بۆ کەسی (یەک)ەمی کۆ. نموونە:

ئێمە چووین بۆ گەشت.

□ ئێوە/ جێناوی کەسیی سەربەخۆیە بۆ کەسی (دوو)ەمی کۆ. نموونە:

ئێوە چوون بۆ گەشت.

- ئەوان/ جێناوی کەسیی سەربەخۆیە بۆ کەسی (سێ)ەمی کۆ. نموونە:

ئەوان چوون بۆ گەشت.

گەردانکردنی (صرف کردن) جێناوەکان:

☑ من □ هاتم

☑ تۆ □ هاتیت

☑ ئەو □ هات

☑ ئێمە □ هاتین

☑ ئێوە □ هاتن

☑ ئەوان □ هاتن

□ نموونەی جێناوی کەسیی سەربەخۆ لە ناو ڕستەدا:

(من) بۆ قوتابخانە دەچم.

(تۆ) بۆ قوتابخانە دەچیت.

(ئەو) بۆ قوتابخانە دەچێت.

(ئێمە) بۆ قوتابخانە دەچین.

(ئێوە) بۆ قوتابخانە دەچن.

(ئەوان) بۆ قوتابخانە دەچن.

 نموونەی تر:

(من) کتێبم کڕی.

(تۆ) کتێبت کڕی.

(ئەو) کتێبی کڕی.

(ئێمە) کتێبمان کڕی.

(ئێوە) کتێبتان کڕی.

(ئەوان) کتێبیان کڕی.

 جێناوی کەسیی لکاو (ضمیر شخصی متّصل) چییە؟ پێش ئەوەی جێناوی کەسیی لکاو (ضمیر شخصی متّصل) لە ڕێزمانی کوردییەوە بناسینەوە، پێناسەیەک لەبارەیەوە بە فارسی دەڵێم.

 پێناسەی جێناوی لکاو:

لە جیاتی ناوی کەسێک یان شتێک بەکار دێت و هەمیشە بە وشەوە دەلکێن. بەتەنیا هیچ مەبەستێک بە دەستەوە نادەن بەڵام کە لکان مەبەست دەپێکن. ئەو جێناوەیە کە ناتوانرێت سەربەخۆ بگوترێت ئەگەر نەخرێتە پاڵ وشەیەکی تر. لە جیاتی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاک و کۆ بەکار دەهێنرێت لە بری کەسێک کە بدوێت یا بدوێنرێت یا لێی بدوێن.

 جێناوە کەسییە لکاوەکان دەکرێن بە 4 کۆمەڵە

کۆمەڵەی 1 ڕوون دەکەینەوە:

 (م، ت، ی/ مان، تان، یان)

 ڕاڤەی جێناوی لکاو لە ڕستەدا:

 هەنجیرەکەم خوارد.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکەی سەرەوە دەبینین: بێژەی (م) لە ڕستەی (هەنجیرەکەم خوارد)، لە جێی کەسێک بەکار هاتووە کە دەدوێت، بەڵام چونکە لە پاڵ وشەیەکی دیکەیە، لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک.

 نەخشەکەت هەڵگرت.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکەی سەرەوە دەبینین: بێژەی (ت) لە ڕستەی (نەخشەکەت هەڵگرت) لە جێی ئەو کەسە بەکار هێنراوە کە دەدوێنرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پاڵ وشەیەکی دیکەدا نەبێت، سەربەخۆ نابێژرێت لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت جێناوی لکاوی کەسی دووهەمی تاک.

 تۆپەکەی بە دەست گرتەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکەی سەرەوە دەبینین: بێژەی (ی) لە ڕستەی (تۆپەکەی بە دەست گرتەوە)دا لە جێی ئەو کەسە بەکار هێنراوە کە لێی دەدوێین بەڵام، ئەگەر لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا نەبێت سەربەخۆ نابێژرێت، لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت جێناوی لکاوی کەسی سێهەمی تاک.

 پرسیارمان لە مامۆستا کرد.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکەی سەرەوە دەبینین: بێژەی (مان) لە ڕستەی (پرسیارمان لە مامۆستا کرد)دا لە جێی کەسانێک بەکار هاتووە، کە دەدوێن بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا نەبێت سەربەخۆ نابێژرێت، پێی دەگوترێت جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ.

 ڕۆژنامەتان خوێندەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکەی سەرەوە دەبینین: بێژەی (تان) لە ڕستەی (ڕۆژنامەتان خوێندەوە) لە بری ئەو کەسانە بەکار هێنراون کە دەدوێنرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی دەخرێتە تەک وشەیەکی دیکەوە پێی دەگوترێت جێناوی لکاوی کەسی دووهەمی کۆ.

 پۆلەکەیان خاوێن کردەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکەی سەرەوە دەبینین: بێژەی (یان) لە ڕستەی (پۆلەکەیان خاوێن کردەوە) لەبری ئەو کەسانە بەکار هێنراون کە لێیان دەدوێین بەڵام لەبەر ئەوەی سەربەخۆ نابێژرێت، دەخرێتە پاڵ وشەیەکی دیکەوە پێی دەگوترێت جێناوی لکاوی کەسی سێهەمی کۆ.

ئەمانە جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەمن:

□ (م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک.

☑ من نانەکەم خوارد.

□ (ت) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووهەمی تاک.

☑ تۆ نانەکەت خوارد.

□ (ی) جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێهەمی تاک.

☑ ئەو نانەکەی خوارد.

□ (مان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ.

☑ ئێمە نانەکەمان خوارد.

□ (تان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووهەمی کۆ.

☑ ئێوە نانەکەتان خوارد.

□ (یان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێهەمی کۆ.

☑ ئەوان نانەکەیان خوارد.

(م) □ جێی (من) دەگرێتەوە.

☑ کتێبەکەم هێنا.

□ (مان) □ جێی (ئێمە) دەگرێتەوە.

☑ میوەمان خوارد.

□ (ت) □ جێی (تۆ) دەگرێتەوە.

☑ نانەکەت بخۆ.

 (تان)  جێی (ئێوە) دەگرێتەوە.

☑ ماڵەکەتان خۆشە.

 (ی) جێی  (ئەو) دەگرێتەوە.

☑ وانەکەی خوێندبوو.

 (یان)  جێی (ئەوان) دەگرێتەوە.

☑ خانووەکەیان فرۆشت.

 جێناوی لکاو و سەربەخۆ لە ڕستەدا:

م- من گوڵەکەم برد./ من گوڵەکەم برد.

ت- تۆ گوڵەکەت برد./ تۆ گوڵەکەت برد.

ی- ئەو گوڵەکەی برد./ ئەو گوڵەکەی برد.

مان- ئێمە گوڵەکەمان برد./ ئێمە گوڵەکەمان برد.

تان- ئێوە گوڵەکەتان برد./ ئێوە گوڵەکەتان برد.

یان- ئەوان گوڵەکەیان برد./ئەوان گوڵەکەیان برد.

 ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەک:  (م، ت، ی، مان، تان، یان)

☑ بە دوو شێوە لە ناو ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانی دەبینن:

1) ئەگەر بکەر "فاعل" لە ڕستەکەدا بوونی هەبوو دەگەڕێتەوە بۆ بکەر

نموونە:

 ئەوان وانەکەیان خوێند.

(یان)  لە (وانەکەیان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێهەمی کۆ. دەگەڕێتەوە بۆ بکەر واتە ئەوان.

 2) ئەگەر بکەر "فاعل" لە ڕستەکەدا بوونی نەبوو، جێگەی بکەر دەگرێتەوە. نموونە:

□ وانەکەیان خوێند.

(یان) □ لە (وانەکەیان)، جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێهەمی کۆ. □ بکەرە.

***

## جێناوی نیشانە:

وشەیەکە یەک کەرتە، لەناو ڕستەدا جێگەی ناو دەگرێتەوە و لە ڕستەدا هەمان ئەرکی ڕێزمانیی ناوەکە دەبینێت.
جێناوە نیشانەکان لە کوردیی ناوەڕاستدا ئەمانەن:

□ (ئەمە) □ جێناوی نیشانەیە بۆ تاکی نزیک.

ئەمە بخوێنەرەوە.

□ (ئەوە) □ جێناوی نیشانەیە بۆ تاکی دوور.

ئەوە بەسوودە.

□ (ئەمانە) □ جێناوی نیشانەیە بۆ کۆی نزیک.

ئەمانە بهێنە.

□ (ئەوانە) □ جێناوی نیشانەیە بۆ کۆی دوور.

ئەوانە دەناسم.

### □ شرۆڤەی جێناوی نیشانە

1. (ئەمە) بنووسەوە.
2. (ئەوە) زیرەکە.
3. (ئەمانە) چالاکانە کار دەکەن.
4. (ئەوانە) دەناسم.

کاتێ سەیری ڕستەکان دەکەین، دەبینین کە وشەکانی ناو کەوانەکان، هەموویان جێناوی نیشانەن، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان جێی ناوێکی گرتووەتەوە.

لە ڕستەی 1، جێناوی نیشانەی (ئەمە)، جێی ناوێکی گرتووەتەوە و بۆ تاکی نزیک بەکار هاتووە.

لە ڕستەی 2، جێناوی نیشانەی (ئەوە)، جێی ناوێکی گرتووەتەوە و بۆ تاکی دوور بەکار هاتووە.

لە ڕستەی 3، جێناوی نیشانەی (ئەمانە)، جێی چەند ناوێکی گرتووەتەوە و بۆ کۆی نزیک بەکار هاتووە.

لە ڕستەی 4، جێناوی نیشانەی (ئەوانە)، جێی چەند ناوێکی گرتووەتەوە و بۆ کۆی دوور بەکار هاتووە.

 جیاوازییەکانی هاوەڵناوی نیشانە و جێناوی نیشانە

لە وانەی پێشوودا زانیمان کە (هاوەڵناوی نیشانە) وشەیەکە (ناوێک دەستنیشان دەکات) و دەبێتە (دیارخەری ناوەکە). ☑ ئەو گوڵە بکڕە.

بەڵام جێناوی نیشانە وشەیەکە (جێی ناوێک) دەگرێت. ☑ ئەوە بکڕە.

1. هاوەڵناوی نیشانە (دوو کەرتە، ناوێک دەکەوێتە نێوانیان)، بەڵام جێناوی نیشانە (یەک کەرتە و شوێنی ناوێک) دەگرێتەوە.

☑ ئەم گوڵە بکڕە. ("ئەم... ە" هاوەڵناوی نیشانە)

☑ ئەمە بکڕە. (ئەمە: جێناوی نیشانەیە)

2. لە هاوەڵناوی نیشانە، "ناوی دەستنیشانکراو (دیارخراو) باس دەکرێت" و "دەکەوێتە نێوان هەردوو کەرتەکە"، بەڵام لە جێناوی نیشانە، ناوی دەستنیشانکراو "باس ناکرێت".

☑ ئەو کچە جوانە. (کچ = دیارخراو/ ئەو... ە  هاوەڵناوی نیشانە)

☑ ئەوە جوانە. (ئەوە = جێناوی نیشانە)

3. هاوەڵناوی نیشانە "لە پاڵ ناوێک دێت و دەبێتە دیارخەری"، بەڵام جێناوی نیشانە" جێی ناوێک دەگرێت و هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت".

☑ ئەم کوڕە زیرەکە. "ئەم... ە" (هاوەڵناوی نیشانە)

☑ ئەمە زیرەکە. (جێناوی نیشانە)

 لە وانەی پێشوودا زانیمان "هاوەڵناوە نیشانەکان" بریتین لە:

1. ئەم... ە  ئەم گوڵە بکڕە.

2. ئەو... ە  ئەو گوڵە بکڕە.

3. ئەم... انە  ئەم گوڵانە بکڕە.

4. ئەو... انە  ئەو گوڵانە بکڕە.

ئێستا بۆ ئەوەی لەو ڕستانە، هاوەڵناوی نیشانە بکەین بە "جێناوی نیشانە"، تەنها ناوەکە واتە (گوڵ) دەسڕینەوە، دەبێتە جێناوی نیشانە:

1. ئەمە بکڕە. □ (ئەمە جێناوی نیشانەیە.)

2. ئەوە بکڕە. □ (ئەوە جێناوی نیشانەیە.)

3. ئەمانە بکڕە. □ (ئەمانە جێناوی نیشانەیە.)

4. ئەوانە بکڕە. □ (ئەوانە جێناوی نیشانەیە.)

□ تێبینییەکی گرنگ:

هەندێک جار جێناوە نیشانەکان شێوەی خۆیان دەگۆڕن، بەتایبەت کاتێک لەگەڵ پێشبەندەکان یەک دەگرن. وەکوو:

✔ لە + ئەمە □ لەمە

✔ بە + ئەوە □ بەوە

✔ لە + ئەمانە □ لەمانە

✔ لە + ئەوانە □ لەوانە

□ لەوانە فێری ڕەوشت ببە.

لە + ئەوانە = لەوانە

ئەوانە □ جێناوی نیشانەیە

پوختەی بابەتەکە

□ جێناوی نیشانە وشەیەکە (یەک کەرتە)، لە ناو ڕستەدا (جێگەی ناو) دەگرێتەوە و (هەموو ئەرکەکانی ناو) دەبینێت.

✔ ئەمە زیرەکە.

✔ ئەوە زیرەکە.

✔ ئەمانە زیرەکن.

✔ ئەوانە زیرەکن.

□ جێناوە نیشانەکان لە شێوەزاری کوردیی ناوەڕاستدا ئەمانەن: (ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە)

□ بەراوردی نێوان هاوەڵناوی نیشانە و جێناوی نیشانە

☑ هاوەڵناوی نیشانە تەنها ئەرکی (دیارخەری ناو) دەبینێت.

✔ جێناوی نیشانە (هەموو ئەرکەکانی ناو) دەبینێت.

☑ هاوەڵناوی نیشانە (لەگەڵ ناو) دێت و ناوەکەش دەبێتە ناوێکی (ناسراو).

✔ جێناوی نیشانە (لە جێی ناو) دێت.

☑ هاوەڵناوی نیشانە لە ناو ڕستەدا دەبێتە (دوو پارچە)، پارچەیەکیان دەکەوێتە پێش ناوەکە، پارچەکەی تریان دەکەوێتە دوای ناوەکە.

✔ جێناوی نیشانە لە ناو ڕستەدا لە شێوەی (یەک پارچە) دێت.

هەندێک جار جێناوە نیشانەکان شێوەی خۆیان دەگۆڕن، بەتایبەت کاتێک لەگەڵ پێشبەندەکان یەک دەگرن. وەکوو:

بە + ئەوە  بەوە

☑ بەوە جیا دەکرێتەوە.

لە + ئەمە  لەمە

☑ پێنووسەکە لەمەدا نییە.

لە + ئەمانە  لەمانە

☑ لەمانە میوەیەک هەڵبگرە.

لە + ئەوانە  لەوانە

☑ لەوانە فێری ڕەوشت ببە.

***

# ١١. هاوەڵناو

**11) هاوەڵناو**

هاوەڵناو: وشەیەکە لە ناو ڕستەدا وەسفی ناوێک یان جێناوێک (ضمیر) دەکات و لایەنی واتایی "ناو یان جێناو" ڕوون دەکاتەوە. نموونە: (زیرەک، جوان، ناشیرین، ترش، زەرد، ئازا، خاوێن، گەورە) .... هتد

 هەریەک لەم وشانەی سەرەوە ئەگەر لە ناو ڕستەدا وەسفی  ناو یا جێناوی آن کرد، دەبن بە  هاوەڵناو

 چەند نموونە هاوەڵناو لە ناو ڕستەدا:

1) کۆتری سپی هەڵفڕێنە.

2) منداڵی زیرەک خۆشەویستە.

3) سێوی ترش بخۆ.

4) تۆی ژیر سەردەکەویت.

لە ڕستەکانی سەرەوە وشەکانی (سپی، زیرەک، ترش، ژیر) هاوەڵناون، چونکە بە دوای ناو یان جێناودا هاتوون و وەسفی کردوون.

 چەن نموونەی دیکە هاوەڵناو:

چیای هەڵگورد (بڵند)ە

سێوێکی(سوور)م خوارد.

کۆترەکە ڕەنگی(سپی) بوو.

شیرین خوێندکارێکی (زیرەک)ە.

ڕاڤە:

 کۆتری سپی نیشانەی ئاشتییە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە دەبینین: وشەی (سپی) وەسفی ناوی (کۆتر)ی کردووە، بۆی ڕوون کردووینەتەوە کە (کۆترێک)ی چۆنمان مەبەستە لەبەر ئەوە بە وشەی (سپی) دەگوترێت هاوەڵناو.

 ئێوەی زیرەک بە ئامانج دەگەن.

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین دەبینین: وشەی (زیرەک) وەسفی جێناوی (ئێوە)ی کردووە لەبەر ئەوە بە وشەی زیرەک دەڵێین هاوەڵناو.

 ئەسپی چاک ئاوزەنگی ناوێت.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە دەبینین: وشەی (چاک) وەسفی ناوی (ئەسپ)ی کردووە، بۆی ڕوون کردووینەتەوە کە چ ئەسپێک ئاوزەنگی ناوێت لەبەر ئەوە بە وشەی چاک دەگوترێت هاوەڵناو.

 هاوەڵناو: هەر بەو جۆرەی لە ناوەکەی دیارە هاوەڵی ناوە واتە دۆست و هاوڕێی ناوە. هەمیشە وشەی (وەسف) لەبیر نەکەن لەبەر ئەوەی هاوەڵناوی پێ دەناسرێتەوە، لە پێناسەی هاوەڵناو دەڵێین وشەیەکە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات. بۆ نموونە:

☑ کچی جوان (جوان، وەسفی ناوی کچی کردووە).

**هاوەڵناوەکان چۆن لە ڕستەدا بناسینەوە؟**

✔ هاوەڵناو، پەیوەستە بە ناو و جێناوەوە، واتە دۆست و هاوڕێی ناو و جێناوە لە ڕستەدا.

✔ دیاریکردنی هاوەڵناو لە ڕستەدا پەیوەستە بە واتاوە.

✔ هەموو ئەو تامانەی مرۆڤ هەستی پێ دەکات وەک شیرین، تاڵ، سوێر، ترش... هاوەڵناون.

✔ ڕەنگەکان "سوور، شین، سپی، ڕەش سەوز.... هاوەڵناون.

✔ ژمارەکان هەموویان هاوەڵناون.

✔ ڕێگایەکی تر بۆ ئەوەی لە ڕستەدا هاوەڵناو لە ناو یان وشەیەکی تر جیا بکەینەوە، ئەوەیە کە: هاوەڵناو وشەیەکە بۆ وەسفکردن بەکار دێت و هەروەها پێچەوانەی هەیە وەک:

خۆش # ناخۆش

پاک # ناپاک

جوان # ناشرین

زیرەک # تەنبەڵ

کەواتە ئەو وشانەی پێچەوانەیان هەیە، هاوەڵناون بەڵام نەک هەموو وشەیەک بۆ نموونە:

پیاو # ژن

کچ # کوڕ

ئەمانەش پێچەوانەن، بەڵام هاوەڵناو نییەن بەڵکوو ناون.

 هاوەڵناو: وشەیەکە (وەسفی) ناوێک یان جێناوێک دەکات و دەبێتە (دیارخەری ناوەکە یان دیارخەری جێناوەکە یان

دیارخەری هاوەڵناوێکی تر)، هەروەها هاوەڵناو دەبێتە (تەواوکەری کاری ناتەواویش).

 ئەرکی ڕێزمانیی "هاوەڵناو" لەم چوار ڕستەیە:

☑ کچێکی جوانم بینی. (دیارخەری ناو)

☑ تۆی جوانم بینی. (دیارخەری جێناو)

☑ کچێکی جوانی چاوڕەشم بینی. (دیارخەری هاوەڵناوێکی تر)

☑ کچەکە جوانە. (تەواوکەری کاری ناتەواوی "ە")

○●

شرۆڤەی زیاتری هاوەڵناو

 کۆتری سپی نیشانەی ئاشتییە.

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین، دەبینین وشەی (سپی) وەسفی ناوی (کۆتر)ی کردووە بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی)، بووەتە دیارخەری ناوەکە. بۆی ڕوون کردووینەتەوە کە کۆترێکی چۆنمان مەبەستە لەبەر ئەوە بە وشەی سپی دەگوترێت هاوەڵناو.

==========================

 ئەسپی چاک ئاوزەنگی ناوێت.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە دەبینین: وشەی (چاک) وەسفی ناوی (ئەسپ)ی کردووە، بووە بە دیارخەری ناوەکە بە یاریدەی ئامرازی دانەپاڵی (ی) بۆی ڕوون کردووینەتەوە کە چ ئەسپێک ئاوزەنگی ناوێت لەبەر ئەوە بە وشەی چاک دەگوترێت هاوەڵناو.

==========================

 کوردستان بە ئێوەی تێکۆشەر سەر دەکەوێت.

لەم ڕستەیەدا وشەی (تێکۆشەر) وەسفی جێناوی (ئێوە)ی کردووە، بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی) بووەتە دیارخەری جێناوەکە بۆی ڕوون کردووینەتەوە کە بە (کێ) کوردستان سەر دەکەوێت. لەبەر ئەوە بە وشەی (تێکۆشەر) دەگوترێت (هاوەڵناو).

==========================

 سەیرانەکەمان خۆش بوو.

لەم ڕستەیەدا وشەی (خۆش) واتای کاری ناتەواوی (بوو)ی تەواو کردووە، بووە بە تەواوکەری کارە ناتەواوەکە بەبێ یاریدەری ئامرازی دانەپاڵ، لەبەر ئەوە بە وشەی (خۆش) دەگوترێت (هاوەڵناو).

 هاوەڵناوی چۆنیەتی: بەو هاوەڵناوە دەگوترێت کە چۆنیەتی، خاسیەت و نیشانە دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا هاوەڵناوی چۆنیەتی هەمەجۆرە، یان واتای ڕەنگ نیشان دەدات (زەرد، شین، سوور، سپی...)، چەمکی دەوروبەر ڕادەگەیەنێت (ڕاست، چەپ،...)، یان سیفەت نیشان دەدات (ڕەزیل، ڕووخۆش...) یان شێوە دەردەبڕێت (قەڵەو، پان، بەرین، لاواز...).

ئەو هاوەڵناوەیە کە لە ڕستەدا (وەسفی) ناوێک یان جێناوێک دەکات و دەبێتە دیارخەری ناوەکە یان جێناوەکە، یان دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

 لە بابەتی هاوەڵناودا بەگشتی و هاوەڵناوی چۆنیەتی بەتایبەتی، ئامرازی دانەپاڵی (ی) و (ە) ڕۆڵێکی دیار دەبینن لە خستنەپاڵی ناوێک یان جێناوێک لەگەڵ هاوەڵناوێک.

لە کوردیی ناوەڕاستدا، ئەگەر "هاوەڵناو" ببێتە "دیارخەری ناو"، ئەم ڕێسایەی هەیە:

👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇

(ناو)+(ئامرازی دانەپاڵی "ی" /"ە" )+ (هاوەڵناو)

☑ گوڵ + ی + جوان  گوڵی جوان

☑ گوڵ + ە + جوانەکە  گوڵە جوانەکە

 مرۆڤی باش سەر دەکەوێت.

☑ (مرۆڤ) = ناو (دیارخراو)

☑ (ی) = ئامرازی دانەپاڵ

☑ (باش) = هاوەڵناوی چۆنیەتی (دیارخەر)

 هەنارە ترشەکە بکڕە.

☑ (هەنار) = ناو (دیارخراو)

☑ (ە) = ئامرازی دانەپاڵ

☑ (ترشەکە) = هاوەڵناوی چۆنیەتی (دیارخەر)

**شرۆڤەی هاوەڵناوی چۆنیەتی:**

 مرۆڤی (باش) سەر دەکەوێت.

لەم ڕستەیە، هاوەڵناوی چۆنیەتیی (باش) وەسفی ناوی (مرۆڤ)ی کردووە و بووەتە دیارخەری ناوی (مرۆڤ).

 ترێی (ڕەش) بکڕە.

لەم ڕستەیە، هاوەڵناوی چۆنیەتیی (ڕەش) وەسفی ناوی (ترێ)ی کردووە و بووەتە دیارخەری ناوی (ترێ).

 ماسیی (گەورە) لە ڕووبارەکەدا هەیە.

لەم ڕستەیە، هاوەڵناوی چۆنیەتیی (گەورە) وەسفی ناوی (ماسی)ی کردووە و بووەتە دیارخەری ناوی (ماسی).

 شیرین (نازدار)ە.

لەم ڕستەیە هاوەڵناوی چۆنیەتیی (نازدار) بووەتە تەواوکەری کاری ناتەواوی (ە).

 خانووەکە (کۆن) بوو.

لەم ڕستەیە، هاوەڵناوی چۆنیەتیی (کۆن) بووەتە تەواوکەری کاری ناتەواوی (بوو).

- مرۆڤی (نیشتمانپەروەر) (سەرفراز) دەبێت.

لەم ڕستەیە، هاوەڵناوی چۆنیەتیی (نیشتمانپەروەر) وەسفی ناوی مرۆڤی کردووە و بووەتە دیارخەری ناوەکە. هەروەها هاوەڵناوی چۆنیەتیی (سەرفراز) بووەتە (تەواوکەری کاری ناتەواوی "دەبێت" ).

 ئێوەی (زیرەک) بە ئامانج دەگەن.

لەم ڕستەیە هاوەڵناوی چۆنیەتیی (زیرەک) وەسفی جێناوی (ئێوە)ی کردووە و بووەتە دیارخەری جێناوی ئێوە.

 (باشترین) چیرۆکم خوێندەوە.

لەم ڕستەیە هاوەڵناوی چۆنیەتیی (باشترین) وەسفی ناوی (چیرۆک)ی کردووە و بووەتە دیارخەری.

□□□□□□□○●□□□□□□□

**تێبینی:**

ئەگەر هاوەڵناوی چۆنیەتی لە (دوای ناو) هات ئەوا پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ دەبێت:

 چیرۆکی (باش) دەخوێنمەوە. لێرە هاوەڵناوی چۆنیەتیی (باش)، دوای ناوی چیرۆک هاتووە، کەواتە پێویستمان بە ئامرازی دانەپاڵی "ی" دەبێت.

بەڵام ئەگەر هاوەڵناوەکە (پێش ناو) هات، ئەوا پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نابێت. وەک:

 (باشترین) چیرۆکم خوێندەوە.

لێرە هاوەڵناوی چۆنیەتیی "باشترین" پێش ناوی چیرۆک هاتووە، کەواتە پێویستمان بە ئامرازی دانەپاڵ نابێت.

□□□□□□□○●□□□□□□□

**هاوەڵناو لە ڕووی ئەرکی ڕێزمانییەوە:**

هاوەڵناو دەتوانێت لە ڕستەدا ئەرک ببینێت، بەڵام ناتوانێت هەموو ئەرکێک لە ڕستەدا ببینێت، لەبەر ئەوەی ئەرکەکانی دیارییە، کە بەم شێوەی خوارەوەن:

1) هاوەڵناو دەبێتە (دیارخەری ناو)، وەک:

 کچێکی زیرەک هات.

2) دەبێتە (دیارخەری جێناو)، وەک:

 ئێوەی تێکۆشەر سەر دەکەون.

3) دەبێتە (تەواوکەری کاری ناتەواو)، وەک:

 ژوورەکە پاکە.

 ڕزگار زیرەکە.

 ڕزگار زیرەک بوو.

 ڕزگار زیرەک دەبێت.

4) دەبێتە (دیارخەری هاوەڵناوێکی تر)، وەک:

 کچێکی باڵابەرزی چاوشین هات.

***

هاوەڵناوی چۆنیەتی لە ڕووی ڕۆنان، پێکهاتن یان درووستکردنییەوە

هاوەڵناوی چۆنیەتی لە ڕووی پێکهاتن یان درووستکردنییەوە دەبێتە دوو جۆر:

1) هاوەڵناوی سادە

2) هاوەڵناوی ناسادە

هاوەڵناوی سادە: (وشەیەکی واتاداری سادەی سەربەخۆیە) واتە هیچ پێشگر یان پاشگرێکی زیادەی پێوە نییە. وەک:

(جوان، پاک، سەوز، شین، ڕەش، ترش، تاڵ، نەرم، خۆش ....)

==============================

هاوەڵناوی ناسادە: دوو جۆرە (داڕێژراو و لێکدراو)

هاوەڵناوی داڕێژراو: لە (وشەیەکی واتادار) لەگەڵ (پێشگرێک) یان (پاشگرێک) یان (هەردووکیان) پێک دێت.

هاوەڵناوی داڕێژراو لە 4 کەرەستە دروست دەکرێت: یان لە (هاوەڵناوی سادە) دروست دەکرێت، یان (ناوی سادە)، یان (قەدی چاوگ) یان (ڕەگی کار) لەگەڵ پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان پێکەوە.

 بە چەند ڕێگە، لە (هاوەڵناوی سادە)، هاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەکرێت؟ (2 ڕێگە)

1 هاوەڵناوی سادە + پاشگر

ڕوون + اک = ڕووناک

ژیر + انە = ژیرانە

2 پێشگر + هاوەڵناوی سادە

نە + خۆش = نەخۆش

نا + شاد = ناشاد

 بە چەند ڕێگە لە (ناوی سادە)، هاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەکرێت؟ (2 ڕێگە)

1 ناوی سادە + پاشگر

زێڕ + ین = زێڕین

غەم + گین = غەمگین

2 پێشگر + ناوی سادە

بە + تام = بەتام

بێ + هۆش = بێهۆش

 بە چەند ڕێگە، لە (ڕەگی کار)، هاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەکرێت؟ (3 ڕێگە)

1 ڕەگی کار + پاشگر

ترس + نۆک = ترسنۆک

زان + ا = زانا

2 پێشگر + ڕەگی کار

نە + گۆڕ = نەگۆڕ

نە + مر = نەمر

3 پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر

نا + بین + ا = نابینا

 بە چەند ڕێگە، لە (قەدی چاوگ)، هاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەکرێت؟ (2 ڕێگە)

1 قەدی چاوگی تێنەپەڕ + پاشگری (و، وو، ە)

خەوت + وو = خەوتوو

2 قەدی چاوگی تێپەڕ + پاشگری (ە)

کوشت + ە = کوشتە

==============================

 هاوەڵناوی لێکدراو:

(لە دوو وشەی سادەی واتادار یان پتر) پێک دێت.

ئەگەر چاو لە وێنەکە بکەن هاوەڵناوی لێکدراو بەم کەرەستانە دروست دەکرێت:

 ناو + ناو

چاو + باز = چاوباز

 ناو + ئامراز + ناو

گوڵ + بە + دەم = گوڵبەدەم

 دووپاتکردنەوەی ناو
پارچە + پارچە= پارچەپارچە

 ناو + ڕەگی کار
پیاو + کوژ = پیاوکوژ

 ناو + ڕەگی کار + پاشگر
خەبات + کە + ر = خەباتکەر

 ناو + هاوەڵناو
دڵ + خۆش = دڵخۆش

 ناو + هاوەڵناوی کراو
جەرگ + بڕاو = جەرگبڕاو

 هاوەڵناو + هاوەڵناو
ڕەش + ئەسمەر = ڕەشئەسمەر

 هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو
بۆر + ە + دەوڵەمەند = بۆرەدەوڵەمەند

 دووپاتکردنەوەی هاوەڵناو
خۆش + خۆش = خۆشخۆش

 هاوەڵناوی ژمارە + ناو
دوو + دڵ = دوودڵ

 هاوەڵناو + ئامراز + ناو
شۆڕ + ە + ژن = شۆڕەژن

 هاوەڵناو + ڕەگی کار
ڕەش + بین = ڕەشبین

 هاوەڵکار + ناو
ژێر + دەست = ژێردەست

بابەتی نوێ: **پلەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی**

هاوەڵناوی چۆنیەتی 3️⃣ پلەی هەیە:

1️⃣ پلەی چەسپاو

2️⃣ پلەی بەراورد

3️⃣ پلەی باڵا

 پلەی چەسپاو: ئەو هاوەڵناوەیە کە بۆ وەسفکردنی ناوێک یان جێناوێک بەکار دێت و بەراورد لە نێوان هیچکەس و شتێک ناکات. هەموو جۆرە هاوەڵناوێک لە دۆخی ئاساییدا پلەی (چەسپاو)ی هەیە بە مەرجێک پاشگرەکانی پلەی (بەراورد/ و باڵا  "تر/ ترین")ی پێوە نەلکابێت. نموونەی هاوەڵناو لە پلەی چەسپاو: (جوان، دەستڕەنگین، ڕەنگاڵە، پاک، سپی، ....) وەک:

☑️ ئاشتی فێرخوازێکی دەستڕەنگینە. (دەستڕەنگین پلەی چەسپاوە.)

☑️ ئێمە خێزانێکی بەختەوەرین. (بەختەوەر پلەی چەسپاوە.)

☑️ فێرخوازی زیرەک خۆشەویستە. (زیرەک پلەی چەسپاوە.)

☑️ ئەم ئەسپە خێرایە. (خێرا پلەی چەسپاوە.)

==============================

 پلەی بەراورد: ئەمە ڕێساکەیەتی: چەسپاو + تر وەک:

☑️ جوان + تر = جوانتر

☑️ بەهێز + تر = بەهێزتر

☑️ دڵسۆز + تر = دڵسۆزتر

☑️ خۆش + تر = خۆشتر

☑️ زیرەک + تر = زیرەکتر

☑️ ڕەش + تر = ڕەشتر

☑️ پاک + تر = پاکتر

☑️ هێمن + تر = هێمنتر

✔ پشیلە لە مشک بەهێزترە.

✔ دۆڵمە لە ماکارۆنی بەچێژترە.

 پلەی بەراورد: ئەو هاوەڵناوەیە کە بۆ بەراوردکردن لە نێوان دوو ناوی وەسفکراودا دێت کە هەردووکیان لە سیفەتەکەدا هاوبەشن بەڵام "یەکێکیان لەوی تریان زیاترە" و نیشانەی (تر) دەخرێتە کۆتایی هاوەڵناوەکە و ئامرازی (لە) دەخرێتە نێوان هەردوو ناوی بەراوردکراو. وەک:

☑ سۆما لە شیما زیرەکترە.

☑ ئەم ئەسپە لەم ئەسپەیان خێراترە.

==============================

 پلەی باڵا: ئەو هاوەڵناوەیە کە پلەی باڵایی ناوێک نیشان دەدات لە نێوان کۆمەڵە ناوێک کە هەموویان لە سیفەتەکەدا هاوبەشن بەڵام پلەی یەکێکیان لە هەموویان زیاترە و نیشانەی (ترین) دەخرێتە کۆتایی هاوەڵناوەکە.

 ڕێساکانی پلەی باڵا بەم شێوەی خوارەوەیە:

1⃣ چەسپاو + (ترین)

☑ باش + ترین = باشترین

☑ بەچێژ + ترین = بەچێژترین

✔ مەلەکردن باشترین وەرزشە.

✔ پیانۆ بەچێژترین میوزیکە.

2⃣ بەراورد + ین

☑ جوانتر + ین = جوانترین

 نێرگز جوانترین گوڵی بەهارە.

3⃣ (لە گشت، لە هەموو) + بەراورد

☑ ئاواز لە هەموو کچەکان جوانترە.

4⃣ هەرە + چەسپاو

☑ فێرگەی زمانی کوردی☀ هەرە پێشەنگە.

☑ کامەران فێرخوازی هەرە زیرەکی فێرگەیە.

==============================

 تێبینییەکی گرنگ//

دەتوانرێت بەهۆی وشەکانی (هەرە، لە گشت، لە هەموو) کە دەخرێتە پێش هاوەڵناوەکەوە، (هاوەڵناوی پلەی باڵا) دروست بکرێت. وەک:

کامەران فێرخوازی هەرە زیرەکی فێرگەیە.

⚠ ئێمە گوتمان هاوەڵناوی پلەی باڵا بە نیشانەی (ترین) دروست دەکرێت بەڵام، ئەگەر ئەم وشانە 👇👇👇👇👇👇👇👇👇👇👇👇 👇 👇
(لە گشت، لە هەموو، هەرە) لە ڕستەدا هات، ئەوا هاوەڵناوەکە دەبێت بە پلەی باڵا بەبێ ئەوەی نیشانەی (ترین)یش بچێتە سەری. وەک:

شیرین لە گشت فێرخوازان باشترە.

پوختەی پلەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی:

سێ پلەی هاوەڵناومان هەیە:

1⃣ پلەی چەسپاو

2⃣ پلەی بەراورد

3⃣ پلەی باڵا

ئەگەر هەر هاوەڵناوێک پاشگرەکانی (تر) و (ترین)ی وەرنەگرت، ئەوە پلەکەی چەسپاوە. وەک: جوان، گەرم....

ئەگەر هاوەڵناوەکە پاشگری (تر)ی وەرگرت ئەوە پلەکەی بەراوردە  جوانتر، گەرمتر

ئەگەر هاوەڵناوەکە پاشگری (ترین)ی وەرگرت ئەوا پلەکەی باڵایە.  جوانترین، گەرمترین

☑☑☑لێرە تێبینییەک هەیە دەبێت ئاگاداری بن:

ئێمە گوتمان هاوەڵناوی پلەی باڵا بە نیشانەی (ترین) دروست دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەم وشانە 👇👇👇👇👇👇👇👇👇👇👇👇 👇 👇
(لە گشت، لە هەموو، هەرە) لە ڕستەدا هات، ئەوا هاوەڵناوەکە دەبێت بە پلەی باڵا بەبێ ئەوەی نیشانەی (ترین)یش بچێتە سەری. وەک:

شیرین لە گشت فێرخوازان باشترە.

👆👆👆👆👆👆👆👆👆👆👆👆
لێرە دەبینن کە هاوەڵناوی (باشتر)  پاشگرەکەی (تر)ە بەڵام، پلەکەی دەبێتە باڵا بەهۆی وشەی (لە گشت).

هاوەڵناوی نیشانە: ئەو هاوەڵناوەیە کە دەستنیشانی ناوی کەسێک یان شتێک دەکات و وەسفی دەکات و بەئاسانی لە هاوچەشنەکانی خۆی جیای دەکاتەوە. هاوەڵناوی نیشانە دوو بەشە، بەشێکیان دەکەوێتە پێش ناوەکە و بەشەکەی تریان دەکەوێتە دوای ناوەکە. هەمیشە ناوە

دەستنیشانکراوەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو بەشەکە. ئەم دوو بەشە دەبنە دیارخەر بۆ ناوەکە و هەر ناوێک بە هاوەڵناوی نیشانە دەستنیشان بکرێت، ئەوا دەبێتە ناوێکی (ناسراو).

- هاوەڵناوی نیشانە 4 جۆرە:

1. (ئەم ....ە)  بۆ تاکی نێر و مێی نزیک:

ئەم کوڕە/ ئەم کچـە

2. (ئەو...ە)  بۆ تاکی نێر و مێی دوور:

ئەو کوڕە/ ئەو کچـە

3. (ئەم...انە)  بۆ کۆی نێر و مێی نزیک:

ئەم کوڕانە/ ئەم کچـانە

4. (ئەو...انە)  بۆ کۆی نێر و مێی دوور:

ئەو کوڕانە/ ئەو کچـانە

☑ ئەو دوو پارچانە  (ئەم ...ە)/(ئەو ...ە)/

(ئەم ...انە)/ (ئەو ...انە)  (دیارخەر)ی ناون.

☑ ئەو ناوەی دەچێتە نێوانیان دەبێتە: (دیارخراو) و (ناوێکی ناسراو).

==============================

 شرۆڤەی هاوەڵناوی نیشانە

1. ئەم گوڵـە جوانە.

2. ئەو گوڵـە جوانە.

کاتێ سەیری ڕستەکان دەکەین، دەبینین (ئەم ...ە)/ (ئەو ...ە) هاوەڵناوی نیشانەن، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان وەسفی ناوێکی کردووە، بەهۆی دەستنیشانکردنەوە لە هاوچەشنەکانی خۆیدا جیای کردووەتەوە. لە ڕستەی 1 هاوەڵناوی نیشانەی (ئەم ...ە) بۆ نزیک بەکار دێت، وشەی (گوڵ)ی دەستنیشان کردووە، وەکو سیفەتێک توانیویەتی لە هاوچەشنەکانی خۆیدا جیای بکاتەوە و بووەتە دیارخەری ناوی (گوڵ ).

لە ڕستەی 2 هاوەڵناوی نیشانەی (ئەو ...ە) بۆ دوور بەکار دێت، وشەی (گوڵ)ی دەستنیشان کردووە وەکو سیفەتێک توانیویەتی لە هاوچەشنەکانی خۆیدا جیای بکاتەوە و بووەتە دیارخەری ناوی (گوڵ).

=============================

- هاوەڵناوی نیشانە

1. جۆرێکە لە جۆرەکانی هاوەڵناو (لە ڕووی واتاوە).

2. هاوەڵناوی نیشانە تەنها یەک ئەرکی ڕێزمانیی هەیە ئەویش (دیارخەر)ە هەمیشە دەبێتە (دیارخەر)ی ئەو وشەیەی کە دەکەوێتە نێوان هەردوو کەرتی هاوەڵناوەکەوە.

3. هەمیشە لەگەڵ (ناو) دێت و ناوەکەش دەبێتە (ناوێکی ناسراو).

4. هاوەڵناوی نیشانە لە ناو ڕستەدا دەبێتە (دوو پارچە)، پارچەیەکیان دەکەوێتە پێش ناوەکە، پارچەکەی تریان دەکەوێتە دوای ناوەکە.

 ئەم گوڵە بکڕە.

 ئەم گوڵانە بکڕە.

 ئەو گوڵە بکڕە.

 ئەو گوڵانە بکڕە.

==============================

☑ ئەم دێـیە گەورەیە.

☑ ئەو دێـیانە گەورەن.

☑ ئەم کەیبانووە خاوێنە.

☑ ئەو کەیبانووانە خاوێنن.

 تێبینییەکی گرنگ

لە ڕستەکانی سەرەوە وشەکانی (دێ، کەیبانوو) دوو ناون بە پیتی بزوێنی (ێ، وو) کۆتاییان هاتووە، هەروەها هاوەڵناوی نیشانەکەش (ئەم ...ە) و (ئەو ...ە) بە پیتی بزوێنی (ە) کۆتایی هاتووە، بۆ ئەوەی دوو بزوێن بە دوای یەکدا نەیەن، ئەوا ناوبەندی گونجاو دەخەینە نێوانیانەوە، ئەو کاتە بەپێی مەبەست بەکاریان دێنین:

( ئەم + دێ + یـ + ە)  ئەم دێیە

(ئەو + کەیبانـوو + و + ە)  ئەو کەیبانووە

* (وو û) خۆی کورت دەکاتەوە بۆ (و u)

***

# ١٢. هاوەڵکار

**12) هاوەڵکار**

**هاوەڵكار لە ڕووی واتاوە پێک هاتووە لەم چەند بەشە:**

**١. هاوەڵكاری کاتی**

**٢. هاوەڵكاری شوێنی**

**٣. هاوەڵكاری چۆنیەتی**

**٤. هاوەڵكاری چەندیەتی**

 **هاوەڵكار (قید):** وشەیەکە یا چەند وشەیەکە وەسفی کار(فعل) دەکات. هاوەڵکار وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، "هاوەڵی کار، یان هاوڕێی کارە" تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر (کار)ی ڕستەکە بەکار دێت ئەگەرنا بەبێ هەبوونی هاوەڵكاریش ڕستەکە مانای تەواو دەبەخشێت و بەلادانی هاوەڵکار واتای ڕستەکەمان تێک ناچێت.

- هاوەڵکار  پەیوەندیی واتایی لەگەڵ کاردا هەیە. سنوورێک بۆ ڕوودانی کارەکە دادەنێت، دەبێتە تەواوکەری کارەکە.

***

 هاوەڵكاری کاتی

 1) من پار بە یەکەم دەرچووم.

 2) دەرگای خوێندنگە لەهاویندا دادەخرێت.

ڕاڤە: ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی سەرەوە، دەبینین:

 لە ڕستەی (من پار بە یەکەم دەرچووم)، بێژەی  (پار) وشەیە و پێی دەگوترێت: (هاوەڵکاری کات) چونکە کاتی ڕوودانی کار (فعل)ی (دەرچووم) دیار دەکات.

 لە ڕستەی (دەرگای خوێندنگە لەهاویندا دادەخرێت)، بێژەی  (لەهاوین) وشەیە و پێی دەگوترێت: (هاوەڵکاری کات) چوونکە کاتی ڕوودانی کاری (دادەخرێت) نیشان دەدات.

 هاوەڵکاری کاتی: ئەم جۆرە هاوەڵکارە لە ڕستەدا کاتی ڕوودانی کارەکە نیشان دەدات.

بەشێک لە هاوەڵکارە کاتییەکان ئەمانەن:

(دوێنێ، پێرێ، بەیانی، ئێستا، لەناکاو، ئەمساڵ، هەنووکە، درەنگ، نیوەڕۆ، ساڵ، مانگ، ئەمڕۆ، ڕۆژی هەینی، مانگی گوڵان، لەمەوپێش، پارشێو، ئێوارە، سبەی،بەم زووانە، جاران، لەمێژە، هەندێ جار، هەمیشە، ..... هتد)

☑ (لەزستان) بەفر دەبارێت

☑ ئەوان (ئێستا) نانەکەیان دەخۆن.

☑ من (دوێنێ) کچێکی جوانم بینی.

 ئەگەر بمانەوێت بزانین چۆن هاوەڵکاری کاتی لە ڕستەدا بناسینەوە، وشەی (کەی) لە جێی هاوەڵکارەکە دادەنێین بۆ نموونە:

دوێنێ باران باری.  کەی باران باری؟ (دوێنێ)/ کەواتە: دوێنێ هاوەڵکاری کاتییە.

***

## هاوەڵکاری شوێنی

 1) ژاڵە لەژێر کەپرەکەدا نووستبوو.

 2) کۆترەکە لەناو هێلانەکە هێلکەی کرد.

ڕاڤە: ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی سەرەوە دەبینین: لە ڕستەی (ژاڵە لەژێر کەپرەکەدا نووستبوو)، بێژەی  (لەژێر کەپرەکەدا) وشەیە و پێی دەگوترێت (هاوەڵکاری شوێن) چوونکە شوێنی ڕوودانی کاری (نووستبوو) نیشان دەدات.

 هەروەها لە ڕستەی (کۆترەکە لەناو هێلانەکە هێلکەی کرد)دا، بێژەی (لەناو هێلانەکە) وشەیە و پێی دەگوترێت (هاوەڵکاری شوێن) چوونکە شوێنی ڕوودانی کاری (کرد) دەست نیشان دەکات.

 هاوەڵکاری شوێنی:

ئەم جۆرە هاوەڵکارە لە ڕستەدا شوێنی ڕوودانی کارەکە نیشان دەدات:

بەشێک لە هاوەڵکارە شوێنییەکان ئەمانەن: (لەژێر، دوور، تەنیشت، پاش، پێش، ڕاست، چەپ، سەر، ژێر، خوار، بن، کن، لەسەرەوە، نێو، ناو، لەوێ، لێرە، نێوان، ..... هتد)

☑ منداڵەکە (لەسەر تەختەخەوەکە) خەوت.

☑ ماسی (لەناو ئاو) دەژی.

☑ چۆلەکەکە (لەسەر گوڵەکە) نیشتەوە.

 ئەگەر بمانەوێت بزانین چۆن هاوەڵکاری شوێنی لە ڕستەدا بدۆزینەوە ، وشەی (لە کوێ) لە جێی هاوەڵکارەکە دادەنێین بۆ نموونە:

 منداڵەکە لەسەربان نووست.

منداڵەکە (لە کوێ) نووست؟ (لەسەربان) کەواتە: لەسەربان هاوەڵکاری شوێنییە.

 شوێنی هاوەڵکار (قید) لە ڕستەدا:

هاوەڵکارەکان شوێنێکی دیاریکراویان نییە لە ڕستەدا، دەتوانن لە سەرەتا، ناوەڕاست یان کۆتایی ڕستەکەدا بێن:

 سەرەتا:  دوێنێ نەهاتم بۆ فێرگە.

 ناوەڕاست:  سۆزان دوێنێ وانەکەی نووسییەوە.

 کۆتایی:  لە سنە بووم دوێنێ.

***

## هاوەڵکاری چۆنیەتی

 سەرەتا پێناسەی هاوەڵکار (قید):

وشەیەکە یا چەند وشەیەکە وەسفی (کار "فعل") دەکات. هاوەڵکار وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، (هاوەڵی کارە)، واتە (دۆست و هاوڕێی کارە) و پەیوەستە بە (کار)ەوە و تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر (کار)ی ڕستەکە بەکار دێت چونکە بەبێ هەبوونی هاوەڵکاریش ڕستەکە مانای تەواو دەبەخشێت و بە لادانی هاوەڵکار واتای ڕستەکەمان تێک ناچێت.

هاوەڵکار  پەیوەندیی واتایی لەگەڵ (کار)دا هەیە و (ڕوویەکی ڕوودانی کاری ڕستەکە) دیار دەخات دەربارەی کاتی ڕوودانی کارەکە، شوێنی ڕوودانی کارەکە، چۆنیەتیی ڕوودانی کارەکە، چەندیەتیی ڕوودانی کارەکە و....

هەروەها دەبێتە (تەواوکەری کارەکەش).

- من (دوێنێ) کچێکی جوانم بینی. (دوێنێ: هاوەڵکاری کاتی)
- کۆترەکە (لەناو هێلانەکە) هێلکەی کرد. (لەناو هێلانەکە: هاوەڵکاری شوێنی)
- ئازاد (بەپەلە) هات. (بەپەلە: هاوەڵکاری چۆنیەتی)
- منداڵەکە (زۆر) گریا. (زۆر: هاوەڵکاری چەندیەتی) "هاوەڵکاری چەندیەتی لە داهاتوودا باسی دەکەین".

### هاوەڵکاری چۆنیەتی:

وشەیەکە یا چەند وشەیەکە (چۆنیەتی)ی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە. بۆ نموونە ئەمانەی خوارەوە هاوەڵکاری چۆنیەتین:

(خێرا، جوان،خراپ، چاک، باش، هێدی، بەگوڕ، توند، لەسەرخۆ، بەژیری، بەچاکی، بەپەلە، بەنازداری، بەهێمنی، بەپێکەنین، بەساردی، بەخۆشی،...)

- هاوەڵکاری چۆنیەتی وەڵامی وشەی پرسی (چۆن) دەداتەوە.

نموونە لە ڕستەدا:

- وانەکەمان (بەپەلە) تەواو کرد.

وانەکەمان (چۆن) تەواو کرد؟  بەپەلە (بەپەلە: هاوەڵکاری چۆنیەتییە)

- مامۆستا (بەپێکەنینەوە) هاتە ژوورەوە.

مامۆستا (چۆن) هاتە ژوورەوە؟  بەپێکەنینەوە

(بەپێکەنینەوە: هاوەڵکاری چۆنیەتیە.)

- شرۆڤەی زیاتری هاوەڵکاری چۆنیەتی:

1. دەرگاکەم (باش) داخستووە.
2. وانەکەمان (بەپەلە) نووسییەوە.
3. گەلی کورد (شێرانە) ڕاپەڕی.
4. ئێمە (بەسەربەرزی) دەژین.

لە ڕستەی 1 ئەگەر بپرسین دەرگاکەت چۆن داخستووە؟ دەڵێین (باش)

لە ڕستەی 2 ئەگەر بپرسین وانەکەتان چۆن نووسییەوە؟ دەڵێین: (بەپەلە)

لە ڕستەی 3 ئەگەر بپرسین گەلی کورد چۆن ڕاپەڕی؟ دەڵێین: (شێرانە)

لە ڕستەی 4⃣ ئەگەر بپرسین ئێوە چۆن دەژین؟ دەڵێن: (بەسەربەرزی).

هەمووی ئەم وەڵامانە لە شوێنی خۆیاندا وەکوو هاوەڵکارێک وەسفی (چۆنیەتیی) ڕوودانی ڕستەکانیان دەکەن و (دەبنە تەواوکەری واتای کارەکانیان). لەبەر ئەوە پێیان دەگوترێت: (هاوەڵکاری چۆنیەتی).

□ تێبینی:

هاوەڵکاری چۆنیەتی لەگەڵ کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی، تێپەڕ یان تێنەپەڕ دێت و هیچ جیاوازییەکی نییە.

ڕابردوو □ نانەکەم (خێرا) خوارد.

ڕانەبردوو □ نانەکە (خێرا) دەخۆم.

داخوازی □ نانەکە (خێرا) بخۆ.

تێپەڕ □ من (خێرا) نان دەخۆم.

تێنەپەڕ □ ئەو (خێرا) هات.

□ تێبینی:

هاوەڵکاری چۆنیەتی تەنها یەک ئەرکی ڕێزمانیی لە ڕستەدا هەیە ئەویش (تەواوکەری کاری تەواوە).

⚠ خاڵێکی گرنگ:

هاوەڵکاری چۆنیەتی هەرگیز نابێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

□□□ تێبینییەکی زۆر زۆر گرنگ:

جیاوازیی نێوان (هاوەڵناوی چۆنیەتی) و (هاوەڵکاری چۆنیەتی):

✔ هەندێ وشەمان هەیە دەتوانن هەم ببن بە هاوەڵناوی چۆنیەتی و هەم هاوەڵکاری چۆنیەتی وەکوو: (باش، جوان، خراپ، ڕێک، بەرز، چاک، توند...) ئینجا بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە، پێویستە ئەمە بزانین:

1⃣. هاوەڵکاری چۆنیەتی (وەسفی کارێک) دەکات بۆیە ئەگەر ئەم وشانە وەسفی کارێکیان کرد، دەبنە هاوەڵکاری چۆنیەتی.

2⃣. هاوەڵکاری چۆنیەتی هەمیشە دەبێتە (تەواوکەری کاری تەواو). بەڵام

1️⃣. هاوەڵناوی چۆنیەتی (وەسفی ناوێک) دەکات بۆیە ئەگەر ئەم وشانە وەسفی ناوێک بکەن لە ڕستەدا، ئەوا دەبنە هاوەڵناوی چۆنیەتی.

2️⃣. هاوەڵناوی چۆنیەتی تەنها دەبێتە (دیارخەری ناو و تەواوکەری کاری ناتەواو).

⚠ کەواتە هاوەڵکاری چۆنیەتی لە بنەڕەتدا هەمان هاوەڵناوی چۆنیەتییە بە مەرجێک دەبێتە (هاوەڵکاری چۆنیەتی) کە لە ڕستەدا، وەسفی (کار) بکات. بۆ نموونە:

وشەی (لەسەرخۆ) لەم دوو ڕستەی خوارەوە:

□ ئێلینا لەسەرخۆیە. (لەسەرخۆ: هاوەڵناوی چۆنیەتییە) □ چونکە تەواوکەری کاری ناتەواوی (ە)یە

□ ئێلینا لەسەرخۆ دەڕوات. (لەسەرخۆ: هاوەڵکاری چۆنیەتییە) □ چونکە وەسفی کارەکەی کردووە و تەواوکەری کاری تەواوی (دەڕوات)ە.

نموونەیەکی تر: □ (جوان)

□ ئێلینا جوانە. (جوان: هاوەڵناوی چۆنیەتییە) □ چونکە تەواوکەری کاری ناتەواوی (ە)یە.

□ ئێلینا جوان دەڕوات. (جوان: هاوەڵکاری چۆنیەتییە) □ چونکە وەسفی کارەکەی کردووە و تەواوکەری کاری تەواوی (دەڕوات)ە.

نموونەیکی تر:

دەرگایەکی جوانیان هەیە. (جوان: هاوەڵناوی چۆنیەتییە) □ چونکە دیارخەری ناوی دەرگایە و وەسفی دەرگای کردووە.

دەرگاکە جوان دابخە. (جوان: هاوەڵکاری چۆنیەتییە) □ چونکە وەسفی کارەکەی کردووە و تەواوکەری کاری تەواوی (دابخە)یە.

□ تێبینی:

گوتمان هاوەڵکاری چۆنیەتی، وەڵامی وشەی پرسی (چۆن) ئەداتەوە. چاو لەم دوو ڕستەیە بکەن:

1️⃣. مامۆستا لەسەرخۆ بوو.

2️⃣. مامۆستا لەسەرخۆ هات.

دەبینین هەردووکیان وەڵامی وشەی پرسی (چۆن) ئەدەنەوە.

مامۆستا چۆن بوو؟ □ (لەسەرخۆ) بوو.

مامۆستا چۆن هات؟ □ (لەسەرخۆ) هات.

□ پرسیار: (لەسەرخۆ) □ لە کامەیان هاوەڵکاری چۆنیەتییە؟

□ وەڵام: لە ڕستەی 2 هاوەڵکاری چۆنیەتییە، لەبەر ئەوەی:

☑ هاوەڵکاری چۆنیەتی تەنها یەک ئەرکی ڕێزمانیی هەیە لە ڕستەدا ئەویش (تەواوکەری کاری تەواوە) و هەرگیز نابێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

***

## هاوەڵکاری چەندیەتی:

□ پێناسەی هاوەڵکاری چەندیەتی:

ئەو هاوەڵکارەیە بڕ و ئەندازە (مقدار)ی (کاری) ڕستەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. یان ئەو هاوەڵکارەیە لە ڕستەدا، چەندێتی (بڕی) ڕوودانی کارێکی تەواو نیشان دەدات، هەروەها دەبێتە تەواوکەری کارەکە.

✔ ئەمانە هاوەڵکاری چەندیەتین: (زۆر، کەم، کەمێک، گەلێ، گەلێک، تۆزێ، هەندێک، نەختێ، فرە، کۆڵێ...)

□ نەخۆشەکە (کەمێک) دەکۆکێت. (کەمێک □ هاوەڵکاری چەندیەتییە.)

□ منداڵەکە (زۆر) گریا. (زۆر □ هاوەڵکاری چەندیەتییە.)

==============================

□ شرۆڤەی هاوەڵکاری چەندیەتی:

1. ماڵەکە (زۆر) سووتا.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە دەبینین (زۆر) هاوەڵکاری چەندییە و تەواوکەری کاری (سووتا)یە، چونکە (چەندیەتی)ی ڕوودانی کارەکەی دەرخستووە.

2. ئاڤان (گەلێ) دانیشت.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە دەبینین (گەلێ) هاوەڵکاری چەندییە و تەواوکەری کاری (دانیشت)ە. چونکە (چەندیەتی)ی ڕوودانی کارەکەی دەرخستووە.

==============================

□ ئەرکی هاوەڵکاری چەندیەتی:

هاوەڵکاری چەندیەتیش هاوشێوەی هاوەڵکارەکانی تر، تەنها یەک ئەرکی ڕێزمانیی هەیە ئەویش: (تەواوکەری کاری تەواوە.) نموونە:

▫ نانەکە (کەمێک) دەخۆم. ▫ (کەمێک هاوەڵکاری چەندیەتییە و تەواوکەری کاری تەواوی "دەخۆم"ە.

==========================

▫ تێبینی:

وشەکانی (زۆر، کەم، کەمێک، بڕێک، نەختێک، هەندێک، فرە،...) بەپێی هاتنیان لەناو ڕستەدا، هەم دەبن بە "هاوەڵکاری چەندیەتی" و هەم دەبن بە "هاوەڵناوی نادیار".

پرسیار ⁉ چ کات دەبن بە هاوەڵناوی نادیار؟

وەڵام: ئەگەر ئەم 3 مەرجەیان هەبوو، دەبنە هاوەڵناوی نادیار:

1. ئەگەر (وەسفی ناوێک یان جێناوێکیان) کرد بەهۆی (ئامرازی دانەپاڵی "ە، ی" )

☑ خەڵکێکی (زۆر) ئاوارە بوون.

☑ بەفرە (زۆر)ەکە توایەوە.

2. یان ببن بە تەواوکەری کاری ناتەواوی (ە، بوو، دەبێت)

☑ ئاوی ڕووبارەکە (کەم)ە. (کەم: هاوەڵناوی نادیار)

☑ ئاوی ڕووبارەکە (کەم) بوو. (کەم: هاوەڵناوی نادیار)

☑ ئاوی ڕووبارەکە (کەم) دەبێت. (کەم: هاوەڵناوی نادیار)

3. یان ئەگەر (لە پێش ناو هاتن) واتە (ئەندازەیەک لە ناوەکە دیاری بکەن و ببنە دیارخەر بۆی) .

☑ (زۆر) باران باری.

پرسیار ⁉ چ کات دەبن بە هاوەڵکاری چەندیەتی؟

وەڵام:

1. ئەگەر مەرجەکانی سەرەوەیان نەبوو.

2. ئەگەر (وەسفی کاری ڕستەکەیان کرد) بەڵام بە مەرجێک کاری ڕستەکە (کارێکی تەواو) بێت دەبنە هاوەڵکاری چەندیەتی چونکە هاوەڵکاری چەندیەتی نابێتە تەواوکەری کاری ناتەواو. نموونە:

✔ فەرشەکە (زۆر) دڕا.

✔ ئاوەکە (کەمێک) ڕژاوە.

✔ منداڵەکە (فرە) گریا.

==========================

 هاوەڵناوی نادیار

- هەمیشە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات لە ڕووی ژمارە و بڕی بە شێوەیەکی نادیار.

1. (لە پێش ناو) بەکار دێت، بێ بەکارهێنانی ئامرازی دانەپاڵی (ی، ە).

☑ زۆر بەفر باری.

2. (لە دوای ناو) بەکار دێت، بە بەکارهێنانی ئامرازی دانەپاڵی "ی، ە".

☑ خەڵکێکی زۆر هاتن.

☑ بەفرە زۆرەکە توایەوە.

3. تەنها ئەرکی (دیارخەری ناو) دەبینێت.

☑ ڕۆژگار هەموو مرۆڤێک دەردەخات.

(هەموو)  دیارخەری ناوی (مرۆڤێک)ە.

# ١٣. پێشبەند (prepositions)

**13) پێشبەند (پریپۆزیشن) Prepositions**

 پێشبەند (پریپۆزیشن)/ (حروف جر یا حروف اضافه) چییە؟

 پێشبەند، پێوەندیی نێوان ناو، جێناو یان بەشەکانی دیکەی ڕستە لەگەڵ کردار نیشان دەدات و زۆرتر دێنە پێش ناوەوە.

پێشبەندی "بە، لە، بۆ" + (ناو، جێناو)

 ڕاقـــە ◍◍

1) نەخشین دەستی (بە) سابوون دەشوات.

2) نارین (لە) باخچە یاری دەکات.

3) هێمن (بۆ) کرماشان دەچێت.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی سەرەوە دەبینین: لە ڕستەی یەکەمدا (بە) بریتییە لە پێشبەند، وشەی سابوون دەخاتە ناو ڕستەکەوە.

لە ڕستەی دووەمدا، (لە) بریتییە لە پێشبەند، وشەی باخچە دەخاتە ناو ڕستەکەوە.

لە ڕستەی سێهەمدا، (بۆ) بریتییە لە پێشبەند، وشەی کرماشان دەخاتە ناو ڕستەکەوە.

لە زمانی کوردی هەندێ پێشبەندمان هەیە بەڵام سەرەکیترین پێشبەندەکان لە زمانی کوردیدا کە زیاتر خۆمان کەڵکی لێ وەردەگرین ئەمانەن:

1)  لە

2)  بە

3)  بۆ

4)  ە  (کورتکراوەی (بە) یان (بۆ)یە.

☑ هەندێ جار واتای (بە) دەدات

☑ هەندێ جاریش واتای (بۆ).

تێبینی: پێشبەندەکانی (بە، لە، بۆ) هەر کاتێ لە ڕستەدا بێن دەبێ جودا بنووسرێن و نابێ بلکێن بە وشەکەی پێش خۆیان و پاش خۆیانەوە.

 لە:

پێشبەندە و پێوەندیی لە نێوان دوو وشەی ڕستەدا دروست دەکات بۆ نموونە:

☑ ئێمە (لە) فێرگە دەخوێنین.

 بە:

پێشبەندە و پێوەندیی لە نێوان دوو وشە یان دوو بەشی ڕستە پێک دێنێ.

☑ من (بە) ئێوە سەربەرزم.

 بۆ:

پێشبەندە و دەتوانێ پێوەندی لە نێوان دوو وشە لە ناو ڕستەدا پێک بێنێ. بۆ نموونە:

☑ من چووم (بۆ) بازاڕ.

لە ڕستەی سەرەوە پێشبەندی (بۆ)

توانیویەتی پێوەندی لە نێوان وشەی (بازاڕ) لەگەڵ ڕستەکە پێک بێنێ و وشەی بازاڕی پەیوەند داوە بە ڕستەکەوە. لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت پێشبەند. لێرە بۆ همان حرف اضافه به در زبان فارسی است  من رفتم به بازار.

 ە:

هەر بەو جۆرەی لە سەرەوە ئاماژەمان کرد، (ە) لە جیاتی (بۆ) و (بە) بەکار دەهێنرێت بۆ نموونە:

 من چوومە بازاڕ.

- لەم ڕستەیە (ە) پەیوەندیی لە نێوان (چووم - بازاڕ) پێک هێناوە و لە جیاتی (بۆ) بەکار هاتووە.

 من چووم بۆ بازاڕ. 

 ساناز دەبێتە مامۆستا.

- لێرە لە جیاتی (بە) بەکار هاتووە.

 ساناز دەبێت بە مامۆستا 

***

# ١٤. بنچینەکانی ڕستە (بکەر و کار)

**14) بنچینەکانی ڕستە (بکەر و کار)**

ڕستە لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت:

☑ (کۆمەڵەی ناو و کۆمەڵەی کار)

 کۆمەڵەی ناو (بکەر "فاعل" - نیهاد "نهاد")

 کۆمەڵەی کار (کار "فعل" - گوزارە "گزارە")

- ئەگەر یەکێکیان لاببرێت، ڕستە تێک دەچێت و لە مەبەستەکەی ناگەین.

 بنچینەکانی ڕستە:

(بکەر، کار)  فاعل و فعل

(نیهاد، گوزارە)  نهاد و گزارە

☑ تێبینی: ئەگەر کاری ڕستەکە (تەواو) بوو، بنچینەکانی ڕستە لە کۆمەڵەی ناو دەبێتە (بکەر) و لە کۆمەڵەی کار دەبێت بە (کار).

☑ ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی (ناتەواو) بوو، بنچینەکانی ڕستە لە کۆمەڵەی ناو دەبێتە (نیهاد) و لە کۆمەڵەی کار دەبێت بە (گوزارە).

لەم وانەیە کۆمەڵەی یەکەم (بکەر و کار واتە فاعل و فعل) شرۆڤە دەکەین.

 ڕستە: بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەک پێکەوە واتایەکی تەواو دەدەن و لە دوو کۆمەڵەی سەرەکی پێک دێت.

 کۆمەڵەی ناو: بریتییە لە وشەیەک یان کۆمەڵە وشەیەک، کە لە سەرەتای ڕستەدا دێت، کارێک دەکات یان کارێکی دەدرێتە پاڵ. نموونە :

☑ منداڵەکە خەوت

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە، ئەوا دەبینین وشەی "منداڵەکە" کۆمەڵەی "ناو"ە. ئەرکەکەی بریتییە لە بکەر.

 کۆمەڵەی کار: وشەیەکە یان کۆمەڵە وشەیەکە کردەوەیەک دەداتە پاڵ کۆمەڵەی ناو لە کاتێکی دیاریکراودا.

☑ (هات، خەوت، دەبیستم، دەنووسێت)

نموونە:

☑ئاراز بابەتەکە دەنووسێت.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین "دەنووسێت" کۆمەڵەی "کار"ە. ئەرکەکەی بریتییە لە کار.

 ئەگەر کاری ڕستەکە (کاری تەواو) بوو، بنچینەکانی ڕستە لە کۆمەڵەی ناو دەبێتە (بکەر) و لە کۆمەڵەی کار دەبێت بە (کار)

 بکەر (فاعل) :

ئەو کەسەیە یا ئەو شتەیە ، کە لە ڕستەدا کارێکی کردووە یان کارێک دەکات یان کارێکی دەدرێتە پاڵ.

 کار (فعل):

ئەوەیە کە کردەوەیەک پیشان دەدات و دەدرێتە پاڵ کەسێک یان شتێک لە کاتێکی دیاریکراودا.

ڕاڤەی زیاتر:

 1) ئاراس هات.

 2) نەسرین خەوت.

 3) من ستران دەبیستم.

 4) ڕێباز نامە دەنووسێت.

لە ڕستەی (ئاراس هات)  "ئاراس" بەر کۆمەڵەی ناو کەوتووە و دەوری بکەری ڕستەی گێڕاوە، چوونکە کاری (هاتن)ی بە ئەنجام گەیاندووە و وشەی "هات" بەر کۆمەڵەی کار دەکەوێت و کارە، چوونکە کردەوەیەک لە کاتێکی دیاریکراودا دەردەخات.

هەروەها ڕستەکانی دیکە بە هەمان شێوە ڕاڤە دەکرێن.

 بکەر:

(نەسرین) شووتی دەخوات.  نەسرین بکەرە.

 (خانووەکە) سووتا.  خانووەکە بکەرە.

 (شیرین) هات.  شیرین بکەرە.

 کار:

هێمن چیرۆک (دەخوێنێتەوە).  کارە

کۆتری سپی (فڕی).  کارە

من وانەکەم (خوێند). □ کارە

***

# ١٥. بنچینەکانی ڕستە (نیهاد و گوزارە)

**15) بنچینەکانی ڕستە (نیهاد و گوزارە):**

باسی کۆمەڵەی دووهەمی بنچینەکانی ڕستە لە ڕێزمانی کوردییەوە دەکەین کە دەبنە: (نیهاد و گوزارە)

ڕستە: بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەک پێکەوە واتایەکی تەواو دەدەن و لە دوو کۆمەڵەی سەرەکی پێک دێت.

□ ڕستە لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت (کۆمەڵەی ناو و کۆمەڵەی کار)

ئەگەر یەکێکیان لابرێت ڕستە تێک دەچێت و لە مەبەستەکەی ناگەین.

□ ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی ناتەواو بوو، بنچینەکانی ڕستە بریتین لە: □ نیهاد و گوزارە.

□ نیهاد: وشەیەکی بنچینەییە لە ڕستەدا "ناو یا جێناوێکە" سیفەتێک یان هەواڵێکی دەدرێتە پاڵ بەڵام بە هیچ کارێک هەڵناسێت.

□ گوزارە: بریتییە لە کاری ناتەواو بە یارمەتیی وشەیەکی دیکە، سیفەتێک یان هەواڵێک دەداتە پاڵ نیهاد. نموونە:

- منداڵەکە خۆشەویستە.

نیهاد: □ منداڵەکە

گوزارە: □ خۆشەویستە

کاری ناتەواو: □ ە

□ ڕاڤەی نیهاد و گوزارە و کاری ناتەواو:

**دایکەکە دڵسۆز بوو.**

- ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە دەبینین: وشەی دایکەکە ناوە، نیهادە، چونکە سیفەتێکی دراوەتە پاڵ، وشەی (بوو) کاری ناتەواوە، بە یاریدەی "بە یارمەتیی" وشەی (دڵسۆز)، بووە بە گوزارە و سیفەتێکی داوەتە پاڵ دایکەکە.

□ نیهاد □ دایکەکە

□ گوزارە □ دڵسۆز بوو

□ کاری ناتەواو □ بوو

**سەردار گەنجێکی ڕۆشنبیرە.**

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە دەبینین: وشەی (سەردار) ناوە، نیهادە چونکە سیفەتێکی دراوەتە پاڵ. وشەی (ە) کاری ناتەواوە بە یاریدەی "بە یارمەتیی" وشەی (ڕۆشنبیر)، بووە بە گوزارە و سیفەتێکی داوەتە پاڵ سەردار.

□ نیهاد: □ سەردار

□ گوزارە: □ گەنجێکی ڕۆشنبیرە.

□ کاری ناتەواو: □ ە

**قوتابییەکە دەبێت بە پزیشک.**

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە دەبینین: وشەی (قوتابییەکە) ناوە، نیهادە چوونکە هەواڵێکی دراوەتە پاڵ.

وشەی (دەبێت) کاری ناتەواوە، بە یاریدەی وشەی (پزیشک)، بووە بە گوزارە و هەواڵێکی داوەتە پاڵ قوتابییەکە.

□نیهاد: □ قوتابییەکە

□گوزارە: □ دەبێت بە پزیشک

□ کاری ناتەواو: □ دەبێت

***

# ١٦. کاری ناتەواو

16) کاری ناتەواو

تێبینی: هەرچی کار(فعل) هەیە لە زمانی کوردیدا، کاری تەواوە، تەنها

☑ ە  بۆ کاتی ئێستا

☑ بوو  بۆ کاتی ڕابردوو

☑ ب  "دەبم، دەبیت، دەبێت، دەبین، دەبن، دەبن) بۆ کاتی داهاتوو

کە لە چاوگی (بوون) وەردەگیرێن ناتەواون.

 (ە، بوو، دەبێت)  کاری ناتەواون

 (فعل) کاری ناتەواو:

بەو کارانە دەگوترێت کە بەتەنیا بەکار نایەن، بەڵکوو دەچنە پاڵ وشەیەکی تر، کە پێیان دەگوترێت تەواوکەری کاری ناتەواو ،ئینجا واتا دەبەخشن. کارە ناتەواوەکان لە زمانی کوردیدا لە چاوگی (بوون)ەوە وەرگیراون بۆ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەکار دێن. نموونە:

 کاروان زیرەکە.  (ە) کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا.

 کاروان زیرەک بوو. (بوو) کاری ناتەواو بۆ کاتی ڕابردوو.

 کاروان زیرەک دەبێت.  (دەبێت) کاری ناتەواو بۆ کاتی داهاتوو.

***

# ١٧. جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی دەربڕینەوە

ڕستە لە ڕووی چۆنیەتی دەربڕینەوە 4 جۆرە:

☑ 1) ڕستەی ڕاگەیاندن "خبری" (.)

☑ 2) ڕستەی داخوازی "امری" (.)

☑ 3) ڕستەی پرسیاری "پرسشی" (؟)

☑ 4) ڕستەی سەرسوڕمان "تعجبی" (!)

 1) ڕۆژان دەچێتە قوتابخانە.

 2) کێ بۆ مەهاباد چوو؟

 3) شیلان بۆ سنە بڕۆ.

 4) کرماشان چەند خۆشە!

ڕاڤە:

لەم ڕستانەی لای سەرەوە، هەر یەکە واتایەکی تەواوی هەیە بۆ مەبەستێکی جیاواز بەکار هاتووە و بە هێمایەکی گونجاو کۆتایی هاتووە.

 لە ڕستەی یەکەمدا ڕاگەیاندنێکی تێدایە.

 لە ڕستەی دووەمدا لە مەبەستێک دەپرسێت.

 لە ڕستەی سێهەمدا داخوازییەک دەکات، فەرمانێک دەدات.

 لە ڕستەی چوارەمدا، سەرسوڕمانێک هەیە.

پێناسە:

ڕستە لە ڕووی چۆنیەتی دەربڕینەوە 4 جۆرە:

1) ڕستەی ڕاگەیاندن: ڕستەیەکە ڕاگەیاندنێک دەگەیەنێت و لە کۆتاییدا خاڵێک (.) دادەنرێت.

☑ دوێنێ باران باری.

2) ڕستەی داخوازی: ڕستەیەکە داخوازیی پێ دەکرێت، لە کۆتاییدا خاڵێک (.) دادەنرێت.

☑ بڕۆ بۆ فێرگە.

3) ڕستەی پرس: ڕستەیەکە پرسیاری پێ دەکرێت، کۆتایی بە نیشانەی پرس (؟) دێت.

- ئامرازە پرسەکان ئەمانەن: (کێ، کام، چۆن، ئایا، کەی، چ، کوێ.... هتد)

☑ گەنم چۆن دەچێندرێت؟

4) ڕستەی سەرسوڕمان: ڕستەیەکە سەرسوڕمانی تێدایە، لە دوای وشەی سەرسوڕمان، یان لە کۆتایی ڕستەکە نیشانەی سەرسوڕمان (!) دادەنرێت.

 تێبینی: ئەگەر لە ڕستەیەکدا وشەی سەرسوڕمان هەبوو، نیشانەی سەرسوڕمان ( ! ) پاش وشەی سەرسوڕمانەکە دێت. نموونە:

☑ ئۆف! پشتم ئازاری زۆرە.

- چەند نموونە وشەی سەرسوڕمان:

(ئای، ئۆف، ئافەرین، ئۆخەی... هتد)

پوختەی باسەکە:

 هێماکانی کۆتایی ڕستە:

☑ لە زمانی کوردیدا 3 هێمامان هەیە کە بۆ 4 مەبەستی ڕستە گۆ دەکرێت:

 1) هێمای (.) خاڵ  بۆ دوو جۆر مەبەستی ڕستە بەکار دێت:

(ڕستەی ڕاگەیاندن یان هەواڵی)

(ڕستەی داخوازی)

 2) هێمای ( ? ) پرسەک: بۆ ڕستەی پرسیاری

 3) هێمای ( ! ) سەرسوڕمان: بۆ ڕستەی سەرسوڕمان

***

# ١٨. تەواوکەر

18) تەواوکەر (متمم)

 پێناسەی تەواوکەر: هەموو ئەو وشانەی لە ڕستەدا هەن، جگە لە (بکەر و نیهاد) لە کۆمەڵەی ناو/ (کار) لە کۆمەڵەی کار، تەواوکەریان پێ دەگوترێت.

 ڕاڤەی تەواوکەر:

لە وانەکانی پێشتردا ئەوەمان ڕوون کردەوە کە ڕستە لەسەر دوو بنچینەی سەرەکی پێک دێت کە (بکەر و کار)ن.

1) گەڵای دارەکە وەری.

- لەم ڕستەیە (گەڵا) بکەرە و (وەری) کارە.

2) شووشەی پەنجەرەکە شکا.

- لەم ڕستەیە (شووشە) بکەرە و (شکا) کارە.

3) منداڵی زیرەک سەر دەکەوێت.

- لەم ڕستەیە (منداڵی) بکەرە و (سەر دەکەوێت) کارە.

4) ماسی لە ئاودا دەژی.

- لەم ڕستەیە (ماسی) بکەرە و (دەژی) کارە.

5) گوێزی هەورامان بە دەست دەشکێت.

- لەم ڕستەیە (گوێز) بکەرە و (دەشکێت) کارە.

ڕەنگە بپرسن ئەی وشەکانی دیکەی ناو ڕستەکە چین؟ و بۆچی بەکار هاتوون؟

لەوەڵامدا دەڵێین: جگە لە دوو وشە بنچینەییەکە، کە (بکەر و کار)ن

وشەکانی دیکە پێیان دەگوترێت: (تەواوکەر).

جارێکی تر سەرنج بدەینە ڕستەکان:

لە ڕستەی □ گەڵای دارەکە وەری. (دارەکە) تەواوکەری بکەری (گەڵا)یە.

لە ڕستەی □ شووشەی پەنجەرەکە شکا. (پەنجەرەکە) تەواوکەری بکەری (شووشە)یە.

لە ڕستەی □ منداڵی زیرەک سەر دەکەوێت. (زیرەک) تەواوکەری ناوی (منداڵ)ە.

لە ڕستەی □ ماسی لە ئاودا دەژی. (لە ئاودا) تەواوکەری کاری (دەژی)یە

لە ڕستەی □ گوێزی هەورامان بە دەست دەشکێت. (هەورامان) تەواوکەری بکەری (گوێز)ە/ (بە دەست) تەواوکەری کاری (دەشکێت)ە.

 كەواتە، ڕستە لەسەر دوو بنچینەی سەرەکی دادەمەزرێت کە (بکەر و کار)ن

و هەرچی لەو دوو وشەیە زیاتر بوو، دەبێتە تەواوکەر، کە بۆ تەواوکردن و دیاریکردنی واتاکانیانە.

- دوو جۆر (تەواوکەر)مان هەیە:

1) تەواوکەری ناو (کە پێی دەڵێین دیارخەری ناو)

2) تەواوکەری کار (کە ئەویش خۆی دەبێتە سێ بەش)

"تەواوکەری بەیاریدە، بەرکار، هاوەڵکار"

 تەواوکەری ناو:

"ناو، جێناو، یان هاوەڵناوێکە" لە ڕستەدا،

بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە بەکار دێت لە کۆمەڵەی (ناو)دا و دیارخەری ناوەکەیە (تەواوکەری ناوەکەیە). یاساکەی ئەمەیە:

ناو + ئامرازی دانەپاڵی "ی" + "ناو، جێناو ،هاوەڵناو" نموونە :

 گەڵای دارەکە وەری.

گەڵا  ناوە

ی  ئامرازی دانەپاڵە

دارەکە  (تەواوکەر)ی ناوی "گەڵا"یە

وەری  کارە

 دۆی ترش خۆشە.

دۆ  ناوە

ی  ئامرازی دانەپاڵە

ترش  هاوەڵناوە، (تەواوکەر)ی ناوی "دۆ"یە

ە  کاری ناتەواوە

 تەواوکەری کار: وشەیەکە لە ناو ڕستەدا لایەنی واتایی "کار" ڕوون دەکاتەوە. نموونە: نانەوا نان دەبرژێنێت.

نانەوا  بکەر

دەبرژێنێت  کار

(نان) تەواوکەری کارە، نانەوا چی دەبرژێنێت؟  (نان)/ کەواتە: نان بەرکار و تەواوکەری کاری (دەبرژێنێت)ە

 شارا گوڵەکەی چاند. (گوڵەکە) تەواوکەری کارە.

 ئێوە لە یاری سەر کەوتن؟ (یاری) تەواوکەری کارە.

 تەواوکەرەکانی کار بریتین لە:

☑ تەواوکەری بەیاریدە

☑ هاوەڵکار

☑ بەرکار

======================

 تەواوکەری بەیاریدە:

ئامرازی (بە، لە، بۆ) + "ناو، جێناو، هاوەڵناو"

☑ ئەو وشانەی پاش ئامرازی (بە، بۆ، لە) دێن، دەبنە تەواوکەری کار. نموونە:

 براکەم بە فڕۆکە گەشت دەکات.

(فڕۆکە  تەواوکەری کاری "گەشت دەکات"ە)

 یاریزانەکە بۆ یارییەکە چوو.

(یارییەکە  تەواوکەری کاری "چوو"ە)

 هاوڕێکەم لە قوتابخانە کار دەکات.

(قوتابخانە  تەواوکەری کاری "کار دەکات"ە)

 هاوەڵکار: وشەیەکە لەناو ڕستەدا "کات، شوێن، چەندیەتی و چۆنیەتی" ڕوودانی کار دەر دەخات. نموونە:

 نازەنین ئەمڕۆ وەرزش دەکات.

(ئەمڕۆ  هاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری کاری وەرزش دەکات)ە.

 منداڵەکە لەژێر دارەکە خەوت.

(لەژێر دارەکە  هاوەڵکاری شوێنییە، تەواوکەری کاری خەوت)ە.

 ئەوان سەما زۆر دەکەن.

(زۆر  هاوەڵکاری چەندیەتی، تەواوکەری کاری سەما دەکەن)ە.

 سەردار خێرا ڕا دەکات.

(خێرا  هاوەڵکاری چۆنیەتی، تەواوکەری کاری ڕا دەکات)

 بەرکار: وشەیەکە لە ڕستەدا بەر ئەنجامدانی کار دەکەوێت. کاری ڕستەکە لە ڕووی هێزەوە تێپەڕە. نموونە:

 منداڵەکە شیر دەخوات.

(شیر  بەرکار، تەواوکەری کاری دەخوات)

 منداڵەکە دەموچاو دەشوات.

(دەموچاو  بەرکار، تەواوکەری کاری دەشوات)

 ئاڤان ئاو دەخواتەوە.

(ئاو  بەرکار، تەواوکەری کاری دەخواتەوە)

 بەرکار: وشەیەکە، لە ڕستەدا مەبەستی کاری ڕستەکە ڕوون دەکاتەوە،

بەرکار بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی واتای کارەکەیە، وەڵامی وشەی پرسی "چی؟" و "کێ؟" دەداتەوە.

 من نانەکەم خوارد.

(من چیم خوارد؟) > نانەکە.

کەواتە نانەکە بەرکارە.

شیرین پەرتووک دەخوێنێتەوە. (شیرین چی دەخوێنێتەوە؟) > پەرتووک. کەواتە پەرتووک بەرکارە.

من هەڤاڵم بینی.

(من کێم بینی؟) > هەڤاڵ. کەواتە هەڤاڵ بەرکارە.

☑ خاڵێکی زۆر گرنگ:

بۆ ئەوەی تەواوکەر لە ڕستەدا بدۆزینەوە، باشتر وایە سەرەتا بکەر و کار دیاری بکەین بۆ ئەوەی تەواوکەرەکەمان بۆ دەربکەوێت. ئەگەر (بکەر و کار)مان دیاری کرد ئەوکاتە زۆر ئاسانە بزانین تەواوکەرەکە، (تەواوکەری بکەر)ە یان (تەواوکەری کار)ە.

□ چۆن فێر ببین تەواوکەری بکەر بناسینەوە؟ تەواوکەری بکەر مەرجێکی هەیە، دەبێ لە نێوان بکەرەکە و تەواوکەرەکەی، ئامرازی دانەپاڵی (ی) هەبێ. ئەگەر هاتوو لە نێوان (بکەر و تەواوکەرەکەی) ئامرازی دانەپاڵی (ی) هەبوو، ئەوا ئەو وشەیە دەبێتە تەواوکەری بکەر.

ئەگەر ئامرازی دانەپاڵی (ی) نەبوو، دەبێتە تەواوکەری کار. نموونە:

□ گەڵای دارەکە وەری. □ چوونکە لە نێوان بکەر (گەڵا) و تەواوکەر (دارەکە) ئامرازی دانەپاڵی (ی) هەیە، دارەکە (تەواوکەری بکەر)ە.

□ نانەوا نان دەبرژێنێت. □ چوونکە لە نێوان بکەر (نانەوا) و تەواوکەر (نان) ئامرازی دانەپاڵی(ی) نییە، لێرە نان تەواوکەری کارە.

***

## ١٩. کاری ڕابردوو و دەمەکانی کاری ڕابردوو

19) کاری ڕابردوو و دەمەکانی کاری ڕابردوو:

له زمانی کوردیدا، ڕسته، بەبێ کار (فعل) نابێت.

کار: وشەیەکە، کردەوەیەک دەداتە پاڵ کەسێک یان شتێک لە دەمێکی دیاریکراودا.

کار لە ڕووی کاتەوە دەبێتە دوو جۆر:

ڕابردوو

ڕانەبردوو

پێناسەی کاری ڕابردوو: ئەو کارەیە کە کردەوەیەک پیشان دەدات کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە و دراوەتە پاڵ کەسێک یان شتێک. کارێکە لە پێش ئاخاوتن ڕوویداوە واتە ئەو کاتە کە ئێمە قسە دەکەین کارەکە کۆتایی پێ هاتووە.

بۆ دروستکردنی کاری ڕابردوو، (قەدی چاوگ) وەردەگرین. قەدی چاوگ ئەم یاسایەی هەیە: (چاوگ - ن)/ واتە (ن)ی چاوگ لادەبەین قەدی چاوگ بەدەست دێت. بۆ نموونە: فڕین - ن = (فڕی)

کۆترەکە فڕی. (فڕی کاری ڕابردووە)

خوێندن - ن = (خوێند)/ شیرین وانەکەی خوێند. (خوێند کاری ڕابردووە)

ڕاڤەی جۆرەکانی کاری ڕابردوو:

هیوا وانەکەی (خوێند.)

هیوا وانەکەی (خوێندووە.)

هیوا وانەکەی (خوێندبوو.)

هیوا وانەکەی (دەخوێند.)

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی سەرەوە دەبینین وشەکانی (خوێند، خوێندووە، خوێندبوو، دەخوێند) هەموویان لە ڕستەکاندا وشەی بنچینەیین، کارێک پیشان دەدەن کە لە پێش ئاخاوتندا، بکەرێک (فاعل) ئەنجامی داون لەبەر ئەوە پێیان دەگوترێت کاری ڕابردوو.

کاری ڕابردووی (خوێند) کارێکی ڕابردووی نزیکە، هیچ پێشگر و پاشگرێکی وەرنەگرتووە. کارەکانی دیکەش لە کاری (خوێند)، وەرگیراون بەم جۆرەی خوارەوە:

(خوێندووە): کاری ڕابردووی تەواوە، لە کاری خوێند + پاشگری (ووە) پێک هاتووە.

(خوێندبوو): کاری ڕابردووی دووره، له کاری خوێند + پاشگری (بوو) پێک هاتووه.

(دەخوێند): کاری ڕابردووی بەردەوامە، لە پێشگری (دە) + کاری خوێند پێک هاتووه.

دەمەکانی کاری ڕابردوو:

ڕابردووی نزیک

ڕابردووی دوور

ڕابردووی بەردەوام

ڕابردووی تەواو

کارە ڕابردووەکانی دوور، بەردەوام و تەواو، لە ڕابردووی نزیک دروست دەبن.

ڕابردووی نزیک: (چاوگ - ن)

ڕابردووی دوور: (ڕابردووی نزیک+بوو)

ڕابردووی بەردەوام: (دە+ڕابردووی نزیک)

ڕابردووی تەواو: (ڕابردووی نزیک+وە/ووە)

نموونە بۆ چاوگی نووستن:

ڕابردووی نزیک: (نووستن -ن) نووست

ڕابردووی دوور: (نووست+بوو) نووستبوو

ڕابردووی بەردەوام: (دە+نووست) - دەنووست

ڕابردووی تەواو: (نووست +ووە) - نووستووە

کاری ڕابردووی نزیک:

ئەو کارەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردووی نزیکدا دەکات. ئەم جۆرە کارە، بە لابردنی (ن)چاوگ دروست دەبێت. یاسای دروستکردنی ڕابردووی نزیک: (چاوگ - ن) قەدی چاوگ یان کاری ڕابردووی نزیک/ نموونە:

خوێندن -ن (خوێند)

گرتن -ن (گرت)

شووشتن -ن (شووشت)

نووستن -ن (نووست)

دانیشتن -ن (دانیشت)

 کاری ڕابردووی دوور:

ئەو کارەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردووی دووردا دەکات. ئەم جۆرە کارە لە کاری ڕابردووی نزیک و پاشگری (بوو) دروست دەبێت. یاسای دروستکردنی ڕابردووی دوور:

 کاری ڕابردووی نزیک+بوو/ نموونە:

چوو+بوو (چووبوو)

مرد+بوو (مردبوو)

فرۆشت+بوو (فرۆشتبوو)

هاڕی+بوو (هاڕیبوو)

ڕژا+بوو (ڕژابوو)

نووسی+بوو (نووسیبوو)

کاری ڕابردووی بەردەوام:

ئەو کارەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودان و بەردەوامیی کارێک لە کاتی ڕابردوودا دەکات. ئەم جۆرە کارە،لە پێشگری "دە" و کاری ڕابردووی نزیک دروست دەبێت. یاسای دروستکردنی ڕابردووی بەردەوام:(دە) + کاری ڕابردووی نزیک/ نموونە:

کاری ڕابردووی نزیک لە چاوگی نووسین

دەبێتە نووسی

دە+نووسی =دەنووسی، ڕابردووی بەردەوام

چاندن: چاند: دە+چاند =دەچاند

نووست: دە+نووست=دەنووست

کرد: دە+کرد =دەکرد

هات: دە+هات =دەهات

شێوا: دە+شێوا =دەشێوا

کاری ڕابردووی تەواو:

ئەو کارەیە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردوویەکی نە زۆر دوور و نە زۆر نزیک دەکات، ئەم جۆرە کارە، لە کاری ڕابردووی نزیک و پاشگری "وە، ووە" دروست دەبێت.

کوڵا+وە (کوڵاوە)

فڕی+وە (فڕیوە)

هێنا+وە (هێناوە)

برد+ووە (بردووە)

کەوت+ووە (کەوتووە)

دانیشت+ووە (دانیشتووە)

خوێند+ووە (خوێندووە)

خاڵێکی گرنگ: لە کاری ڕابردووی تەواو، ئەگەر کارە ڕابردووە نزیکەکە، کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبوو، و بمانەوێت کاری ڕابردووی تەواوی لێ دروست بکەین (وە) وەردەگرێت (نەک ووە ❌) نموونە:

سووتا/ سووتاوە ☑

نەک سووتاووە ❌

باری باریوە ☑

نەک باریووە ❌

تێبینی: کاری ڕابردوو بە ئامرازی "نە"،

نەرێ دەکرێت. بۆ نەرێکردن، کاری ڕابردوو، نیشانەی (نە) وەردەگرێت کە دەخرێتە سەر بەشی پێشەوەی کارەکە. نموونە:

سووتا/ نە + سووتا =نەسووتا

کوڵا/ نە + کوڵا =نەکوڵا

نارد/  نە + نارد =نەنارد

هێنا/ نە + هێنا =نەهێنا

کەوت/ نە + کەوت =نەکەوت

برد/ نە + برد =نەبرد

نووست/ نە + نووست =نەنووست

دەنووست/ نە+ دەنووست =نەدەنووست

نوستووە/ نە + نووستووە =نەنووستووە

نووستبوو/ نە + نووستبوو =نەنووستبوو

 پوختەی بابەتی کاری ڕابردوو و دەمەکانی کاری ڕابردوو:

=================================

کار لە ڕووی کاتەوە دەبێتە دوو جۆر:

 ڕابردوو

 ڕانەبردوو

=================================

 کاری ڕابردوو: ئەو کارەیە کە کردەوەیەک پیشان دەدات کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە و دراوەتە پاڵ کەسێک یان شتێک. کارێکە لە پێش ئاخاوتن ڕوویداوە واتە ئەو کاتە کە ئێمە قسە دەکەین کارەکە کۆتایی پێ هاتووە.

=================================

 بۆ دروستکردنی کاری ڕابردوو قەدی چاوگ وەردەگرین. قەدی چاوگ ئەم یاسایەی هەیە:  چاوگ - ن/ واتە (ن)ی چاوگ لادەبەین قەدی چاوگ بەدەست دێت. بۆ نمونە:

 فڕین - ن = (فڕی)

کۆترەکە فڕی.  (ڕابردووی نزیک)

==================================

دەمەکانی کاری ڕابردوو بریتین لە:

 ڕابردووی نزیک

 ڕابردووی دوور

 ڕابردووی بەردەوام

 ڕابردووی تەواو

==================================

☑ خاڵێکی گرنگ:

کارە ڕابردووەکانی دوور، بەردەوام و تەواو  لە ڕابردووی نزیک دروست دەبن.

☑ بۆ ئەوەی جۆرەکانی کاری ڕابردوو فێر بن، دەبێ ئەم یاسایانە لەبەر بکەن.

 ڕابردووی نزیک: (چاوگ - ن)

☑ هاتن - ن  هات

 ڕابردووی دوور: (ڕابردووی نزیک + بوو)

☑ هات + بوو  هاتبوو

 ڕابردووی بەردەوام: (دە + ڕابردووی نزیک)

☑ دە + هات  دەهات

 ڕابردووی تەواو: (ڕابردووی نزیک + وە/ووە)

☑ هات + ووە  هاتووە

☑ هێنا + وە  هێناوە

=================================

کاری ڕابردوو بە ئامرازی "نە"، نەرێ دەکرێت. نموونە:

 نەرێی ڕابردووی نزیک:

سووتا  نە + سووتا = (نەسووتا)

 نەرێی ڕابردووی بەردەوام:

دەسووتا  نە + دەسووتا = (نەدەسووتا)

 نەرێی ڕابردووی تەواو:

سووتاوە  نە + سووتاوە = (نەسووتاوە)

 نەرێی ڕابردووی دوور:

سووتابوو  نە + سووتابوو = (نەسووتابوو)

***

# ۲۰. کاری ڕانەبردوو و ڕەگی کار

20) کاری ڕانەبردوو (فعل مضارع) و ڕەگی کار

ئێمە لە چاوگ، (ڕەگی کار) و (قەدی چاوگ) دروست دەکەین. قەدی چاوگ بۆ دروستکردنی (کاری ڕابردوو)ە.

لە (ڕەگی کار)یش  (کاری ڕانەبردوو) و (کاری داخوازی) دروست دەکەین.

 پێش ئەوەی باسی کاری ڕانەبردوو بکەین، دەبێ سەرەتا (ڕەگی کار) بناسین و بزانین (ڕەگی کار) چییە؟ ڕەگی کار بابەتێکی زۆر گرنگی ڕێزمانی کوردییە لەبەر ئەوەی ڕەگی کار، بەشدارە لە دروستبوونی کاری ڕانەبردوو و کاری داخوازی. هەروەها ڕەگی کار بەشدارە لە دروستبوونی زۆر شتی تر وەکوو ناوی دارێژراو، ناوی لێکدراو و.... هتد

 پێناسەی ڕەگی کار: ڕەگی کار ئەو بەشەیە کە لە چاوگ وەردەگیرێت و سەرچاوەیە بۆ دروستبوونی کاری ڕانەبردوو و کاری داخوازی.

 هەنگاوەکانی دۆزینەوەی ڕەگی کار:

1) بۆ نموونە چاوگێک وەک (خواردن)

2) دەگۆڕین بۆ کاری ڕانەبردوو و لەسەر خۆمان جێبەجێی دەکەین

دەبێتە  دە + خۆ + م  (دەخۆم)

3) ئینجا (دە) لەگەڵ (م) لادەدەین.

4) (خۆ) مایەوە کە دەبێتە: ڕەگی کار

نموونەیەکی تر

 (کڕین)  دە + کڕ + م  (دەکڕم)

 (دە) لەگەڵ (م) لادەین،  (کڕ) دەمێنێتەوە./ (کڕ) دەبێتە  ڕەگی کار.

نموونەیەکی تر

 (کردن)  دە + کە + م  (دەکەم)

 (دە) لەگەڵ (م) لادەدەین  (کە)/ دەبێتە (ڕەگی کار).

ئێستا کە (ڕەگی کار)مان ناسی و هەروەها چۆنێتیی دۆزینەوەی ڕەگی کار فێر بووین - کە سەرچاوەیە بۆ کاری ڕانەبردوو - دەچینە باسی کاری ڕانەبردوو

 ڕاڤەی کاری ڕانەبردوو:

1) ئەرکەکانم دەنووسم.

2) وانەکانم دەخوێنم.

3) نانەکە دەخۆم.

4) پەرتووکەکە دەکڕم.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی سەرەوە، دەبینین کە وشەکانی (دەنووسم، دەخوێنم، دەخۆم، دەکڕم)

لە کاتی ئاخاوتن یان لەدوای ئاخاوتن ڕوو دەدەن. لەبەر ئەوە پێیان دەگوترێت کاری ڕانەبردوو.

 پێناسەی کاری ڕانەبردوو:

1) کارێکە کە لە پێشوودا نەکرا بێت. کارێکە لە کاتی ئاخاوتن یان دوای ئاخاوتن ڕوو دەدات. کارێکە نیازی ئەنجامدانی تێدا بێت چ لە ئێستا یان داهاتوو بۆ نموونە ئەو کاتەی کە ئێمە قسە دەکەین کارەکە ڕووی نەداوە لەدوای ئەوەی قسەکە دەکەین لەوانەیە چەند کاتێکی پێ بچێت، لەوانەیە کاتێکی دوورودرێژ و لەوانەیە هەر دوای قسەکەی ئێمە ڕوو بدات.

2) بە نیشانەی (دە) دەست پێ دەکات.

 ژیار دەخوێنێت.

 ئێمە گەشت دەکەین بۆ پاریس.

 ئەو نەمامەکە دەچێنێت.

یاسای کاری ڕانەبردوو:

دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی (کۆمەڵەی 3)

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی 3:

بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاک:

(م، یت، "ات - ێت")

بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ:

(ین، ن، ن)

 چاوگی خواردن  (ڕەگ: خۆ)

 دە + خۆ + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 3  دەخۆم، دەخۆیت، دەخوات/ دەخۆین، دەخۆن، دەخۆن

 چاوگی چوون  (ڕەگ: چـ)

 دە + چ + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 3 

دەچم، دەچیت، دەچێت/ دەچین، دەچن، دەچن

 بەشەکانی کاری ڕانەبردوو: (ڕانەبردووی ئێستا و ڕانەبردووی داهاتوو)

1) کاری ڕانەبردووی ئێستا: ئەو کارەیە کە کردەوەیەک پیشان دەدات کە لە کاتی ئاخاوتن ڕوو دەدات، کردەوەکە دەدرێتە پاڵ کەسێک یان شتێک. نموونە:

 وا گوڵەکە ئاو دەدەم.

2) کاری ڕانەبردووی داهاتوو: ئەو کارەیە کە کردەوەیەک پیشان دەدات، لە دوای ئاخاوتن ڕوو دەدات، کردەوەکە دەدرێتە پاڵ کەسێک یان شتێک. نموونە:

 بەیانی گوڵەکە ئاو دەدەم.

 پرسیار / چۆن کاری ڕانەبردووی ئێستا و داهاتوو لە یەکتری جیا بکەینەوە؟

 وەڵام: بەهۆی هاوەڵکاری کاتییەوە (قید زمان)، بەم شێوەیە:

بۆ کاری ڕانەبردووی ئێستا "وا، ئەوا، ئێستا" بەکار دێت.

 ("وا، ئەوا، ئێستا" + دە + ڕەگی کار + جێناو)، وەک:

وا + دە + چـ + م  وا دەچم بۆ لادێ.

 بەڵام بۆ کاری ڕانەبردووی داهاتوو، ئەم هاوەڵکارانە بەکار دێن "بەیانی، ساڵێکی تر، لەمەولا، پاش کەمێکی تر و..... هتد"

("بەیانی، لەمەولا... هتد" + دە + ڕەگی کار + جێناو)

بەیانی + دە + چـ + م  بەیانی دەچم بۆ لادێ.

 کاری ڕانەبردووی نەرێ:

کاری ڕانەبردوو  بە (نا)، نەرێ دەکرێت و شوێنی "دە" دەگرێتەوە. وەک:

دەهێنێت  ناهێنێت

دەچم  ناچم

دەخۆم  ناخۆم

دەکرِم  ناکرِم

دەنووسم  نانووسم

دەخەوم  ناخەوم

دەرِژێنم  نارِژێنم

دەخوازم  ناخوازم

***

# ٢١. کاری داخوازی

21) کاری داخوازی (فعل امر)

 پێش ئەوەی باسی کاری داخوازی بکەین، دەبێ سەرەتا ئەوە روون بکەینەوە کە (رەگی کار) بەشدارە لە دروستبوونی کاری داخوازی.

رەگی کار: ئەو بەشەیە کە لە چاوگ وەردەگیرێت و سەرچاوەیە بۆ دروستبوونی کاری رانەبردوو و کاری داخوازی.

 پێناسەی کاری داخوازی:

کاتێک ئاخێوەر واتە کەسی قسەکەر کە کەسی یەکەمە، داوا لە کەسی بەرامبەر (کەسی دووەمی تاک) یان (کەسی دووەمی کۆ) واتە گوێگر دەکات، بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێک، پێی دەگوترێت کاری داخوازی. کارێکە داوا لە کەسی دووەمی (تاک، کۆ) یان گیانلەبەرێک دەکرێت، بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارەکە.

 میوە بکرە.  (کەسی دووەمی تاک)

 میوە بکرِن.  (کەسی دووەمی کۆ)

 وانەکە بنووسە.(کەسی دووەمی تاک)

 وانەکە بنووسن. (کەسی دووەمی کۆ)

 شرۆڤەی کاری داخوازی:

1) وانەکە بنووسن.  لەم ڕستەیە وشەی (بنووسن) کارێکە داوای جێبەجێکردنی نووسینی پێ دەکرێت لەپاش ئاخاوتن، کەواتە کارەکە پاش ئاخاوتن جێبەجێ دەکرێت.

2) سێوی باش بکڕە.  لەم ڕستەیە وشەی (بکڕە) کارێکە لەپاش ئاخاوتن داخوازیی کڕینی پێ دەکرێت.

3) تۆ دەموچاوت جوان بشۆ.  لەم ڕستەیە کاری (بشۆ) کارێکی داخوازییە چوونکە داوای ئەنجامدانی کارێک دەکات لەپاش ئاخاوتن.

4) فێرگەکەت بپارێزە.  لەم ڕستەیە کاری (بپارێزە) کارێکی داخوازییە چونکە داوای ئەنجامدانی کارێک دەکات لەپاش ئاخاوتن.

 یاساکانی کاری داخوازی:

بـ + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 4️⃣  ("ە" بۆ تاک/ "ن" بۆ کۆ)

1) بۆ کەسی دووەمی تاک:

 بـ + ڕەگی کار + (جێناوی "ە")

ڕەگی کاری (گرتن)  (گر)

بـ + گر + ە 👈 بگرە 👉 کاری داخوازی

نموونە:  سارا ئەم پەرتووکە بگرە.

کەواتە کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاک، بە نیشانەی (بـ) دەست پێ دەکات و بە جێناوی لکاوی (ە) بۆ کەسی دووەمی تاک کۆتایی دێت.

2) بۆ کەسی دووەمی کۆ:

 بـ + ڕەگی کار + (جێناوی "ن")

ڕەگی کاری (گرتن)  (گر)

بـ + گر + ن/ (بگرن)  کاری داخوازی

نموونە: ئێوە دەستی یەکتر بگرن.

کەواتە کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی کۆ، بە نیشانەی (بـ) دەست پێ دەکات و بە جێناوی لکاوی (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ کۆتایی دێت.

□ ڕەگی کار لە چاوگی (گرتن) چۆن بەدەست بهێنین؟ □ چاوگی گرتن دەگۆڕین بۆ کاری ڕانەبردوو و لەسەر خۆمان جێبەجێی دەکەین □(دەگرم)

دە + گر + م

"دە" لەگەڵ "م" لادەدەین □ (گر) دەمێنێتەوە کە ڕەگی کارە.

ئێستا یاسای کاری داخوازی لەگەڵ ڕەگی (گر) جێبەجێ دەکەین:

□ بـ + گر + ە □ بۆ دووەم کەسی تاک: (بگرە)

□ بـ + گر + ن □ بۆ دووەم کەسی کۆ: (بگرن)

□ خاڵێکی گرنگ

کاری داخوازی هەیە لە ڕووی دروستکردنییەوە ڕێزپەڕ یان ئاوارتەیە (استثنا)یە واتە لە ڕێسای دروستکردنی کاری داخوازی لادەدات و ئەم یاسایەی خوارەوە

□ (بـ + ڕەگی کار + ە/ ن) لەگەڵیدا ناگونجێت. نموونە:

□ چاوگی (هاتن): دۆزینەوەی ڕەگەکەی: دێم 👈 ێ 👈 وەرە

لە داخوازی دەبێتە بێ بەڵام وەرە زیاتر بەکار دێت.

□ چاوگی (چوون): دۆزینەوەی ڕەگەکەی: دەچم 👈 چـ 👈 بچۆ (کاری داخوازی)

ئەگەر بە پێی یاسا بێت لە کەسی دووەمی تاکدا دەبێتە □ بـ + چـ + ە 👈 بچە ✖

بەڵام بچۆ دروستە بۆ کەسی دووەمی تاک ☑

□ تێبینی

لە هەندێ کاردا کە ڕەگەکانیان کۆتایی بە پیتە بزوێنەکانی (ێ، ۆ، وو، ە، ی) دێت لە کەسی دووەمی تاکدا لە کاری داخوازی، (ە) دەرناکەوێت، چوونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایێت.

 ێ: چاوگی گوتن:  دۆزینەوەی ڕەگەکەی: دەڵێم  (ڵێ)   بڵێ ("ە" دەرنەکەوت)

 ۆ: چاوگی خواردن:  دۆزینەوەی ڕەگەکەی:

دەخۆم  (خـۆ)  بخۆ ("ە" دەرنەکەوت)

 وو: چاوگی نووستن:  دۆزینەوەی ڕەگەکەی:

دەنووم  (نـوو)  بنوو ("ە" دەرنەکەوت)

 ە: چاوگی کردن  دۆزینەوەی ڕەگەکەی:

دەکەم  (کـە)  بکە ("ە" دەرنەکەوت)

- (ە) لە کاری بکە، هی ڕەگی کارەکەیە.

 ی: چاوگی ژیان  دۆزینەوەی ڕەگەکەی:

دەژیم  (ژی)  بژی ("ە" دەرنەکەوت)

 پرسیاری 1

کەی جێناوی لکاوی (ە) لە کاری داخوازیدا دەردەکەوێت؟

وەڵام  ئەگەر ڕگی کار کۆتایی هاتبوو بە پیتی نەبزوێن. وەک:

گـر  بگرە ("ە" دەرکەوت)

 پرسیاری 2

کەی جێناوی لکاوی (ە) لە کاری داخوازیدا دەرناکەوێت؟

وەڵام  ئەگەر ڕگی کار کۆتایی هاتبوو بە پیتە بزوێنەکانی (ۆ، وو، ی، ێ، ە) وەک:

(بڕۆ، بنـوو، بژی، بڵـێ، بکـە)  "ە" دەرنەکەوت

 (ە) لە کاری (بکە) هی ڕەگی کارەکەیە.

□ خاڵێکی گرنگ

هەندێک کارمان هەیە خۆیان ڕەگەکانیان کۆتایی دێت بە پیتی بزوێنی (ە)

بۆ زانینی ئەوەی (بزوێنی ە) ڕەگی کارە یان جێناوە، ئەم ڕێگەیە جێبەجێ بکەن:

□ جێناوی (ن)ی بۆ زیاد بکەن.

☑ ئەگەر بزوێنی (ە) ماوە، ئەوا هی ڕەگی کارە نموونە:

بکە + ن □ بکەن ("ە" ماوە، کەواتە هی ڕەگی کارە)

☑ بەڵام ئەگەر بزوێنی (ە) نەماوە، ئەوا جێناوی لکاوە. نموونە:

بخوێنە + ن □ بخوێنن (بزوێنی ە) نەماوە کەواتە جێناوی لکاوە.

□ ئەرکی جێناوی لکاوی (ە، ن) لە کاری داخوازیدا:

1) ئەگەر بکەری ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا نەبوو، جێناوەکان دەبنە بکەر. نموونە:

بخوێنە □ (ە) □بکەرە، جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک.

بخوێنن □ (ن) □ بکەرە، جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ.

2) ئەگەر بکەر لە ڕستەدا هەبێت، ئەو جێناوە لکاوانە (دەگەڕێنەوە بۆ بکەر) نموونە:

□ تۆ بخوێنـە.

تۆ: □ بکەرە، جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی تاک.

ە □ دەگەڕێتەوە بۆ بکەر، جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک.

□ ئێوە بخوێنـن.

ئێوە □ بکەرە، جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی کۆ.

ن □ دەگەڕێتەوە بۆ بکەر، جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ.

□ تێبینی:

ئەگەر کارەکە داڕژاو یان لێکدراو بوو، ئەوا دەتوانین نیشانەی داخوازی (بـ) بنووسین یان نەنووسین.

ڕاگرتن  ڕابگرە/ ڕاگرە

تۆمارکردن  تۆمار بکە/ تۆمار کە

نیشانەکانی نەرێ (منفی) لە زمانی کوردیدا: (نە، نا، مە)

 1) بۆ کاری (ڕابردوو)، نیشانەی (نە) بەکار دێت.

کرد  نەکرد

دەکرد  نەدەکرد

کردووە  نەکردووە

کردبوو  نەکردبوو

 2) بۆ کاری (ڕانەبردوو)، نیشانەی (نا) بەکار دێت.

دەکەم  ناکەم

دەڕوات  ناڕوات

دەبات  نابات

دەخوات  ناخوات

 3) بۆ کاری (داخوازی)، نیشانەی (مە) بەکار دێت.

کاری داخوازی بە نیشانەی (مە) نەرێ دەکرێت و دەچێتە شوێنی (ب) نموونە:

بڕۆ  مەڕۆ

بخۆ  مەخۆ

بکێڵن  مەکێڵن

 پوختەی باسی کاری داخوازی:

☑ کاری داخوازی، داخوازە لە کەسی دووەمی تاک و کۆ بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێک.

وانەکە بنووسە.

وانەکە بنووسن.

☑ یاسای دروستبوونەکەی:

بـ + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 4 (ە/ ن)

ە ▯ بۆ تاک

ن ▯ بۆ کۆ

☑ بگرە/ بگرن

☑ ببڕە/ ببڕن

☑ بنووسە/ بنووسن

☑ بە نیشانەی (مە)، نەرێ دەکرێت.

بخۆ ▯ مەخۆ

بچۆ ▯ مەچۆ

بنووسن ▯ مەنووسن

☑ کاری داخوازیمان هەیە ڕیزپەڕ یان ئاوارتەیە واتە (استثنایە) و لە یاسای

بـ + ڕەگی کار + جێناوی ە/ ن ▯ لادەدات وەک:

ۆ ▯ بڕۆ، بخۆ، بشۆ، بچۆ

وو ▯ بنوو، بدروو

ی ▯ بژی، بگری

ێ ▯ بڕووخێ، بڵێ، بگەڕێ، دابنێ

ە  بدە، ببە، بکە، بگە، داخە

☑ جێناوی لکاوی (ە) لە کاری داخوازیدا ئەگەر ڕگی کار بە پیتێکی بزوێن کۆتایی هاتبێ، دەرناکەوێت. وەک:

بخۆ، بڵێ، بنوو

***

# ٢٢. کاری تێپەڕ، تێنەپەڕ و بەرکار

22) کاری تێپەڕ (فعل متعدّی)

کاری تێنەپەڕ (فعل لازم)

بەرکار (مفعول)

 کار (فعل) لە ڕووی هێزەوە (کاریگەرییەوە) دەبێتە:

1) کاری تێنەپەڕ (فعل لازم)

2) کاری تێپەڕ (فعل متعدّی)

 پێناسەی کاری تێنەپەڕ:

ئەو کارەیە لە ڕستەدا پێویستی بە بکەر (فاعل) هەیە و پێویستی بە بەرکار (مفعول) نییە بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە. ئەو کارەیە کە بەتەنیا دەتوانێت واتای ڕستەکە تەواو بکات و ئەرکی لە بکەری ڕستەکە، تێ ناپەڕێتە سەر کەسێک یان شتێکی تر.

 یاسای کاری تێنەپەڕ:  بکەر + کار

نموونە:

☑ ڤیان هات.  (هات: تێنەپەڕە)

☑ منداڵەکە خەوت.  (خەوت: تێنەپەڕە)

 هەر کارێک کە بەتەنیا واتای ڕستەکە تەواو بکات و ئەرکی لە (بکەر)ی کارەکەوە تێ نەپەڕێتە سەر کەسێک یان شتێکی تر پێی دەڵێن کاری تێنەپەڕ.

 پێناسەی کاری تێپەڕ:

ئەو کارەیە کە لە ڕستەدا پێویستی بە بکەر (فاعل) و بەرکار (مفعول) هەیە بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە. کاری تێپەڕ ئەو کارەیە کە بە تەنیا ناتوانێت لەگەڵ بکەرەکەی واتای ڕستەکە ئاشکرا بکات و پێویستی بە پەیڤێکی تر هەیە بۆ ئەم تەواوکردنە. ئەم پەیڤەش ئەرکی کارەکەی دەکەوێتە سەر و دەبێتە بەرکار. یان کاری تێپەڕ ئەو کارەیە کە ئەرکی لە بکەری کارەکە تێ دەپەڕێتە سەر کەسێک یان شتێکی تر و دەبێتە تەواوکەری کارەکە و پێی دەگوترێت بەرکار.

 یاسای کاری تێپەڕ: بکەر+بەرکار+کار

نموونە:

☑ ئێمە نانمان خوارد. (خوارد: تێپەڕە)

☑ ئەوان ماسییان گرت. (گرت: تێپەڕە)

 جا هەر کارێک بە تەنیا لەگەڵ بکەرەکەی نەتوانێت واتای ڕستەکە تەواو ئاشکرا بکات و پێویستی بە پەیڤێکی تر (بەرکار) بێت بۆ ئەم تەواوکردنە، پێی دەڵێین  کاری تێپەڕ

شرۆڤەی زیاتری کاری تێنەپەڕ و تێپەڕ:

 فەرهاد هات.

 نەمامەکە ڕوا.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی سەرەوە دەبینین هەر ڕستەیەکیان لە بکەر و کار (فاعل و فعل) پێک هاتووە و کارەکە (فعل)ەکە بە تەنیا واتای ڕستەکە تەواو دەکات، بەبێ ئەوەی ئەرکەکەی لە بکەر (فاعل)ەکەوە تێ بپەڕێتە سەر کەسێک یان شتێکی دیکە. لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت کاری تێنەپەڕ وەکوو (هات و ڕوا) لە ڕستەکانی سەرەوە کە کاری تێنەپەڕن.

 بازرگان کووتاڵ دەفرۆشێت.

 دلۆڤان نان دەخوات.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی سەرەوە دەبینین هەر ڕستەیەکیان لە بکەر (فاعل) و بەرکار (مفعول) و کار (فعل) پێک هاتووە. بەڵام کارەکانی (دەفرۆشێت) و (دەخوات) نەیانتوانیوە بە تەنیا واتای ڕستەکان تەواو بکەن و مەبەستی ڕستەکانیش بدەن بە دەستەوە. بەڵکو پێویستییان بە وشەی دیکە هەیە، وەکوو

وشەی (کووتاڵ) لە ڕستەی یەکەمدا و وشەی (نان) لە ڕستەی دووەمدا کە پێیان دەگوترێت: (بەرکار) بۆیە بەم کارانە دەگوترێت کاری تێپەڕ.

 پێناسەی بەرکار (مفعول):

ئەو ناوە یان جێناوەیە کە لە ڕستەدا یان لە دێڕە هۆنراوەدا واتای کاری تێپەڕی تەواو کردووە یان تەواو دەکات، کاریگەریی کارەکەشی دەکەوێتە سەر. بەرکار وشەیەکە لەناو ڕستەدا بەشی کار تەواو دەکات و ئەرکی کارەکەشی دەکەوێتە سەر و هەمیشە لە ڕستەیەکدا هەیە کە کارەکەی تێپەڕ بێت. بەرکار تەنها لەگەڵ کاری تێپەڕ دێت. ئەگەر بەرکار لابدەین لە ڕستەدا، ئەوا مانای ڕستەکەمان تێک دەچێت. نموونە:

 گەلاوێژ (وانە) دەنووسێت.

گەلاوێژ  بکەر

وانە  بەرکار

دەنووسێت  کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

 شرۆڤەی بەرکار:

1) پشیلەکە (گۆشت) دەخوات.

2) دارا (خشت) دەبڕێت.

3) فەرهاد (نووسراوەکەی) خوێندەوە.

4) نازدار (نێرگز) دەڕوێنێت.

 خستنەڕوو:

ڕستە لە دوو بنچینەی سەرەکی پێک دێت. یەکێکیان بکەرە و ئەوی دیکە کارە.

هەرچی لەوان زیاتر بێت، پێی دەوترێت دیارخەر و تەواوکەر. دیارخەر بەشی ناو تەواو دەکات، تەواوکەریش بەشی کار تەواو دەکات./ (بەرکار) یەکێکە لە تەواوکەرەکانی کار.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی سەرەوە دەبینین: (پشیلەکە، دارا، فەرهاد، نازدار) بکەرن.

هەروەها (دەخوات، دەبڕێت، خوێندەوە، دەڕوێنێت)، هەموویان کارن.

لەو ڕستانەدا هەندێک وشەی دیکە دەمێنێتەوە کە نە بکەرن و نە کارن. بەڵکوو واتای کارەکانیان تەواو کردووە و ئەرکی کارەکانیشیان کەوتووەتە سەر و پێیان دەگوترێت (بەرکار "مفعول" )، ئەو وشانەش بە پێی ڕستەکانی سەرەوە لەم خاڵانەدا دەرکەوتوون:

1) وشەی (گۆشت)، واتای (دەخوات)ی پێ تەواو کراوە و ئەرکی کارەکەشی کەوتووەتە سەر، پێی دەگوترێت بەرکار.

2) وشەی (خشت)، واتای (دەبڕێت)ی پێ تەواو کراوە و ئەرکی کارەکەشی کەوتووەتە سەر و پێی دەگوترێت بەرکار.

3) وشەی (نووسراوەکە)، واتای (خوێندنەوە)ی پێ تەواو کراوە و ئەرکی کارەکەشی کەوتووەتە سەر، پێی دەگوترێت بەرکار.

4) وشەی (نێرگز)، واتای (دەڕوێنێت)ی پێ تەواو کراوە و ئەرکی کارەکەشی کەوتووەتە سەر، پێی دەگوترێت بەرکار.

 تێبینی:

بەرکار لەگەڵ کاری تێپەڕی ڕابردوو، ڕانەبردوو و داخوازی دێت.

 ڕابردوو: من نانم خوارد

☑ نان:  بەرکارە

☑ خوارد:  کاری ڕابردووی تێپەڕ

 ڕانەبردوو: من وانە دەنووسم.

☑ وانە:  بەرکارە

☑ دەنووسم:  کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

 داخوازی: کتێبەکە بهێنە.

☑ کتێبەکە:  بەرکارە

☑ بهێنە:  کاری داخوازیی تێپەڕ

 ناسینەوەی کاری (تێپەڕ) و (تێنەپەڕ):

بۆ ناسینەوەی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بە شێوەیەکی ئاسان ڕەچاوی ئەم یاسایانە دەکەین:

 یاسای یەکەم:

گرنگترین ڕێگە بۆ جیاکردنەوەیان (واتای ڕستەکەیە) نموونە:

☑ کەوەکە خوێندی. (خوێند: تێنەپەڕە)  چوونکە (بەرکار) لە ڕستەکەدا نییە.

کەوەکە  بکەرە

خوێندی  کاری تێنەپەڕ

☑ پێشمەرگە نیشتمان دەپارێزێت. (دەپارێزێت: تێپەڕە)

ئەرکی دەپارێزێت کەوتووەتە سەر بەرکار (نیشتمان) بۆیە دەپارێزێت تێپەڕە

 یاسای دووەم:

ئاسانترین ڕێگە بۆ جیاکردنەوەی کاری تێپەڕ لە تێنەپەڕ بەهۆی جێناوی لکاوی کۆمەڵەی (1)  (م، ت، ی، مان، تان، یان)ە بەڵام هەمیشە ڕاست نییەن.

کاری ڕابردوو ئەگەر جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 1ی وەرگرت تێپەڕە.

نموونە/ گرت

گرتم، گرتت، گرتی، گرتمان، گرتتان، گرتیان) لەبەر ئەوەی ئەم جێناوانەی وەرگرت و لەگەڵیدا گونجا، تێپەڕە.

شەوبۆم نارد بۆ لای مامۆستای هونەر.

شەوبۆ □ بەرکار

م □ بکەر

نارد □ کاری تێپەڕ

(ناردم، ناردت، ناردی، ناردمان، ناردتان، ناردیان)

وەک لە سەرەوە دیارە (نارد) کارێکی (تێپەڕە) چوونکە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەمی وەرگرتووە.

☑ ئەگەر ئەو جێناوانەیان وەرنەگرت، ئەوا کارەکەمان تێپەڕ نییە. نموونە/ چوو

چوو + مان ☜ چوومان ✗

چوو + تان ☜ چووتان ✗

چوو + یان ☜ چوویان ✗

لەبەر ئەوەی (چوو) لەگەڵ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 1 نەگونجا، (تێنەپەڕە)

□ تێبینییەکی گرنگ:

هەندێ جار کارەکە (مان، تان، یان) وەردەگرێت، بەڵام بەهۆی (واتای ڕستەکە) دەبێتە (تێنەپەڕ). نموونە:

کەوەکە خوێندی. □ (خوێند: تێنەپەڕە)

خوێندمان، خوێندتان، خوێندیان □ دەبینین جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەمی وەرگرت و لەگەڵیدا گونجا، بەڵام لێرەدا دەبێتە تێنەپەڕ چوونکە بەرکار لە ڕستەکەدا نییە.

□ یاسای سێیەم:

بەهۆی وشەی پرسی (چی) دەتوانین کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ دیاری بکەین لە ڕستەدا:

1) ئەگەر ڕستەکە پێویستی بە وەڵام کرد بۆ وشەی (چی)، ئەوا کارەکە، کاری تێپەڕە. نموونە:

منداڵەکە دەکات.

منداڵەکە (چی) دەکات؟

منداڵەکە یاری دەکات.  لێرەدا وەڵامی (چی)مان دەست کەوت بۆیە کارەکە تێپەڕە

منداڵەکە گریا.

منداڵەکە (چی) گریا؟  منداڵەکە گریا.

لێرەدا وەڵامی (چی)مان دەست نەکەوت بۆیە کارەکە کاری تێنەپەڕە.

 خاڵێکی گرنگ:

کاری (ڕانەبردوو) و (داخوازی) کاتێک بمانەوێت بە (مان، تان، یان) کاری "تێپەڕ" و "تێنەپەڕی" دیاری بکەین ئەوا دەبێت:

1) کارەکە بخەینە سەر کاری ڕابردووی نزیک

2) ئینجا (مان، تان، یان) بخەینە سەری.

نموونە:

 دەچم (ڕانەبردوو)  چوو (ڕابردووی نزیک)

چوومان، چووتان، چوویان ❌ لەگەڵیدا ناگونجێت و دەبێتە تێنەپەڕ.

 دەخوات (ڕانەبردوو)  خوارد (ڕابردووی نزیک)

خواردمان، خواردتان، خواردیان ☑ لەگەڵیدا دەگونجێت و دەبێتە تێپەڕ.

 بگرن (داخوازی)  گرت (ڕابردووی نزیک)

گرتمان، گرتتان، گرتیان ☑ لەگەڵیدا دەگونجێت و دەبێتە تێپەڕ.

⚠ کەواتە بۆ ناسینەوەی کار لە ڕووی هێزەوە (تێپەڕ و تێنەپەڕ)، پێویستمان بە قەدی چاوگ (ڕابردووی نزیک) دەبێت.

***

# ٢٣. جێناوی لکاو

23) جێناوی لکاو (ضمیر متصل)

 جێناوە لکاوەکان: ئەو جێناوانەن بە تەنها هیچ واتایەک ناگەیەنن. بەڵام کە لکان بە وشەیەکی ناو ڕستەکە ئەو کاتە مەبەستێک ڕادەگەیەنن و ئەرکی ڕێزمانییان دەبێت لە ناو ڕستەکەدا.

جێناوە لکاوەکان دەکرێن بە 4 کۆمەڵە.

***

# ٢٤. جێناوی لکاو: کۆمەڵەی ١

24) جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی 1 (ضمایر متصل گروه 1)

ئەمانە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەمن: (م، ت، ی/ مان، تان، یان)

- (م)  من پەرتووکەکەم خوێند.
- (ت)  تۆ پەرتووکەکەت خوێند.
- (ی)  ئەو پەرتووکەکەی خوێند.

- (مان)  ئێمە پەرتووکەکەمان خوێند.
- (تان)  ئێوە پەرتووکەکەتان خوێند.
- (یان)  ئەوان پەرتووکەکەیان خوێند.

بۆ ئەوەی جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 1 بناسینەوە، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

- 1) سەرەتا ئەم کۆمەڵە جێناوە لەبەر بکەین:
  - (م، ت، ی)  بۆ تاک "مفرد"
  - (مان، تان، یان)  بۆ کۆ "جمع"
- 2) ئەم کۆمەڵە جێناوە لە ڕستەدا، دەچنە سەر بەرکار (مفعول) و پێیەوە دەلکێن.

- 3) ئەم جێناوانە لەگەڵ ئەو ڕستەیە دێن کە کارەکەیان ڕابردوو (گذشتە) بێت.
- 4) ئەم جێناوانە لەگەڵ ئەو ڕستەیە دێن کە کارەکەیان تێپەڕ (متعدی) بێت.

 شرۆڤەی کۆمەڵەی 1:

(م، ت، ی/ مان، تان، یان)

ئەم جێناوانە لەگەڵ ئەو ڕستەیە دێن کە کارەکەیان (ڕابردووی تێپەڕ) بێت واتە ئەو کارانەی کە لە ڕستەدا پێویستیان بە هەبوونی بەرکار (مفعول) هەیە.

 (م)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک.

☑ من گیتارەکەم ژەنی.

ژەنی: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێپەڕە.

 (ت)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک.

☑ تۆ دیارییەکەت کڕی.

کڕی: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێپەڕە.

 (ی)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک.

☑ ئەو تۆپەکەی هەڵگرت.

هەڵگرت: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێپەڕە.

 (مان)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ.

☑ ئێمە نانەکەمان خوارد.

خوارد: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێپەڕە.

 (تان)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ.

☑ ئێوە خەڵاتەکەتان بردەوە.

بردەوە: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێپەڕە.

□ (یان) □ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ.

☑ ئەوان مەلەیان کرد.

کرد: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێپەڕە.

- گوتمان جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 1، واتە

(م، ت، ی/ مان، تان، یان) لە ڕستەیەک دێن کە کارەکەیان هەم (ڕابردوو) بێت، هەم (تێپەڕ).☑

- هەروەها لەم کۆمەڵە جێناوەدا، جێناوەکان لە ڕستەدا دەلکێن بە بەرکارەوە.

- بۆ نموونە: لێرەدا کاری (خوارد) هەم "ڕابردووە" هەم "تێپەڕ".

☑ من نانم خوارد.

☑ تۆ نانت خوارد.

☑ ئەو نانی خوارد.

☑ ئێمە نانمان خوارد.

☑ ئێوە نانتان خوارد.

☑ ئەوان نانیان خوارد.

✖ بەڵام بۆ زانیاریتان، ئەم کۆمەڵە جێناوە، لەگەڵ کاری (تێنەپەڕ و ڕانەبردوو) ناگونجێن.✖

ئێستا بۆتان ڕوون دەکەمەوە:

○ کاری (هات) □ تێنەپەڕە، ئێمە ناتوانین لەگەڵ کۆمەڵەی 1 گەردانی بکەین.

هاتت ✖

هاتمان ✖

هاتتان ✖

هاتیان ✖

○ کاری (دەڕۆم) ￼ ڕانەبردووە، ئێمە ناتوانین لەگەڵ کۆمەڵەی 1 گەردانی بکەین.

دەڕۆمان ✖

دەڕۆتان ✖

دەڕۆیان ✖

کەواتە دەبێت ئاگادار بین کە هەر کۆمەڵە جێناوێک، تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

￼ ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی 1:

بە دوو شێوە لەناو ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانی دەبینن:

1) ئەگەر (بکەر) لە ڕستەکەدا بوونی هەبوو، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر. نموونە:

￼ ئەوان وانەکەیان خوێند.

(یان) ￼ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر، چونکە بکەر لە ڕستەکەدا بوونی هەیە. ￼ (ئەوان)

2) ئەگەر بکەر لە ڕستەکەدا بوونی نەبوو، جێگەی بکەر دەگرنەوە و دەبنە بکەر. نموونە:

￼ وانەکەیان خوێند.

(یان) ￼ بکەرە، جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ.

***

# ٢٥. جێناوی لکاو: کۆمەڵەی ٢

25) جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی 2 (ضمایر متصل شخصی گروه 2)

ئەمانە، جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەمن: (م، یت، ø/ ین، ن، ن)

● کاری (هات) لەگەڵ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 2 گەردان دەکەین:

☑ من هاتم.

☑ تۆ هاتیت.

☑ ئەو هات -. Ø

☑ ئێمە هاتـین.

☑ ئێوە هاتـن.

☑ ئەوان هاتـن.

بۆ ئەوەی جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی 2 باشتر بناسینەوە، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

1️⃣) سەرەتا ئەم کۆمەڵە جێناوە لەبەر بکەین:

○ (م، یت، ø) 🢀 بۆ تاک "مفرد"

○ (ین، ن، ن) 🢀 بۆ کۆ "جمع"

2️⃣) ئەم کۆمەڵە جێناوە لە ڕستەدا، دەچنە سەر (کۆتایی کارەکان) و پێیەوە دەلکێن.

3️⃣ ) کۆمەڵەی 2، لەگەڵ ئەو ڕستەیە دێن کە کارەکەیان ڕابردوو (گذشتە) بێت.

4️⃣ ) کۆمەڵەی 2، لەگەڵ ئەو ڕستەیە دێن کە کارەکەیان تێنپەڕ (لازم) بێت.

5️⃣ ) لە کۆمەڵەی 2ی جێناوە لکاوەکان، لە کەسی سێیەمی تاک، جێناوی لکاومان بۆی نییە و پووچەڵ (تُهی)یە و دەرناکەوێت.

6️⃣ ) لە کۆمەڵەی 2، جێناوە لکاوەکانی (دووەم کەسی کۆ) و (سێیەم کەسی کۆ) هاوشێوەن.

(ن) 🢀 ئێوە هاتـن. (دووەم کەسی کۆ)

(ن) 🢀 ئەوان هاتـن (سێیەم کەسی کۆ)

شرۆڤەی جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی 2:

🢀 تاک: (م، یت، ø)

🢀 کۆ: (ین، ن، ن)

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم لە ڕستەیەکدا دێن کە کارەکەیان (ڕابردووی تێنەپەڕ) بێت، ئەو کارانەی کە پێویستیان بە (بەرکار) نییە بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە. ئەم جێناوە لکاوانە دەچنە سەر کۆتایی کارەکان.

 (م)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک.

☑ من ڕۆیشتم.

ڕۆیشتم: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕە.

 (یت)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک.

☑ تۆ دانیشتیت.

دانیشتیت: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕە.

 ( ـ ) بۆ کەسی سێیەمی تاک پووچەڵە (تُهی) واتە دەرناکەوێت.

☑ ئەو خەوت -.

خەوت: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕە.

 (ین)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ.

☑ ئێمە خەوتین.

خەوتین: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕە.

 (ن)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ.

☑ ئێوە دانیشتن.

دانیشتن: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕە.

 (ن)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ.

☑ ئەوان دانیشتن.

دانیشتن: لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە، لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕە.

 پرسیار  چۆن دەتوانین جیاوازیی بکەین لەنێوان (ن)ی دووەم کەسی کۆ لەگەڵ (ن)ی سێیەم کەسی کۆ؟

وەڵام  لە ڕستەدا دەتوانین جیاوازییەکەیان دیاری بکەین و ئەویش بەهۆی جێناوی سەربەخۆ.

 ئێوە ڕۆیشتـن. (دووەم کەسی کۆ)

 ئەوان ڕۆیشتـن. (سێیەم کەسی کۆ)

===============================

 خاڵێکی زۆر زۆر گرنگ کە دەبێت ڕەچاوی بکەین:

 ئەگەر قەدی چاوگەکە یان هەمان (کاری ڕابردووی نزیک) کۆتایی هاتبوو بە (ی)، وەک نموونەکانی خوارەوە،

دەبێت وریا بین لە کاتی گەردانکردنی کارەکان لەم دوو کەسە، (ی) نەقرتێنین:

 دووەم کەسی تاک (تۆ)

 یەکەم کەسی کۆ (ئێمە)

⚠ چوونکە ئەگەر وریا نەبین، جێناوی لکاو کێشەساز دەبێت بۆمان. ⚠

- لە نموونەکان بە بازنەی سوور 🖙 🔴 دیاری کراون.

چاو لە کاری (فڕی) بکەن:

کاری فڕی  هەم "ڕابردووە" هەم "تێنەپەڕە"، کەواتە لەگەڵ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 2 گەردان دەکرێت:

- فڕی + م  فڕیـم

☑ (من فڕیـم)

 فڕی + یت  فڕیـیت

☑ (تۆ فڕیـیت)  "دووەم کەسی تاک"

- فڕی + - ø  فڕی -

☑ (ئەو فڕی -)  [ لێرەدا جێناوی لکاوی نییە]

 فڕی + ین  فڕیـین

☑ (ئێمە فڕیـین)  "یەکەم کەسی کۆ"

● فڕی + ن  فڕیـن

☑ ( ئێوە فڕیـن)

● فڕی + ن  فڕیـن

☑ (ئەوان فڕیـن)

نموونەی تر:

کاری (خزی) هەم (ڕابردووە) هەم (تێنەپەڕ) کەواتە لەگەڵ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 2 گەردان دەکرێت.

 خزی + م  خزیـم

☑ (من خزیـم)

 خزی + یت  خزیـیت

☑ (تۆ خزیـیت)  "دووەم کەسی تاک"

 خزی + ø -  خزی -

☑ (ئەو خزی -)  [ لێرەدا جێناوی لکاوی نییە]

 خزی + ین  خزیـین

☑ (ئێمە خزیـین)  "یەکەم کەسی کۆ"

 خزی + ن  خزیـن

☑ (ئێوە خزیـن)

 خزی + ن  خزیـن

☑ (ئەوان خزیـن)

==================================

○ ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی 2:

1) ئەگەر (بکەر) لە ڕستەدا بوونی هەبوو، (دەگەڕێتەوە بۆ بکەر). نموونە:

 ئەوان دانیشتن.

☑ (ن): جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ. دەگەڕێتەوە بۆ بکەر، (چوونکە بکەر لە ڕستەدا بوونی هەیە)  "ئەوان"

2) ئەگەر (بکەر) لە ڕستەکەدا بوونی نەبوو، (جێگەی بکەر دەگرێتەوە و دەبێتە بکەر). نموونە:

 خەوتم.

☑ (م): (بکەرە)، جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک.

***

# ٢٦. جێناوی لکاو: کۆمەڵەی ٣

26) جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی 3 (ضمایر متصل شخصی گروه 3)

ئەمانە جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی سێیەمن: (م، یت، "ات - ێت"/ ین، ن، ن)

- چاوگی(خواردن) لەگەڵ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 3 گەردان دەکەین:

☑ من نان دەخۆم.

☑ تۆ نان دەخۆیت.

☑ ئەو نان دەخوات.

☑ ئێمە نان دەخۆین.

☑ ئێوە نان دەخۆن.

☑ ئەوان نان دەخۆن.

 چاوگی(چوون) لەگەڵ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 3 گەردان دەکەین:

☑ من دەچم.

☑ تۆ دەچـیت.

☑ ئەو دەچـێت.

☑ ئێمە دەچـین.

☑ ئێوە دەچـن.

☑ ئەوان دەچـن.

بۆ ئەوەی جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی 3 باشتر بناسینەوە، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

1) سەرەتا ئەم کۆمەڵە جێناوە لەبەر بکەین:

○ (م، یت، "ات - ێت" ) ￼ بۆ تاک "مفرد"

○ (ین، ن، ن) ￼ بۆ کۆ "جمع"

2) ئەم کۆمەڵە جێناوە لە ڕستەدا، دەچنە سەر (کۆتایی کارەکان) و پێیەوە دەلکێن.

3 ) کۆمەڵەی 3، لەگەڵ ئەو ڕستەیە دێن کە کارەکەیان ڕانەبردوو (مضارع) بێت.

4 ) کۆمەڵەی 3، هەم لەگەڵ کاری تێپەڕ (متعدی) و هەم تێنپەڕ (لازم) دێن.

5 ) جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی 3 لەگەڵ ئەم ڕێسایە دێن:

☑ دە +ڕەگی کار+(م، یت، "ات - ێت"/ ین، ن، ن)

￼ هەنگاوەکانی دۆزینەوەی ڕەگی کار:

1) بۆ نموونە چاوگێک وەک (خواردن)

2) دەگۆڕین بۆ کاری ڕانەبردوو و لەسەر خۆمان جێبەجێی دەکەین

دەبێتە ￼ دە + خۆ + م ￼ (دەخۆم)

3) ئینجا (دە) لەگەڵ (م) لادەدەین.

4) (خۆ) مایەوە کە دەبێتە ￼ ڕەگی کار

دە + خۆ + (م) ￼ دەخۆم

دە + خۆ + (یت)  دەخۆیت

دە + خۆ + (ات)  دەخوات

دە + خۆ + (ین)  دەخۆین

دە + خۆ + (ن)  دەخۆن

دە + خۆ + (ن)  دەخۆن

نموونەیەکی تر

 (کڕین)  دە + کڕ + م  (دەکڕم)

 (دە) لەگەڵ (م) لادەین،  (کڕ) دەمێنێتەوە.

 (کڕ) دەبێتە  ڕەگی کار.

دە + کڕ + (م)  دەکڕم

دە + کڕ + (یت)  دەکڕیت

دە + کڕ + (ێت)  دەکڕێت

دە + کڕ + (ین)  دەکڕین

دە + کڕ + (ن)  دەکڕن

دە + کڕ + (ن)  دەکڕن

6️⃣  پرسیار: جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 3 لە کەسی سێیەمی تاکدا، چ کات (ێت) وەردەگرێت؟ چ کات (ات) وەردەگرێت؟

☑️ وەڵام:

 ئەگەر ڕەگی کار بە (پیتی نەبزوێن) کۆتایی بێت، (ێت) وەردەگرێت.

چاوگی کڕین: ڕەگەکەی: (کـڕ)

دە + کڕ + (ێت) = دەکڕێت

چاوگی سڕین: ڕەگەکەی: سـڕ

ده + سڕ + (ێت) = دەسڕێت

 ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی هاتبوو بە پیتی بزوێنی (ە، ۆ) بۆ کەسی سێیەمی تاک (ات) وەردەگرێت. ئەو کاتە دوو گۆڕانکاری ڕوو دەدات:

1) پیتی بزوێنی (ە) نامێنێت و یەکسەر (ات) وەردەگرێت.

چاوگی کردن:  ڕەگەکەی: (کە)

کاری ڕانەبردوو:  دە + ک + (ات): دەکات

چاوگی بردن:  ڕەگەکەی: (بە)

کاری ڕانەبردوو:  دە + بـ + (ات): دەبات

2) پیتی بزوێنی (ۆ) دەگۆڕێت بۆ پیتی نەبزوێنی (و)، پاشان (ات) وەردەگرێت.

چاوگی خواردن: ڕەگەکەی: (خۆ)

کاری ڕانەبردوو:  دە + خو + (ات): دەخوات

چاوگی شووشتن:  ڕەگەکەی (شۆ)

کاری ڕانەبردوو:  دە + شو + (ات): دەشوات

 شرۆڤەی زیاتری جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی 3:

 (م)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک.

☑ من دۆندرمە دەخۆم.

 (یت)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک.

☑ تۆ میوە دەکڕیت.

□ (ات، ێت) □ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک.

☑ ئەو نان دەخوات.

☑ ئەو دەچێت بۆ فێرگە.

□ (ین) □ جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ.

☑ ئێمە نان دەخۆین.

□ (ن) □ جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ.

☑ ئێوە لە باخچەدا یاری دەکەن.

□ (ن) □ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ.

☑ ئەوان میوزیک دەژەنن.

- جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی 3 لەگەڵ کاری (تێنپەڕ):

👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇

✔ من دەچم بۆ فێرگە.

✔ تۆ دەچیت بۆ فێرگە.

✔ ئەو دەچێت بۆ فێرگە.

✔ ئێمە دەچین بۆ فێرگە.

✔ ئێوە دەچن بۆ فێرگە.

✔ ئەوان دەچـن بۆ فێرگە.

- جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی 3 لەگەڵ کاری (تێپەڕ):

👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇 👇

✔ من نان دەخۆم.

✔ تۆ نان دەخۆیت.

✔ ئەو نان دەخوات.

✔ ئێمە نان دەخۆین.

✔ ئێوە نان دەخۆن.

✔ ئەوان نان دەخۆن.

 ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی 3:

1) ئەگەر بکەر لە ڕستەدا بوونی هەبوو، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر. نموونە:

☑ تۆ نامە دەنووسیت.

(یت)  جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک. دەگەڕێتەوە بۆ بکەر، چوونکە بکەر لە ڕستەدا بوونی هەیە  (تۆ)

2) ئەگەر بکەر لە ڕستەدا بوونی نەبوو، جێگەی بکەر دەگرێتەوە و دەبێتە بکەر. نموونە:

☑ نان دەخوات.

(ات)  بکەرە، جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک.

***

# ٢٧. جێناوی لکاو: کۆمەڵەی ٤

27) جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی 4⃣

ئەمانە، جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی چوارەمن: (ە، ن)

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی 4⃣ لەگەڵ کاری داخوازی (فعل امر) دێن و تەنها لە دوو کەس (دووەمی تاک و دووەمی کۆ) جێناوی لکاومان بۆی هەیە:

□دووەمی تاک: (ە)/ تۆ میوە بکڕە.

□دووەمی کۆ: (ن)/ ئێوە میوە بکڕن.

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی 4⃣ (ە/ ن) لەگەڵ کاری داخوازی (فعل امر) دێن.

(ە) □ بۆ کەسی دووەمی تاک

(ن) □ بۆ کەسی دووەمی کۆ

تاک: (ە) □ بکڕە/ بگرە/ ببڕە

کۆ: (ن) □ بکڕن/ بگرن/ ببڕن

پێش ئەوەی باسی کاری داخوازی بکەین، دەبێت سەرەتا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە (ڕەگی کار) بەشدارە لە دروستبوونی کاری داخوازی.

(ڕەگی کار): ئەو بەشەیە کە لە چاوگ وەردەگیرێت و سەرچاوەیە بۆ دروستبوونی کاری ڕانەبردوو و کاری داخوازی.

□ چۆنێتیی دۆزینەوەی (ڕەگی کار):

1) بۆ نموونە چاوگێک وەک (کڕین)

2) دەگۆڕین بۆ کاری ڕانەبردوو و لەسەر خۆمان جێبەجێی دەکەین

دەبێتە: دە + کڕ + م □ (دەکڕم)

3) ئینجا (دە) لەگەڵ (م) لادەین، (کڕ) دەمێنێتەوە. (کڕ) دەبێتە: ڕەگی کار.

☑ بـ + کڕ + ە  (بکڕە) "کاری داخوازی"

☑ بـ + کڕ + ن  (بکڕن) "کاری داخوازی"

نموونەیەکی تر

 (سڕین)  دە + سڕ + م  (دەسڕم)

 (دە) لەگەڵ (م) لادەدەین  (سڕ)

(سڕ)  دەبێتە (ڕەگی کار)

☑ بـ + سڕ + ە  (بسڕە) "کاری داخوازی"

☑ بـ + سڕ + ن  (بسڕن) "کاری داخوازی"

 پێناسەی کاری داخوازی:

کاتێک ئاخێوەر واتە کەسی قسەکەر کە کەسی یەکەمە، داوا لە کەسی بەرامبەر (کەسی دووەمی تاک) یان (کەسی دووەمی کۆ) واتە گوێگر دەکات، بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێک، پێی دەگوترێت کاری داخوازی.

یان کارێکە داوا لە کەسی دووەمی (تاک، کۆ) یان گیانلەبەرێک دەکرێت، بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارەکە.

یان کاری داخوازی، داخوازە لە کەسی دووەمی تاک و کۆ بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێک.

 میوە بکڕە.  (کەسی دووەمی تاک)

 میوە بکڕن.  (کەسی دووەمی کۆ)

 وانەکە بنووسە. (کەسی دووەمی تاک)

 وانەکە بنووسن. (کەسی دووەمی کۆ)

 شرۆڤەی زیاتری کاری داخوازی:

1️⃣) وانەکە بنووسن. □ لەم ڕستەیە وشەی (بنووسن) کارێکە داوای جێبەجێکردنی نووسینی پێ دەکرێت.

□ بـ + نووس + ن □ بنووسن

(جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 4) □ (ن)

2️⃣) سێوی باش بکڕە. □ لەم ڕستەیە وشەی (بکڕە) کارێکە داخوازیی کڕینی پێ دەکرێت.

□ بـ + کڕ + ە □ بکڕە

(جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 4) □(ە)

3️⃣ ) فێرگەکە بپارێزە. □ لەم ڕستەیە کاری (بپارێزە) کارێکی داخوازییە چوونکە داوای ئەنجامدانی کارێک دەکات.

□ بـ + پارێز + ە □ بپارێزە

(جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 4) □(ە)

□ یاساکانی کاری داخوازی:

بـ + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 4️⃣ □ ("ە" بۆ تاک/ "ن" بۆ کۆ)

1) بۆ کەسی دووەمی تاک:

□ بـ + ڕەگی کار + (جێناوی "ە")

ڕەگی کار لە (چاوگی گرتن) □ (گر)

بـ + گر + ە ☜ بگرە ☞ کاری داخوازی

☑ نموونە: □ سارا ئەم پەرتووکە بگرە.

کەواتە کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاک، بە نیشانەی (بـ) دەست پێ دەکات و بە جێناوی لکاوی (ە) بۆ کەسی دووەمی تاک کۆتایی دێت.

2) بۆ کەسی دووەمی کۆ:

□ بـ + ڕەگی کار + (جێناوی "ن")

ڕەگی کار لە (چاوگی گرتن)  (گر)

بـ + گر + ن/ (بگرن)  کاری داخوازی

☑ نموونە:  ئێوە دەستی یەکتر بگرن.

کەواتە کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی کۆ، بە نیشانەی (بـ) دەست پێ دەکات و بە جێناوی لکاوی (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ کۆتایی دێت.

کاری داخوازی و جێناوی لکاوی کۆمەڵەی ④ لەم نموونەی خوارەوە:

 ڕەگی کار لە چاوگی (گرتن) چۆن بەدەست بهێنین؟ چاوگی گرتن دەگۆڕین بۆ کاری ڕانەبردوو و لەسەر خۆمان جێبەجێی دەکەین (دەگرم)

دە + گر + م

"دە" لەگەڵ "م" لادەدەین  (گر) دەمێنێتەوە کە ڕەگی کارە.

ئێستا یاسای کاری داخوازی لەگەڵ ڕەگی (گر) جێبەجێ دەکەین:

 بـ + گر + ە  بۆ دووەم کەسی تاک: (بگرە)

 بـ + گر + ن: بۆ دووەم کەسی کۆ: (بگرن)

 تێبینی:

ئەگەر کارەکە داڕێژراو یان لێکدراو بوو، ئەوا دەتوانین نیشانەی داخوازیی (بـ) بنووسین یان نەنووسین.

ڕاگرتن: ڕابگرە/ ڕاگرە

تۆمارکردن: تۆمار بکە/ تۆمار کە

 ئەرکی جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی ④ (ە، ن)، لە کاری داخوازیدا:

1) ئەگەر بکەری ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا نەبوو، جێناوەکان دەبنە بکەر. نموونە:

 بخوێنـە/ (ە) بکەرە، جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک.

 بخوێنـن/ (ن) بکەرە، جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ.

2) ئەگەر بکەر لە ڕستەدا هەبێت، ئەو جێناوە لکاوانە (دەگەڕێنەوە بۆ بکەر) نموونە:

 تۆ بخوێنە.

تۆ: بکەرە، جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی تاک.

(ە) دەگەڕێتەوە بۆ بکەر، چوونکە بکەر لە ڕستەدا بوونی هەیە: (تۆ)

(ە) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک.

 ئێوە بخوێنن.

ئێوە/ بکەرە، جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی کۆ.

(ن) دەگەڕێتەوە بۆ بکەر، چوونکە بکەر لە ڕستەدا بوونی هەیە: (ئێوە)

(ن) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ.

***

["spacer height="20px]

| دۆخ | کۆ | تاک | کۆمەڵە: |
|---|---|---|---|
| ڕابردووی تێپەڕ | (مان، تان، یان) | (م، ت، ی) | کۆمەڵەی ١ |
| ڕابردووی تێنەپەڕ | (ین، ن، ن) | (م، یت، ـ) | کۆمەڵەی ٢ |
| ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ | (ین، ن، ن) | (م، یت، ات/ێت) | کۆمەڵەی ٣ |
| داخوازی | (ـ، ن، ـ) | (ـ، ە، ـ) | کۆمەڵەی ٤ |

***

["spacer height="20px]

***

# ٢٨. کاری بکەردیار و بکەرنادیار

28) کاری بکەردیار و بکەرنادیار

بکەردیار: ئەو کارەیە کە بکەرەکەی لەناو ڕستەدا ئاشکرا و دیارە. یان ئەو کارەیە کە یەکسەر دەخرێتە پاڵ (بکەر)ەکەی و لەناو ڕستەکەشدا باس دەکرێت.

 کاروان پەنجەرەکەی شکاند.  کێ پەنجەرەکەی شکاند؟ (کاروان)

کاروان بکەرە، واتە ئەو کەسەی کە کارەکەی ئەنجام داوە و لە ڕستەکەدا دیارە.

نموونەی تر:

 نەسرین جلەکەی شوشت.  (نەسرین بکەرە) کێ کارەکەی ئەنجام داوە؟ نەسرین

بکەرنادیار: ئەو کارەیە کە بکەرەکەی لەناو ڕستەدا دیار نییە و باس نەکراوە واتە لە ڕستەی بکەرنادیار، ئێمە نازانین کێ کارەکەی ئەنجام داوە! لە ڕستەی بکەرنادیار، (بەرکارەکە) دەبێتە جێگری بکەر. بۆ نموونە هەر ئەو ڕستەکەی سەرەوە کە بکەردیار بوو ئێمە بیکەینە بکەرنادیار:

 کاروان پەنجەرەکەی شکاند. (بکەردیار)

 پەنجەرەکە شکێنرا. (بکەرنادیار)

 شادی گوڵەکانی چاند.  (بکەردیار)

 گوڵەکان چێنران.  (بکەرنادیار)

☑ خاڵێکی گرنگ: لە ڕستەی بکەرنادیار،

بەرکار "مفعول" دەبێتە جێگری بکەر.

 هەنگاوەکانی گۆڕینی ڕستە، لە بکەردیار بۆ بکەرنادیار:

1⃣ لادانی بکەری ڕستەکە و هەر جێناوێک کە بۆ بکەر بگەڕێتەوە.

2⃣ دانانی بەرکار لە شوێنی بکەر و ناوی دەنێین: (جێگری بکەر). (دەستکاریی تاک و کۆ و ناسراو و نەناسراویی بەرکارەکە ناکەین.)

3⃣ سەیری کارەکە دەکەین، ئەگەر کارەکە (ڕابردوو) بوو، ئەم ڕێسایەی هەیە: ☑ (ڕەگی کار + را)

4⃣ ئەگەر کارەکە (ڕانەبردوو) بوو، ئەم ڕێسایەی هەیە: ☑(دە+ ڕەگی کار + رێ) بۆ نموونە:

 کوڕەکە وانەکەی نووسی.  (ئەم ڕستەیە بکەردیارە، ئێمە دەیکەینە بکەرنادیار):

1) بکەر (کوڕەکە) دەسڕینەوە □ وانەکەی نووسی.

هێشتا بکەر لە ڕستەکەدا هەیە جێناوی (ی) بکەرە، ئەویش دەسڕینەوە لەبەر ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

بەرکار وەکوو خۆی دادەنێین دەبێتە جێگری بکەر □ (وانەکە)

2) کارەکە ڕابردووە (نووسی)، بەپێی ڕێسای ژمارەی 3⃣ دەیگۆڕین بۆ بکەرنادیار □نووس+را□ نووسرا.

☑ وانەکە نووسرا. □ (بکەرنادیار)

- لەم 2 نموونەی خوارەوە کارەکە لە ڕستەی بکەردیار ڕانەبردووە. کەواتە لە ڕێسای ژمارەی 4⃣ بۆ بکەرنادیار کەڵک وەردەگرین: □ دە+ڕەگی کار+رێ

□ جووتیار زەوییەکە دەکێڵێت. (ڕستەکە بکەردیارە و کارەکە ڕانەبردووە)

- بکەر (جووتیار) دەسڕینەوە.

- بەرکار (زەوییەکە) دەبێتە جێگری بکەر.

- کارەکە (دەکێڵێت) ڕانەبردووە بەپێی ڕێسای ژمارەی 4⃣ کاری بکەرنادیاری لێ دروست دەکەین.

دە + کێڵ + رێ

☑ زەوییەکە دەکێڵرێ/ دەکێڵرێت. □ (بکەرنادیار)

□ ئازاد نەمام دەچێنێت. (بکەردیار ڕانەبردووە)

☑ نەمام دەچێنرێ/ دەچێنرێت. □ (بکەرنادیار)

□ شرۆڤەی زیاتری بکەردیار و بکەرنادیار:

1) ئازاد پەنجەرەکەی شکاند.

2) پەنجەرەکە شکێنرا.

پێشتر زانیمان کە کاری تێپەڕ، ئەو کارەیە کە بەهۆی وشەیەکی ترەوە واتای ڕستەکە تەواو دەکات و دەبێتە بەرکاری کارەکە، ئەم ڕاستییە لە ڕستەی 1 بەدی دەکرێت: لە ڕستەی 1 (ئازاد) کە (بکەر)ە، کارێکی کردووە و ئەرکی کارەکەی یەکسەر کەوتۆتە سەر، (پەنجەرەکە)و بووە بە بەرکاری کاری (شکاند)و واتای ڕستەکەشی تەواو کردووە.

ئازاد: بکەر (فاعل)

پەنجەرەکە: بەرکار (مفعول)

شکاند: کار (فعل)

بەڵام لە ڕستەی 2 لەبەر ئەوەی نەمانزانیوە کێ (پەنجەرەکەی شکاند)ووە یان نەمانویستووە ناوی (ئازاد) بێنین کە (بکەر)ی کارەکەیە، لەبەر ئەوە ڕستەکەمان لە شێوەی ڕستەی نادیار دەربڕیوە. بۆ ئەم مەبەستەش، (بکەر)ی کارە ئاشکراکە و هەر وشەیەک کە پەیوەندیی بە (بکەر)ەکەوە هەبێت لەناو ڕستەکەدا، لای دەبەین و (بەرکار)ەکە دەخەینە شوێنی بکەر و هەروەها کارەکە دەخەینە شێوەی کارێکی نادیارەوە، بەم پێیە ڕستەکە دەبێتە: (پەنجەرەکە شکێنرا)و (پەنجەرەکە) دەبێتە (جێگری بکەر)ەکە.

 1) کوڕەکان وانەکانیان نووسییەوە.

 2) وانەکان نووسرانەوە.

لە ڕستەی 1، بۆ گۆڕینی کاری بکەردیار بۆ کاری بکەرنادیار، بکەر لادەبەین و (بەرکار)ەکە دەچێتە شوێنی (بکەر).

پێویستە بەپێی کەس و ژمارەی جێگری (بکەر)ەکە، کارە نادیارەکەش بگۆڕێت، لەبەر ئەمە ڕستەکە دەبێتە: (وانەکان نووسرانەوە).

 جووتیارەکە زەوییەکە دەکێڵێت.

 زەوییەکە دەکێڵرێت.

 تاڤگە نامەکانی دەخوێنێتەوە.

 نامەکان دەخوێنرێنەوە.

لە ڕستەکانی سەرەوە کاری (دەکێڵێت) و (دەخوێنێتەوە) دوو کاری ڕانەبردووی تێپەڕن. لەبەر ئەوەی (بکەر)ەکانیان ئاشکران، بۆ گۆڕینی ئەم جۆرە کارانە، (بکەر)ەکان لەناو ڕستەکاندا لادەبەین و (بەرکار)ەکان دەخەینە شوێنیان و کارەکانیش وا بەکار دەهێنین: (دەکێڵرێت، دەخوێنرێنەوە)

- نیشانەی (رێ) کە بۆ ڕانەبردووە.

- جێناوی لکاوی (ێت) کە دەچێتە سەر (رێ) و دەبێتە: (رێت)

□ تێبینی:

هەندێ کار، کاتێ دەکرێن بە بکەرنادیار لە دەستوور لادەدەن، لەبەر ئەوەی بە (ڕەگی کار) ناکرێن و لە (قەدی چاوگ)، بکەرنادیاریان لێ دروست دەکرێت:

بۆ نموونە: چاوگی (گوتن)

ئێمە ناتوانین بۆ چاوگی (گوتن)، لە ڕەگەکەی بکەرنادیار دروست بکەین:

ڕەگی گوتن/ دە + ڵێ + م/ (ڵێ)

ڵێرا ✖✖✖

دەڵێرێ ✖✖✖

کەواتە لە قەدەکەی، بکەرنادیار دروست دەکەین: چاوگی گوتن/ گوتن - ن □قەدەکەی (گوت)

□ ڕابردوو: قەد + را (گوت+ را = گوترا)

□ ڕانەبردوو: دە+ قەد+رێ (دە + گوت + رێ = دەگوترێ)

هێمن هۆنراوەکەی گوت.

☑ هۆنراوەکە گوترا.

مامۆستا وانەکەی گوت.

☑ وانەکە گوترا.

ڕابردووی بکەرنادیار □ گوترا

ڕانەبردووی بکەرنادیار □ دەگوترێ

ساکار گۆرانییەکە دەڵێت.

☑ گۆرانییەکە دەگوترێت.

 نموونەی تر: چاوگی (ویستن)

ڕابردوو: قەد + را (ویست + را) = ویسترا

ڕانەبردوو: دە + قەد + رێ ( دە + ویست + رێ) دەویسترێ

مینا گوڵەکەی ویست.

☑ گوڵەکە ویسترا.

لاڤان پەرتووکەکەی دەوێت.

☑ پەرتووکەکە دەویسترێت.

 تێبینی:

لە گۆڕینی ڕستە لە بکەردیار بۆ بکەرنادیار پێویستە بەوردی سەرنجی تاک و کۆی جێگری بکەر بدەین. بەو پێیە ئاگاداری (ژمارە و کەسی) کارە بکەرنادیارەکە بین. بۆ نموونە:

کاروان وانەکەی نووسی.

وانەکە نووسرا. ☑

پێویست ناکات بڵێین وانەکان نووسران. ✖ لەبەر ئەوەی لە ڕستەکە (وانەکە)یە نەک وانەکان. بەڵام ئەگەر ڕستەکە وا بوایە: کاروان وانەکانی نووسی.

وانەکان نووسران. ☑

 تێبینی:

تەنها ئەو ڕستانە دەکرێن بە بکەرنادیار کە کارەکەیان (تێپەڕ) بێت. ئەگەر ڕستەیەک کارەکەی تێنەپەڕ بێت، بە هیچ شێوەیەک ناکرێت بە بکەرنادیار لەبەر ئەوەی لە کاری تێنەپەڕ، بەرکارمان نییە. بۆ نموونە:

☑ سروور هات.

بکەر (سروور) دەسڕینەوە چ دەمێنێتەوە؟ هات/ (هات) کاری تێنەپەڕە و بەرکارێک نییە بیکەینە جێگری بکەرەکە، کەواتە بکەرنادیاری لێ دروست نابێت.

- تێبینی:

لە کاتی گۆڕینی ڕستە بۆ بکەرنادیار ئەگەر (ڕەگ) کۆتایی بە (پیتی بزوێن) هاتبوو، ئەو گۆڕانکارییانە ڕوو دەدەن:

1) بزوێنی (ێ، ە) لەناو دەچن:

 دانان  ڕەگەکەی (دانـێ)

کاری بکەرنادیار  دانێ + را = دانێرا/ (ێ) لەناو دەچێت  (دانرا)

لەبەر ئەوەی لەڕووی دەربڕینەوە ناگونجێت بڵێین:

کتێبەکە دانێرا ✗

کتێبەکە دانرا ☑

 کردن  ڕەگەکەی (کـە)

کاری بکەرنادیار  کە + را = کەرا

(ە) لەناو دەچێت  (کرا)

زەوییەکە کەرا بە ماڵ. ✗

زەوییەکە کرا بە ماڵ. ☑

2) لە کاری بکەرنادیار، ئەگەر ڕەگ کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ۆ) هاتبوو، دەگۆڕێت بۆ (و). بۆ نموونە چاوگی خواردن:

ڕەگەکەی دەبێتە  خۆ

خۆ + را = خۆرا

ۆ  دەگۆڕێت بۆ (و)  (خورا)

ئیدریس ماکارۆنییەکەی خوارد.

ماکارۆنییەکە خورا.

ئیدریس ماکارۆنییەکە دەخوات.

ماکارۆنییەکە دەخورێت.

 تێبینی:

کاری بکەرنادیار بۆ کاتی ڕابردوو، هەموو دەمەکانی کاری ڕابردووی هەیە:

 (ڕابردووی نزیک)  ڕەگی کار + را

☑ گوڵەکە چێنرا.  چێن + را

سارا وانەکەی نووسی.

☑ وانەکە نووسرا.  نووس + را

==================================

 (ڕابردووی دوور)  ڕەگی کار + را + بوو

☑ گوڵەکە چێنرابوو.  چێن + را + بوو

ئەوان ئاگرەکەیان هەڵکردبوو.

☑ ئاگرەکە هەڵکرابوو.  هەڵکە + را + بوو

(ە لەناو دەچێت)  هەڵکرابوو

==================================

 (ڕابردووی بەردەوام)  دە + ڕەگی کار + را

هانا گوڵەکەی دەچاند.

☑ گوڵەکە دەچێنرا.  دە + چێن + را

سانا نانەکەی دەخوارد.

☑ نانەکە دەخورا.  دە + خو + را

===================================

 (ڕابردووی تەواو)  ڕەگی کار + را + وە

☑ گوڵەکە چێنراوە.  چێن + را + وە

جووتیارەکە زەوییەکەی کێڵاوە.

☑ زەوییەکە کێڵراوە.  کێڵ + را + وە

○ **تێبینی:**

ڕەگی ئەو کارانەی کە کۆتاییان بە (ر، ڕ) هاتووە، (د) دەخرێتە نێوان ڕەگی کارەکە و نیشانەی نادیار، بۆ ئاسانکاری لە دەربڕیندا. بۆ نموونە:

چاوگی (ناردن)  ڕەگەکەی دەبێتە: (نێـر)

 ڕابردووی بکەرنادیار  نێر + را = نێررا

بۆ ئاسانکاری لە دەربڕیندا دەڵێین:

نێر + د + را  (نێردرا) ☑

 ڕانەبردووی بکەرنادیار:

دە + نێر + رێ  دەنێررێ

بۆ ئاسانکاری لە دەربڕیندا دەڵێین:

دە + نێر + د + رێ

(دەنێردرێ) ☑

چاوگی (بڕین)

ڕەگەکەی دەبێتە  بـڕ

 ڕابردووی بکەرنادیار  بڕ + را = بڕرا

بۆ ئاسانکاری لە دەربڕیندا دەڵێین:

بڕ + د + را

(بڕدرا) ☑

 ڕانەبردووی بکەرنادیار  دە + بڕ + رێ = دەبڕرێ

بۆ ئاسانکاری لە دەربڕیندا دەڵێین:

دە + بڕ + د + رێ

(دەبڕدرێ) ☑

پوختەی بابەتی بکەردیار و بکەرنادیار:

✔ کاری بکەردیار: ئەو کارەیە کە بکەرەکەی لە ڕستەدا بوونی هەیە. بۆ نموونە:

 کاروان پەنجەرەکەی شکاند.

✔ کاری بکەرنادیار: ئەو کارەیە کە بکەرەکەی دیار نییە و (بەرکار) بووە بە جێگری. بۆ نموونە:

 پەنجەرەکە شکێنرا.

✔ تەنها ئەو ڕستانە دەکرێن بە بکەرنادیار کە کارەکەیان (تێپەڕ) بێت.

 شیرین وانەکەی نووسی. (کاری تێپەڕ)

وانەکە نووسرا. (بکەرنادیار)

✔ بەگشتی کاری بکەرنادیار لە (ڕەگی کار) دروست دەکرێت، بەڵام هەندێک کار هەن لە دەستوور لادەدەن و بە (قەدی چاوگ) دروست دەکرێن.

 بۆ نموونە: چاوگی (گوتن / قەد: گوت)

گوترا ☑

دەگوترێ ☑

لە ڕەگی گوتن (ڵێ)، بکەرنادیار دروست ناکرێت:

ڵێرا ✖✖✖✖✖

دەڵێرێ ✖✖✖✖✖

✔ لە گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ بکەرنادیار ئەگەر کارەکە (ڕابردوو) بوو ئەم ڕێسایەی هەیە:

☑ (ڕەگی کار + را)

 (نووسرا، خورا)

✔ ئەگەر کارەکە (ڕانەبردوو) بوو ئەم ڕێسایەی هەیە:

☑ (دە+ ڕەگی کار + رێ)

 (دەنووسرێ، دەخورێ)

 نموونە بۆ چاوگی (شکاندن):

 قەدی چاوگ  شکاند

 ڕەگی کار  شکێن

- کاری بکەرنادیار بۆ (کاتی ڕابردوو):

(ڕەگی کار + را)  شکێنرا

 کاری بکەرنادیار بۆ (ڕابردووی نزیک):

(ڕەگی کار + را)  شکێنرا

 کاری بکەرنادیار بۆ (ڕابردووی دوور):

(ڕەگی کار + را + بوو)  شکێنرابوو

 کاری بکەرنادیار بۆ (ڕابردووی بەردەوام):

(دە + ڕەگی کار + را)  دەشکێنرا

○ کاری بکەرنادیار بۆ (ڕابردووی تەواو):

(ڕەگی کار + را + وە)  شکێنراوە

 کاری بکەرنادیار بۆ (کاری ڕانەبردوو):

(دە+ ڕەگی کار + رێ)  دەشکێنرێ

***

# ٢٩. ناو لە ڕووی ڕەگەز یان زایەندەوە

29) ناو لە ڕووی ڕەگەز یان زایەندەوە (جنس)

 ناو لە ڕووی زایەند یان ڕەگەزەوە:

لە زمانی کوردیدا، ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە بەسەر 4 جۆر دابەش دەکرێت:

1) ناوی نێر

2) ناوی مێ

3) ناوی دووزایەند (دوولایەن)

4) ناوی بێزایەند (بێلایەن)

1) ناوی نێر:

ئەو ناوەیە کە هەر لە بنەڕەتدا، بۆ ڕەگەزی نێر بەکار دێت. ئەم جۆرە ناوەش بۆ ئەم کۆمەڵانە دابەش دەکرێت:

 ناوی کەسانی نێرینە:

(پیاو، کوڕ، خاڵ، مام، باوک، برا، پسمام، خەزوور و....)

* پسمام: کوڕی مام، ئامۆزا

 ناوی تایبەت بە کوڕان:

(دیاکۆ، ئازاد، شێرزاد، شێرکۆ، کاروان، سیامەند، ئیدریس و...)

 ناوی گیانداری نێر:

(ئەسپ، کەڵەشێر، بەران، یەکانە، نێری و...)

* بەران: پەزی نێر، نێرەمەڕ، قۆچ

* یەکانە: بەرازی نێر

* نێری: بزنی نێر

 ناوی هەندێ پیشەی پیاوانە:

(نانەوا، شوان، فیتەر، گۆشتفرۆش، گاوان، سەپان، دارتاش، ئاسنگەر و...)

* سەپان: وەرزێر، ڕەنجبەری ئاغا کە لە پێنج بەش بەشێک وەردەگرێ.

2) ناوی مێ:

ئەو ناوەیە کە هەر لە بنەڕەتدا بۆ ڕەگەزی مێ بەکار دێت. ئەم جۆرە ناوەش بۆ ئەم کۆمەڵانە دابەش دەکرێت:

 ناوی کەسانی مێینە:

(دایک، خوشک، کچ، دۆتمام، خەسوو، بووک، پوور، ....)

* دۆتمام: ئامۆزا، کچی مام

 ناوی تایبەت بە کچان:

(نازدار، شیرین، هێرۆ، پەروین، ....)

 ناوی گیانداری مێینە:

(مانگا، مریشک، ماین، بەلەندیر، مالۆس، و....)

* ماین: ئەسپی مێ

* بەلەندیر: شەکی بەر بەران، بەردیل

* مالۆس: بەرازی مێ

 ناوی هەندێ پیشەی ژنان:

(نانکەر، بێریڤان، تەشیرێس، مامان، دایەن، بەربووک، جلشۆر، ....)

* بێریڤان: مەڕدۆش

* مامان: ئەو ئافرەتەی یارمەتیی ژن دەدات لە کاتی منداڵبوون و ناوکی منداڵەکەی دەبڕێت.

* دایەن: ئەو ژنەی شیر ئەدات بە منداڵی خەڵک.

* بەربووک: ژنێکە لەگەڵ بووکدا بچێ بۆ ماڵی زاوا.

3) ناوی دووزایەند (دوولایەن):

ئەو ناوانەن کە لە یەک کاتدا دەتوانین بۆ نێر و مێ بەکاریان بهێنین و بۆ دوو ڕەگەز بەکار دێن بۆیە پێیان دەگوترێت ناوی دوولایەن. (زایەندی ناوەکە دیار نییە.) وەک:

(فێرخواز، مامۆستا، مرۆڤ، کۆتر، سەگ، ورچ، کەو، پڵنگ، خزمەتکار، پزیشک، ئاژەڵ، ئامۆزا، .....)

☑ فێرخواز وانە دەنووسێت.

(فێرخواز دەتوانێت هەم نێر بێت، هەم مێ، واتە دوولایەنە.)

 گۆڕینی ناوی (دوولایەن یان دووزایەند) بۆ زایەندی (نێر و مێ):

 تێبینی//

زۆر جار لە ڕێگەی بەکارهێنانی پەیڤێک لەگەڵ ناوی (دووزایەند)ەوە دەتوانین زایەندی ناوەکە بگۆڕین بۆ (نێر و مێ):

ئەو پەیڤانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێن ئەمانەن: (نێر، مێ، ما، دێڵ، گۆڵ)

 بۆ نموونە، "کەو" ناوێکی دوولایەنە:

بۆ نێر  (نێرەکەو)

بۆ مێ  (ماکەو، مێکەو)

 ورچ:

بۆ نێر  (نێرەورچ)

بۆ مێ  (دێڵەورچ، دەڵەورچ)

 سەگ:

بۆ نێر (گۆڵەسەگ

بۆ مێ  (دێڵەسەگ، دەڵەسەگ)

 گیسک:

بۆ نێر  (گێسکی نێر)

بۆ مێ  (گێسکی مێ)

 پڵنگ:

بۆ نێر  (پڵنگی نێر)

بۆ مێ  (پڵنگی مێ)

4) ناوی بێزایەند (بێلایەن):

ئەو ناوانەن کە سەر بە هیچ کام لە ڕەگەزی نێر و مێ نین و هەر لە بنەڕەتدا ڕەگەزیان نییە، وەک:

(زەریا، شاخ، چیا، بەرد، دار، هەنار، تەختە، پێنووس، فڕۆکە، ئاو، کورسی، مێز ....)

## ٣٠. دەمەکان و ڕێژەکانی کار

1. ڕابردووی نزیک (ماضی سادە)

---

کاری ڕابردووی نزیک، ئەو کارەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک، لە ڕابردووی نزیک دەکات.

 چاوگ - ن = (قەد یان ڕابردووی نزیک)

بردن - ن = (برد)

چوون - ن = (چوو)

---

 بۆ گەردانکردنی کاری ڕابردووی نزیک، ئەگەر کارەکە (تێنەپەڕ) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

(قەد + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 2)

کارەکەش چ سادە بێت، چ داڕێژراو و چ لێکدراو، جێناوەکان دەکەونە دوای قەدەوە.

 چاوگی سادە: (کەوتن)

من کەوتم.

تۆ کەوتیت.

ئەو کەوت.

ئێمە کەوتین.

ئێوە کەوتن.

ئەوان کەوتن.

 (نەرێکردن)

من نەکەوتم.

تۆ نەکەوتیت.

ئەو نەکەوت.

ئێمە نەکەوتین.

ئێوە نەکەوتن.

ئەوان نەکەوتن.

---

 چاوگی داڕێژراو: (داکەوتن)

من داکەوتم.

تۆ داکەوتیت.

ئەو داکەوت.

ئێمە داکەوتین.

ئێوە داکەوتن.

ئەوان داکەوتن.

 (نەرێکردن)

من دانەکەوتم.

تۆ دانەکەوتیت.

ئەو دانەکەوت.

ئێمە دانەکەوتین.

ئێوە دانەکەوتن.

ئەوان دانەکەوتن.

---

 چاوگی لێکدراو: (سەرکەوتن)

من سەر کەوتم.

تۆ سەر کەوتیت.

ئەو سەر کەوت.

ئێمە سەر کەوتین.

ئێوە سەر کەوتن.

ئەوان سەر کەوتن.

 (نەرێکردن)

من سەر نەکەوتم.

تۆ سەر نەکەوتیت.

ئەو سەر نەکەوت.

ئێمە سەر نەکەوتین.

ئێوە سەر نەکەوتن.

ئەوان سەر نەکەوتن.

---

 ئەگەر کارەکە (تێپەڕ)ی سادە بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

(قەد + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 1)

 چاوگی سادە: (گرتن)

من گرتم.

تۆ گرتت.

ئەو گرتی.

ئێمە گرتمان.

ئێوە گرتتان.

ئەوان گرتیان.

 (نەرێکردن)

من نەمگرت.

تۆ نەتگرت.

ئەو نەیگرت.

ئێمە نەمانگرت.

ئێوە نەتانگرت.

ئەوان نەیانگرت.

---

- چاوگی داڕێژراو: (داگرتن)

من دام گرت.

تۆ دات گرت.

ئەو دای گرت.

ئێمە دامان گرت.

ئێوە داتان گرت.

ئەوان دایان گرت.

- (نەرێکردن)

من دام نەگرت.

تۆ دات نەگرت.

ئەو دای نەگرت.

ئێمە دامان نەگرت.

ئێوە داتان نەگرت.

ئەوان دایان نەگرت.

---

- چاوگی لێکدراو: (وێنەگرتن)

من وێنەم گرت.

تۆ وێنەت گرت.

ئەو وێنەی گرت.

ئێمە وێنەمان گرت.

ئێوە وێنەتان گرت.

ئەوان وێنەیان گرت.

- (نەرێکردن)

من وێنەم نەگرت.

تۆ وێنەت نەگرت.

ئەو وێنەی نەگرت.

ئێمە وێنەمان نەگرت.

ئێوە وێنەتان نەگرت.

ئەوان وێنەیان نەگرت.

---

2️⃣. ڕابردووی دوور (ماضی بعید)

---

کاری ڕابردووی دوور، ئەو کارەیە کە، دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردووی دووردا دەکات.

 قەد + بوو = (ڕابردووی دوور)

کەوت + بوو = کەوتبوو

سووتا + بوو = سووتابوو

---

 بۆ گەردانکردنی کاری ڕابردووی دوور، ئەگەر کارەکە (تێنەپەڕ)ی سادە بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

(قەد + بوو + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 2)

کارەکەش چ سادە بێت، چ داڕێژراو و چ لێکدراو، جێناوەکان لە کۆتاییەوە دێن.

 چاوگی سادەی تێنەپەڕ: (کەوتن)

(قەد + بوو + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 2)

من کەوتبووم.

تۆ کەوتبوویت.

ئەو کەوتبوو.

ئێمە کەوتبووین.

ئێوە کەوتبوون.

ئەوان کەوتبوون.

 (نەرێکردن)

من نەکەوتبووم.

تۆ نەکەوتبوویت.

ئەو نەکەوتبوو.

ئێمە نەکەوتبووین.

ئێوە نەکەوتبوون.

ئەوان نەکەوتبوون.

---

 ئەگەر کارەکە (داڕێژراوی تێنەپەڕ) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

(پێشگر + قەد + بوو + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 2)

 چاوگی داڕێژراوی تێنەپەڕ: (داکەوتن)

من داکەوتبووم.

تۆ داکەوتبوویت.

ئەو داکەوتبوو.

ئێمە داکەوتبووین.

ئێوە داکەوتبوون.

ئەوان داکەوتبوون.

 (نەرێکردن)

من دانەکەوتبووم.

تۆ دانەکەوتبوویت.

ئەو دانەکەوتبوو.

ئێمە دانەکەوتبووین.

ئێوە دانەکەوتبوون.

ئەوان دانەکەوتبوون.

---

 ئەگەر کارەکە (لێکدراوی تێنەپەڕ) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

(وشەی واتادار + قەد + بوو + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 2)

 چاوگی لێکدراو: (سەرکەوتن)

من سەر کەوتبووم.

تۆ سەر کەوتبوویت.

ئەو سەر کەوتبوو.

ئێمە سەر کەوتبووین.

ئێوە سەر کەوتبوون.

ئەوان سەر کەوتبوون.

 (نەرێکردن)

من سەر نەکەوتبووم.

تۆ سەر نەکەوتبوویت.

ئەو سەر نەکەوتبوو.

ئێمە سەر نەکەوتبووین.

ئێوە سەر نەکەوتبوون.

ئەوان سەر نەکەوتبوون.

---

 ئەگەر کارەکە (تێپەڕ)ی سادە بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

(قەد + بوو + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 1)

 چاوگی سادەی تێپەڕ: (گرتن)

من گرتبووم.

تۆ گرتبووت.

ئەو گرتبووی.

ئێمە گرتبوومان.

ئێوە گرتبووتان.

ئەوان گرتبوویان.

 (نەرێکردن)

من نەمگرتبوو.

تۆ نەتگرتبوو.

ئەو نەیگرتبوو.

ئێمە نەمانگرتبوو.

ئێوە نەتانگرتبوو.

ئەوان نەیانگرتبوو.

---

- چاوگی داڕێژراوی تێپەڕ: (داگرتن)
- پێشگر + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + بوو

من دام گرتبوو.

تۆ دات گرتبوو.

ئەو دای گرتبوو.

ئێمە دامان گرتبوو.

ئێوە داتان گرتبوو.

ئەوان دایان گرتبوو.

- (نەرێکردن)

من دام نەگرتبوو.

تۆ دات نەگرتبوو.

ئەو دای نەگرتبوو.

ئێمە دامان نەگرتبوو.

ئێوە داتان نەگرتبوو.

ئەوان دایان نەگرتبوو.

---

- چاوگی لێکدراو: (وێنەگرتن)
- وشەی واتادار + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + بوو

من وێنەم گرتبوو.

تۆ وێنەت گرتبوو.

ئەو وێنەی گرتبوو

ئێمە وێنەمان گرتبوو.

ئێوە وێنەتان گرتبوو.

ئەوان وێنەیان گرتبوو.

 (نەرێکردن)

من وێنەم نەگرتبوو.

تۆ وێنەت نەگرتبوو.

ئەو وێنەی نەگرتبوو

ئێمە وێنەمان نەگرتبوو.

ئێوە وێنەتان نەگرتبوو.

ئەوان وێنەیان نەگرتبوو.

---

 گەردانکردنی چاوگە تێنەپەڕەکانی:

(بوون، دابوون، ئازادبوون) لە "ڕابردووی دوور"دا:

 (بوون)

من بووبووم/ نەبووبووم.

تۆ بووبوویت/ نەبووبوویت.

ئەو بووبوو/ نەبووبوو.

ئێمە بووبووین/ نەبووبووین.

ئێوە بووبوون/ نەبووبوون.

ئەوان بووبوون/ نەبووبوون.

 (دابوون)

من دابووبووم/ دانەبووبووم.

تۆ دابووبوویت/ دانەبووبوویت.

ئەو دابووبوو/ دانەبووبوو.

ئێمە دابووبووین/ دانەبووبووین.

ئێوە دابووبوون/ دانەبووبوون.

ئەوان دابووبوون/ دانەبووبوون.

 (ئازادبوون)

من ئازاد بووبووم/ ئازاد نەبووبووم.

تۆ ئازاد بووبوویت/ ئازاد نەبووبوویت.

ئەو ئازاد بووبوو/ ئازاد نەبووبوو.

ئێمە ئازاد بووبووین/ ئازاد نەبووبووین.

ئێوە ئازاد بووبوون/ ئازاد نەبووبوون.

ئەوان ئازاد بووبوون/ ئازاد نەبووبوون.

---

✔ کاری ڕابردووی دوور، ڕوودانێک ڕادەگەیەنێت کە ڕوودانەکەی پێش ڕوودانی کارێکی تر بکەوێت.

 کاتێک چووم بۆ لای یار، نووستبوو.

✔ هەروەها ڕوودانێک نیشان دەدات کە پەیوەندیی بە کاتێکی دیاریکراو هەبێت.

 من پار، هاتبووم بۆ لای یار.

---

3️⃣. ڕابردووی بەردەوام (ماضی استمراری)

---

کاری ڕابردووی بەردەوام، ئەو کارەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودان و بەردەوامیی کارێک لە کاتی ڕابردوودا دەکات.

 دە/ ئە + قەد = (ڕابردووی بەردەوام)

دە + چوو = دەچوو  ئە + چوو = ئەچوو

دە + کەوت = دەکەوت  ئە + کەوت = ئەکەوت

---

 بۆ گەردانکردنی کاری ڕابردووی بەردەوام، ئەگەر کارەکە (تێنەپەڕی سادە) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

 (دە/ ئە + قەد + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 2)

کارەکەش چ سادە بێت، چ داڕێژراو و چ لێکدراو، جێناوەکان دەکەونە دوای قەدەوە.

چاوگی سادەی تێنەپەڕ: (کەوتن)

من دەکەوتم.

تۆ دەکەوتیت.

ئەو دەکەوت.

ئێمە دەکەوتین.

ئێوە دەکەوتن.

ئەوان دەکەوتن.

 (نەرێکردن)

من نەدەکەوتم.

تۆ نەدەکەوتیت.

ئەو نەدەکەوت.

ئێمە نەدەکەوتین.

ئێوە نەدەکەوتن.

ئەوان نەدەکەوتن.

---

 چاوگی داڕێژراوی تێنەپەڕ: (داکەوتن)

 پێشگر + دە + قەد + جێناوی کۆمەڵەی 2

من دادەکەوتم.

تۆ دادەکەوتیت.

ئەو دادەکەوت.

ئێمە دادەکەوتین.

ئێوە دادەکەوتن.

ئەوان دادەکەوتن.

 (نەرێکردن)

من دانەدەکەوتم.

تۆ دانەدەکەوتیت.

ئەو دانەدەکەوت.

ئێمە دانەدەکەوتین.

ئێوە دانەدەکەوتن.

ئەوان دانەدەکەوتن.

---

 چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕ: (سەرکەوتن)

وشەی واتادار + دە + قەد + جێناوی کۆمەڵەی 2

من سەر دەکەوتم.

تۆ سەر دەکەوتیت.

ئەو سەر دەکەوت.

ئێمە سەر دەکەوتین.

ئێوە سەر دەکەوتن.

ئەوان سەر دەکەوتن.

(نەرێکردن)

من سەر نەدەکەوتم.

تۆ سەر نەدەکەوتیت.

ئەو سەر نەدەکەوت.

ئێمە سەر نەدەکەوتین.

ئێوە سەر نەدەکەوتن.

ئەوان سەر نەدەکەوتن.

---

بۆ گەردانکردنی کاری ڕابردووی بەردەوامی (تێپەڕ)، (ئەگەر کارەکە "سادە" بێت)، ڕێساکەی دەبێتە:

(دە/ ئە + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 1 + قەد)

چاوگی سادەی تێپەڕ: (گرتن)

من دەمگرت.

تۆ دەتگرت.

ئەو دەیگرت.

ئێمە دەمانگرت.

ئێوە دەتانگرت.

ئەوان دەیانگرت.

نەرێکردنەکەی بەم شێوەیە:

من نەمدەگرت.

تۆ نەتدەگرت.

ئەو نەیدەگرت.

ئێمە نەماندەگرت.

ئێوە نەتاندەگرت.

ئەوان نەیاندەگرت.

---

 بۆ گەردانکردنی کاری ڕابردووی بەردەوام، ئەگەر کارەکە (تێپەڕی داڕێژراو و لێکدراو) بێت، (جێناوەکان لەپێش نیشانەی "دە" دێن:

 چاوگی داڕێژراوی تێپەڕ: (داگرتن)

 پێشگر + جێناوی کۆمەڵەی 1 + دە + قەد

من دام دەگرت.

تۆ دات دەگرت.

ئەو دای دەگرت.

ئێمە دامان دەگرت.

ئێوە داتان دەگرت.

ئەوان دایان دەگرت.

 (نەرێکردن)

من دام نەدەگرت.

تۆ دات نەدەگرت.

ئەو دای نەدەگرت.

ئێمە دامان نەدەگرت.

ئێوە داتان نەدەگرت.

ئەوان دایان نەدەگرت.

---

 چاوگی لێکدراو: (وێنەگرتن)

 وشەی واتادار + جێناوی کۆمەڵەی 1 + دە + قەد

من وێنەم دەگرت.

تۆ وێنەت دەگرت.

ئەو وێنەی دەگرت.

ئێمە وێنەمان دەگرت.

ئێوە وێنەتان دەگرت.

ئەوان وێنەیان دەگرت.

 (نەرێکردن)

من وێنەم نەدەگرت.

تۆ وێنەت نەدەگرت.

ئەو وێنەی نەدەگرت.

ئێمە وێنەمان نەدەگرت.

ئێوە وێنەتان نەدەگرت.

ئەوان وێنەیان نەدەگرت.

---

 چەند نموونەیەک لە کاری (ڕابردووی بەردەوام)، لە شیعر و نووسینی شاعیراندا:

هەر لە نەجدەوە تا هەردەی دوجەیل
بۆ لەیل (ئەگەڕام) دەروون لە غەم کەیل
"پیرەمێرد"

جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کاتی بەیانی
(ئەڕۆیشتم) خەیاڵاوی (ئەمڕوانی)
"گۆران"

لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بوو
کەوا شەککەر (دەباری) گوڵ (دەپشکووت)
"نالی"

شەوانە خۆم لە گوندێک (دەکوتا) و نان و ئاوێکم (دەخوارد) و بە ڕۆژ وە چیا (دەکەوتم).
"هێمن"

... نەمتوانی حاشای لێ بکەم، چونکە لەگەڵ دڵۆپەکاندا (دادەکەوتم).

.... زۆرمان لەو قسانە (دەکرد). نە ئەو لە بیری خۆی (دەهاتە) خوار، نە منیش بەرەو عیلمەکەی ئەو (سەر دەکەوتم)!

"هەژار"

کوردی مەردم بە زەندوبەند

هاسان (نەدەکەوتمە) کەمەند

"هەژار"

ڕۆژێک کە بەرەو بەرزاییی چیای «براندۆست» (سەر دەکەوتین)، وەک هەمیشە من لەبەر تەنبەڵی بەجێ مابووم.

"هەژار"

---

4. ڕابردووی تەواو (ماضی نقلی)

---

"ڕابردووی تەواو"، ئەو کارەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردوویەکی نە زۆر دوور و نە زۆر نزیکدا دەکات.

 قەد + (ووە/ وە) = ڕابردووی تەواو

 تێبینی

ئەگەر قەد، کۆتایی بە (ت، د) هاتبێت، ئەوا بۆ کاری ڕابردووی تەواو، (ووە) وەردەگرێت.

چاوگی خستن قەدەکەی دەبێتە: (خست) + ووە ☚ خستووە

مردن (مرد) + ووە ☚ مردووە

کەوتن (کەوت) + ووە = کەوتووە

 بەڵام ئەگەر قەد، کۆتایی بە (ا، و، ی) هاتبێت، (وە) وەردەگرێت.

هێنان (هێنا) + وە ☚ هێناوە

سووتان (سووتا) + وە = سووتاوە

بڕین (بڕی) + وە ☚ بڕیوە

---

 تێبینی

لە کاتی دروستکردنی کاری ڕابردووی تەواو، ئەگەر کارەکە، "داڕێژراو بە پاشگری (ەوە) بێت"، ئەوا ناوبەندی (ت) دادەنێین بۆ کارەکە.
(مەبەست لە بەکارهێنانی پیتی ناوبەند ئەوەیە کە هەرگیز لە زمانی کوردیدا، دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکدا نایەن).
1. لابردنی نوونی چاوگ
2. دانانی نیشانەی (ووە/ وە) لە شوێنی "ن"ی لابراو.
3. دانانی ناوبەندی (ت) لەنێوان بزوێنەکان.
(چاوگی خوێندنەوە)
خوێند + ووە + ت + ەوە = خوێندووەتەوە ☑
هێنانەوە👈 هێناوەتەوە ☑
ڕۆشتنەوە👈 ڕۆشتووەتەوە ☑

---

 بۆ گەردانکردنی کاری ڕابردووی تەواو، ئەگەر کارەکە (تێنەپەڕی سادە) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:
قەد + وو/ و + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 2
⚠ تێبینی👈 لە گەردانکردنی کاری تێنەپەڕ، تەنها لە "کەسی سێهەمی تاک"، (ە) دەرئەکەوێت.
 چاوگی سادەی تێنەپەڕ: (کەوتن)
من کەوتووم.
تۆ کەوتوویت.
⚠ ئەو کەوتووە.
ئێمە کەوتووین.
ئێوە کەوتوون.
ئەوان کەوتوون.

 (نەرێکردن)
من نەکەوتووم.
تۆ نەکەوتوویت.
⚠ ئەو نەکەوتووە.
ئێمە نەکەوتووین.

ئێوە نەکەوتوون.

ئەوان نەکەوتوون.

---

 چاوگی داڕێژراوی تێنەپەڕ: (تێکەوتن)

 پێشگر + قەد + وو/ و + جێناوی کۆمەڵەی 2

من تێ کەوتووم.

تۆ تێ کەوتوویت.

⚠ ئەو تێ کەوتووە.

ئێمە تێ کەوتووین.

ئێوە تێ کەوتوون.

ئەوان تێ کەوتوون.

 (نەرێکردن)

من تێ نەکەوتووم.

تۆ تێ نەکەوتوویت.

⚠ ئەو تێ نەکەوتووە.

ئێمە تێ نەکەوتووین.

ئێوە تێ نەکەوتوون.

ئەوان تێ نەکەوتوون.

---

 چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕ: (پاڵکەوتن)

 وشەی واتادار + قەد + وو/ و + جێناوی کۆمەڵەی 2

من پاڵ کەوتووم.

تۆ پاڵ کەوتوویت.

⚠ ئەو پاڵ کەوتووە.

ئێمە پاڵ کەوتووین.

ئێوە پاڵ کەوتوون.

ئەوان پاڵ کەوتوون.

 (نەرێکردن)

من پاڵ نەکەوتووم.

تۆ پاڵ نەکەوتوویت.

⚠ ئەو پاڵ نەکەوتووە.

ئێمە پاڵ نەکەوتووین.

ئێوە پاڵ نەکەوتوون.

ئەوان پاڵ نەکەوتوون.

———

 بۆ گەردانکردنی کاری ڕابردووی تەواو، ئەگەر کارەکە (تێپەڕ و سادە) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

 قەد + وو/ و + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی1 + ە

چاوگی سادەی تێپەڕ: (هێنان)

من هێناومە.

تۆ هێناوتە.

ئەو هێناویە.

ئێمە هێناومانە.

ئێوە هێناوتانە.

ئەوان هێناویانە.

 (نەرێکردن):

من نەمهێناوە.

تۆ نەتهێناوە.

ئەو نەیهێناوە.

ئێمە نەمانهێناوە.

ئێوە نەتانهێناوە.

ئەوان نەیانهێناوە.

———

 بۆ گەردانکردنی کاری ڕابردووی تەواو، ئەگەر کارەکە (تێپەڕ و داڕێژراو) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

 (پێشگر + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 1 + قەد + ووە/ وە)

 چاوگی داڕێژراوی تێپەڕ: (داهێنان)

من دام هێناوە.

تۆ دات هێناوە.

ئەو دای هێناوە.

ئێمە دامان هێناوە.

ئێوە داتان هێناوە.

ئەوان دایان هێناوە.

 (نەرێکردن)

من دام نەهێناوە.

تۆ دات نەهێناوە.

ئەو دای نەهێناوە.

ئێمە دامان نەهێناوە.

ئێوە داتان نەهێناوە.

ئەوان دایان نەهێناوە.

---

 بۆ گەردانکردنی کاری ڕابردووی تەواو، ئەگەر کارەکە (تێپەڕ و لێکدراو) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

 (وشەی واتادار + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 1 + قەد + ووە/ وە)

چاوگی لێکدراوی تێپەڕ: (بەرهەمهێنان)

من بەرهەمم هێناوە.

تۆ بەرهەمت هێناوە.

ئەو بەرهەمی هێناوە.

ئێمە بەرهەممان هێناوە.

ئێوە بەرهەمتان هێناوە.

ئەوان بەرهەمیان هێناوە.

(نەرێکردن)

من بەرهەمم نەهێناوە.

تۆ بەرهەمت نەهێناوە.

ئەو بەرهەمی نەهێناوە.

ئێمە بەرهەممان نەهێناوە.

ئێوە بەرهەمتان نەهێناوە.

ئەوان بەرهەمیان نەهێناوە.

---

نموونەی ڕابردووی تەواو لە شیعردا:

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم (دیوە)

لە باغچەی بەهار گوڵم (چنیوە)

شەونمی درەخت لە ڕووم (پژاوە)

لە زەردەی زۆر کەل (سەرنجم داوە)

"گۆران"

فەرشی کەففی بەری پێتە نەرگس

(سەری داخستووە) وەک چاوی حەیا

"نالی"

---

5. ڕانەبردووی ڕاگەیاندن (مضارع اخباری)

---

 کاری ڕانەبردوو، ئەو کارەیە کە ڕوودانەکەی دەکەوێتە دەمی ئاخاوتن یان دوای ئاخاوتن. واتە کارەکە یان ئێستا ڕوو دەدات یان لە داهاتوودا.

لە زمانی کوردیدا بۆ سازکردنی کاری ڕانەبردوو، پەنا دەبەینە (ڕەگی کار).

خواردن (خۆ ☚ دە/ ئە + خۆ + م = دەخۆم/ ئەخۆم

شوشتن (شۆ ☚ دە/ ئە + شۆ + ات = دەشوات/ ئەشوات

 لە شێوەزاری کوردیی ناوەڕاستدا، کارەکە (چ تێنەپەڕ بێت، چ تێپەڕ)، (چ سادە بێت، چ داڕێژراو و چ لێکدراو)، بۆ پێکهێنانی کاری ڕانەبردوو، (دە/ ئە) دەخرێتە (پێش ڕەگی کار)ەوە و بەدوای ڕەگەکەشدا، (جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی 3) دادەنێین:

 دە/ ئە +ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3

 بۆ نەرێکردنی کاری ڕانەبردووش، (نا)، دەچێتە شوێنی "دە/ ئە" و دەیکاتە نەرێ. بۆ نموونە:

دەڕۆم/    ئەڕۆم☚ ناڕۆم

دەفرۆشم/    ئەفرۆشم☚ نافرۆشم

---

 چاوگی سادەی تێنەپەڕ: (چوون)

ڕەگی کارەکەی دەبێتە: (چـ)

 دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 3

من دەچم.

تۆ دەچیت.

ئەو دەچێت.

ئێمە دەچین.

ئێوە دەچن.

ئەوان دەچن.

 (نەێکردن)

من ناچم.

تۆ ناچیت.

ئەو ناچێت.

ئێمە ناچین.

ئێوە ناچن.

ئەوان ناچن.

---

 چاوگی داڕێژراوی تێنەپەڕ: (تێچوون)

ڕەگی کارەکەی دەبێتە: ("تێ چـ")

 پێشگر + دە/ ئە + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 3

من تێ دەچم.

تۆ تێ دەچیت.

ئەو تێ دەچێت.

ئێمە تێ دەچین.

ئێوە تێ دەچن.

ئەوان تێ دەچن.

 (نەێکردن)

من تێ ناچم.

تۆ تێ ناچیت.

ئەو تێ ناچێت.

ئێمە تێ ناچین.

ئێوە تێ ناچن.

ئەوان تێ ناچن.

---

 چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕ: (لەهۆشچوون)

ڕەگی کارەکەی دەبێتە: ( "لەهۆش چـ")

 بەشی یەکەمی ڕەگ + دە/ ئە + بەشی دووەمی ڕەگ + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 3

من لەهۆش دەچم.

تۆ لەهۆش دەچیت.

ئەو لەهۆش دەچێت.

ئێمە لەهۆش دەچین.

ئێوە لەهۆش دەچن.

ئەوان لەهۆش دەچن.

 (نەرێکردن)

من لەهۆش ناچم.

تۆ لەهۆش ناچیت.

ئەو لەهۆش ناچێت.

ئێمە لەهۆش ناچین.

ئێوە لەهۆش ناچن.

ئەوان لەهۆش ناچن.

---

چاوگی سادەی تێپەڕ: (کردن)

ڕەگی کارەکەی دەبێتە: (کە)

 دە/ئە + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 3

من دەکەم.

تۆ دەکەیت.

ئەو دەکات.

ئێمە دەکەین.

ئێوە دەکەن.

ئەوان دەکەن.

 (نەرێکردن)

من ناکەم.

تۆ ناکەیت.

ئەو ناکات.

ئێمە ناکەین.

ئێوە ناکەن.

ئەوان ناکەن.

---

چاوگی داڕێژراوی تێپەڕ: (هەڵکردن)

ڕەگی کارەکەی دەبێتە: (هەڵکە)

 پێشگر + دە/ ئە + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 3

من هەڵدەکەم.

تۆ هەڵدەکەیت.

ئەو هەڵدەکات.

ئێمە هەڵدەکەین.

ئێوە هەڵدەکەن.

ئەوان هەڵدەکەن.

 (نەرێکردن)

من هەڵناکەم.

تۆ هەڵناکەیت.

ئەو هەڵناکات.

ئێمە هەڵناکەین.

ئێوە هەڵناکەن.

ئەوان هەڵناکەن.

---

چاوگی لێکدراوی تێپەڕ: (بەخێوکردن)

ڕەگی کارەکەی دەبێتە: (بەخێو کە)

 بەشی یەکەمی ڕەگ + دە/ ئە + بەشی دووەمی ڕەگ + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 3

من بەخێو دەکەم.

تۆ بەخێو دەکەیت.

ئەو بەخێو دەکات.

ئێمە بەخێو دەکەین.

ئێوە بەخێو دەکەن.

ئەوان بەخێو دەکەن.

(نەرێکردن)

من بەخێو ناکەم.

تۆ بەخێو ناکەیت.

ئەو بەخێو ناکات.

ئێمە بەخێو ناکەین.

ئێوە بەخێو ناکەن.

ئەوان بەخێو ناکەن.

---

 چەند نموونەیەک لە کاری ڕانەبردوو لە شیعر و نووسینی شاعیراندا:

فێری فرمێسکمە گوڵاڵەی دەورم
وا لە داخی تۆ بێوەفا (ئەمرم)
"پیرەمێرد"

بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم؟
دوندی قەندیل، گۆڕەپانی هەڵگورد نیم
بەرەو بەرزی (دەچم) ئەگەرچی وردم
خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم
"هێمن"

زۆر کەس لایان وایە شاعیری بە میرات لە باوکەوە بۆ مناڵ (دەچێ)، ئەم قسە زۆری ڕێ (تێ دەچێ).
"هەژار"

دەرد و خەم سەد هێندە بێ، خۆ من لەگەڵیان (هەڵدەکەم)
یار لەگەڵ من بێوەفا بوو، بێوەفایی کوشتمی
"هێدی"

ڕاستت پێ بڵێم «عەزیز»، براکەم!
(ناژیم)، (نامێنم)، بێ تۆ (هەڵناکەم)
"سەیفولقوزات"

پێم وابوو کە تۆ (بەخێو دەکەم) من
(پاسم دەگری) لە حاندی دوژمن
"هەژار"

---

6. کاری داهاتوو (آینده/ مستقبل)

---

 کاری ڕانەبردوو دوو جۆرە: (کاتی ئێستا و کاتی داهاتوو)

پرسیار **?**

ئایا لە شێوەزاری کوردیی ناوەڕاستدا، (کاری داهاتوو)مان هەیە؟

وەڵام ☑

لە شێوەزاری کوردیی ناوەڕاستدا، لە ڕووی فۆرمەوە، جیاوازیی لە نێوان فۆرمی کاتی ئێستا و کاتی داهاتوودا نییە و هەردووکیان هەر یەک شێوازیان هەیە و جیاکردنەوەیان یان لە ڕستەدا دەر دەکەوێت یان لە ڕێی بەکارهێنانی (هاوەڵکاری کاتی)یەوە. کەواتە لە شێوەزاری کوردیی ناوەڕاست، بۆ جیاکردنەوەی کاتی "ئێستا" و کاتی "داهاتوو"، هیچ نیشانەیەکی وشەسازی نییە، بەڵکوو جیاکردنەوەیان بە یارمەتیی (هاوەڵکارە کاتییەکان) دەبێت.

 دە/ ئە + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3 (ئێستا)

 دە/ ئە + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3 (داهاتوو)

 من ئەچم/ دەچم. (کاتی ئێستا)

 من ئەچم/ دەچم. (کاتی داهاتوو)

ئەوا (دەچم) بۆ بازاڕ. (کاتی ئێستا)

هەفتەیەکی تر (دەچم) بۆ بازاڕ. (کاتی داهاتوو)

---

 ئەو هاوەڵکارانەی ئاماژە بۆ کاتی ئێستا دەکەن بریتین لە: (وا، ئەوا، ئێستا، هەنووکە)

(وا) دەڕۆم.

(ئەوا) دەڕۆم.

(ئێستا) دەڕۆم.

(هەنووکە) دەڕۆم.

 ئەو هاوەڵکارانەی ئاماژە بۆ کاتی داهاتوو دەکەن بریتین لە: (سبەینێ، دووسبەی، بەیانی، دووبەیانی،ساڵێکی دی، ساڵێکی تر، مانگێکی تر، هەفتەیەکی تر، دووشەممەی داهاتوو، هاوینێ، بەهارێ، ئەم هاوینە، تۆزێکی تر، پاش ماوەیەک...)

ساڵێکی تر دەڕۆم بۆ ئەمریکا.

تۆزێکی تر دەنووم.

 بۆ نەرێکردنی کاری داهاتوو، نیشانەی (نا)، دەچێتە شوێنی (دە/ ئە) و نەرێی دەکات.

دەڕۆم🖜 ناڕۆم

بەیانی دەڕۆم بۆ کوردستان. (ئەرێ)

بەیانی ناڕۆم بۆ کوردستان. (نەرێ)

---

 تێبینی
هەندێ جار لە گەردانکردنی چاوگی (ویستن)، بۆ پیشاندانی کاری داهاتوو کەڵک وەردەگرین. بۆ نموونە:

(دەمەوێ بچم) بۆ کوردستان. (داهاتوو)

واتە بە بەکارهێنانی "دەمەوێ"، نیشان دەدەم کە لە داهاتوودا دەچم بۆ کوردستان. (نەک ئێستا)

لە فارسیشدا، هەر لەم ڕێگەیە بۆ داتاشینی کاری داهاتوو کەڵک وەردەگرن واتە بۆ دۆخی داهاتوو (مستقبل/ آینده)، لە چاوگی (خواستن) کەڵک وەردەگرن. بۆ نموونە: "من خواهم رفت". (آینده)

 من دەمەوێ بڕۆم. (داهاتوو)

👆👆👆👆👆👆👆👆👆👆👆👆

ئەم شێوازە بۆ دەربڕینی کاتی داهاتوو کە لە (ویستن) وەرگیراوە، لە شێوەزاری کوردیی ناوەڕاستدا، فۆرمی تایبەت نییە و بە یارمەتیی وشەی تر ساز بووە.

---

 چەند نموونەیەک لە کاری داهاتوو، لە شیعر و نووسینی شاعیراندا:

بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە، ڕێی وێڵم
"بەیانی ڕۆژهەڵات"، (سوار ئەبم) (جێی دێڵم)
"گۆران"

"تۆزێکی تر" (هەڵئەسم) و بەم ڕۆخەدا
ڕێگەی ئاونگاویی (ئەگرم).
"شێرکۆ بێکەس"

"مانگێکی تر"، زستان وەکوو، پیرەمێردێ دەم و دانی (ئەکەوێت).
"مانگێکی تر" سەرما (ئەمرێ).
"شێرکۆ بێکەس"

لە پێشەوام بیست گوتی: پێم خۆش نییە گەلەکەم بەجێ بێڵم و (دەمەوێ) لەناو ئەواندا (بمرم).
"هێمن"

ببووره لێم، نازانم شیعری ڕەش دانێم.
هەموو شەوێ تا بەیانی
گیانم پڕی ئەندێشەیە و
شیعری سپیت بۆ ڕێک دەخەم
بەرەبەیانیان کە (دەمەوێ بیخوێنمەوە)
تێکەڵی تیشکی خۆر دەبێ و نایبینمەوە.
"دڵشاد مەریوانی"

---

 ڕێژەی دانانی یا ئینشایی (التزامی)
نیشانەکانی بریتین لە:(بـ - با - بێت - بووبا)

ئەو ڕێژەی کارەیە کە ئەنجامی ئەو هەواڵەی دەیدات بە دەست کەسێک یان شتێک، ڕاستەوخۆ نایدات بە دەستەوە، بەڵکوو لە شێوەی (گومان، ئارەزوو، ئاوات، پاڕانەوە..) دەر دەکەوێت.

 ڕێژەی دانانی
لە ڕانەبردوو، (1) ڕێژەی هەیە.
 ڕێسا: (ب + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3)
خواردن (ڕەگ = خۆ) ب + خۆ + م = بخۆم
ڕۆژیشتن (ڕەگ=ڕۆ) ب+ڕۆ+م=بڕۆم
تێبینی:لە ڕانەبردووی دانانی ئەگەر کارەکە داڕێژراو و لێکدراو بێت، نیشانەی (ب) دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کار.
داڕێژراو:دانیشتن (ڕەگ=دا نیش)
دا+ب+نیش+م=دابنیشم
لێکدراو:لەناوچوون (ڕەگ=لەناو چ)
لەناو+ب+چ+م=لەناو بچم

 لە دەمی ڕانەبردوو ئەگەر کارەکەمان (داڕێژراو یان لێکدراو) بوو، دەتوانین نیشانەی (ب) لابدەین، چونکە کارەکە واتای تێک ناچێت.
هەڵبخەم-هەڵخەم

هەڵبکەم-هەڵکەم

دروست بکەم-دروست کەم

لە ڕابردوو، (4) ڕێژەی هەیە.

1.ڕابردووی نزیکی دانانی

 ڕێسا: (قەد+با)

سادە:خوارد+با= خواردبا

داڕێژراو:دانیشت+با= دانیشتبا

لێکدراو:سەر کەوت+با= سەر کەوتبا

2.ڕابردووی دووری دانانی

 ڕێسا: (قەد+بووبا)

سادە: خوارد+بووبا= خواردبووبا

داڕێژراو: هەڵگرت+بووبا= هەڵگرتبووبا

لێکدراو: دروست کرد+بووبا= دروست کردبووبا

 ئەو چاوگانەی کۆتاییان بە پاشگری (ەوە) هاتووە، کاتێک دەکرێنە کاری ڕابردووی (نزیک و دوور)ی دانانی، ناوبەندی (ی)، زیاد دەکەین بۆیان.

دۆزینەوە: دۆزی + با + ی+ ەوە= دۆزیبایەوە (نزیکی دانانی)

دۆزینەوە: دۆزی + بووبا + ی + ەوە =

دۆزیبووبایەوە (دووری دانانی)

خولابایەوە، هێنابووبایەوە، سووڕابایەوە، جووڵابووبایەوە...

3. ڕابردووی تەواوی دانانی

 ڕێسا: (قەد + بێت)

سادە: خوارد + بێت = خواردبێت

داڕێژراو: هەڵگرت+بێت = هەڵگرتبێت

لێکدراو: دروست کرد + بێت = دروست کردبێت

4️⃣. ڕابردووی بەردەوامی دانانی

 ڕێسا: (بـ + قەد + با + یە)

بمگرتبایە - بمکردبایە...

 نەرێکردنی کاری دانانی:

کار لە شێوازی دانانی (ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو) بە (نە) نەرێ دەکرێت:

خواردبا - نەخواردبا

خواردبێت - نەخواردبێت

خواردبووبا - نەخواردبووبا

دانیشتبا - دانەنیشتبا

سەر کەوتبا - سەر نەکەوتبا

ڕابهێنم - ڕانەهێنم

 ئەگەر کارەکەمان ڕانەبردوو(سادە-داڕێژراو-لێکدراو) بێت، ئەوە (نە) دەچێتە شوێنی (ب).

بخۆم - نەخۆم

ڕا بکەم - ڕا نەکەم

لەناو بچم - لەناو نەچم.

لە شێوازی دانانی هەندێک "وشە"ی وەک (ڕەنگە، لەوانەیە، خۆزگە، بریا، کاشکی...) یان هەندێک "کاری یاریدەدەر"ی وەک (دەبوو، دەبێت، دەبوایە) بەکار دێن و ئەمانەش واتای (گومان، ئارەزوو، ئاوات، پێویستی، پاڕانەوە) دەدەن بە دەستەوە.

⚠ تێبینی: پێویستە (وشەی یاریدەدەر) یان (کاری یاریدەدەر) لە سەرەتای "ڕستەی دانانی" هەبێت.

 کارە یاریدەدەرەکان:

 (دەبێت، دەبوو، دەبوایە، ئەبوایە، پێویستە) کاری یاریدەدەرن بۆ "پێویستی".

"دەبێت" بچم بۆ ئاهەنگەکە.

"دەبوو" کارەکەم کردبا.

"دەبوایە" لێرە نەڕۆیشتبووبا.

 (دەمەوێت، دەمەوێ) کاری یاریدەدەرن بۆ "ویستن" بەکار دێن.

"دەمەوێت" کتێبەکە بخوێنمەوە.

"دەمەوێ" کتێبخانەیەک دابنێم.

 (دێم) کاری یاریدەدەرە بۆ "مەبەست" بەکار دێت.

"دێم" بۆ ئەوەی فێرخوازان فێر بکەم.

 (دەوێرم، دەتوانم) کاری یاریدەدەرە بۆ "وێران و توانین" بەکار دێت.

"دەوێرم" ڕووبەڕووی دوژمن بوەستمەوە.

"دەتوانم" لە ڕووبارەکە بپەڕێمەوە.

 وشە یاریدەدەرەکان:

 (خۆزگە، بریا، خۆزی، کاشکی) وشەی یاریدەدەرن بۆ ئاوات و ئارەزوو بەکار دێن:

"بریا" وانەکەت خوێندبا.

"خۆزگە" نەچووبام بۆ ئەڵمانیا.

"کاشکی" چووبام بۆ ئەمریکا.

 (ڕەنگە، لەوانەیە) وشەی یاریدەدەرن بۆ شک و گومان بەکار دێن:

"ڕەنگە" بە یەکەم دەر بچم.

"لەوانەیە" بە یەکەم دەر نەچم.

 (خوایە) وشەی یاریدەدەرە بۆ دۆعا و پاڕانەوە بەکار دێت.

"خوایە" سەرکەوتووم بکەیت.

 (باشتر وایە) وشەی یاریدەدەرە بۆ باشکردن بەکار دێت:

"باشتر وایە" وانەکە بخوێنیت.

 لە شێوازی دانانی، "کار" چۆن دەکرێتە (بکەرنادیار)؟

وەڵام: کاری تێپەڕی ڕابردوو و ڕانەبردووی دانانی دەکرێتە بکەرنادیار.

 ڕابردوو بەهۆی نیشانەی (را):

خوێندبا - خوێنرابا

خوێندبێت - خوێنرابێت

خوێندبووبا - خوێنرابووبا

هەڵکردبا - هەڵکرابا

هەڵکردبێت - هەڵکرابێت

هەڵکردبووبا - هەڵکرابووبا

دروست کردبا - دروست کرابا

دروست کردبێت - دروست کرابێت

دروست کردبووبا - دروست کرابووبا

 ڕانەبردوو بەهۆی نیشانەی (رێ)

ب + ڕەگی کار + (رێ)

ب + خوێن + رێ = بخوێنرێ (سادە)

هەڵ + ب + کە + رێ = هەڵبکرێ (داڕژاو)

دروست + ب + کە + رێ = دروست بکرێ (لێکدراو)

 نزیکی دانانی

خۆزگە وانەکەت خوێندبا.

خۆزگە وانەکە خوێنرابا.

 دووری دانانی

خۆزگە وانەکەت خوێندبووبا.

خۆزگە وانەکە خوێنرابووبا.

 تەواوی دانانی

ڕەنگە خانووەکەی فرۆشتبێت.

ڕەنگە خانووەکە فرۆشرابێت.

 ڕانەبردووی دانانی

دەبێت وانەکە بنووسم.

دەبێت وانەکە بنووسرێ.

7. ڕانەبردووی دانانی یا ئینشایی (مضارع التزامی)

---

 کاری ڕانەبردووی دانانی یا ئینشایی، ئەو کارەیە کە، ڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو هەواڵەی کە دەیداتە

پاڵ کەسێک یان شتێک نایدات بە دەستەوە، بەڵکوو بە شێوەی (گومان، ئارەزوو، ئاوات...) مەبەستەکەی دەر دەکەوێت. واتە لەم ڕێژەیەدا، "کارە یاریدەدەرەکان" و "وشەکانی" (خۆزگە، بریا، دەبوو، دەبوایە، دەبێت، دەبێت، دەمەوێت، دێم، دەوێرم، ڕەنگە، کاشکی، لەوانەیە، خوایە، دەتوانین، دەمویست، پێویستە...) لە ڕستەدا بەکار دەهێنرێن.

 لە شێوەزاری کوردیی ناوەڕاستدا، بۆ کاری ڕانەبردووی دانانی، کارەکەمان (چ تێنەپەڕ بێت چ تێپەڕ)، (چ سادە بێت، چ داڕێژراو یان چ لێکدراو بێت)، نیشانەی (بـ)، دەچێتە شوێنی نیشانەی (دە)ی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن. واتە ڕێساکەی دەبێتە:

 بـ + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3 (م، یت، "ات - ێت"

ین، ن، ن)

دەڕۆین ☜ بڕۆین

دەچم ☜ بچم

دەشوات ☜ بشوات

دەکێڵن ☜ بکێڵن

- بۆ نەرێکردنیشی، نیشانەی (نە)، دەچێتە شوێنی (بـ). بچم ☜ نەچم.

___

 گەردانکردنی کاری ڕانەبردووی دانانی، ئەگەر کارەکە (تێنەپەڕ و سادە) بێت:

 چاوگی سادەی تێنەپەڕ: (کەوتن)

 بـ + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3

"ڕەنگە" من بکەوم.

"ڕەنگە" تۆ بکەویت.

"ڕەنگە" ئەو بکەوێت.

"ڕەنگە" ئێمە بکەوین.

"ڕەنگە" ئێوە بکەون.

"ڕەنگە" ئەوان بکەون.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" من نەکەوم.

"ڕەنگە" تۆ نەکەویت.

"ڕەنگە" ئەو نەکەوێت.

"ڕەنگە" ئێمە نەکەوین.

"ڕەنگە" ئێوە نەکەون.

"ڕەنگە" ئەوان نەکەون.

---

 چاوگی داڕێژراوی تێنەپەڕ: (داکەوتن)

 پێشگر +بـ + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3

"ڕەنگە" من دابکەوم.

"ڕەنگە" تۆ دابکەویت.

"ڕەنگە" ئەو دابکەوێت.

"ڕەنگە" ئێمە دابکەوین.

"ڕەنگە" ئێوە دابکەون.

"ڕەنگە"ئەوان دابکەون.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" من دانەکەوم.

"ڕەنگە" تۆ دانەکەویت.

"ڕەنگە" ئەو دانەکەوێت.

"ڕەنگە" ئێمە دانەکەوین.

"ڕەنگە" ئێوە دانەکەون.

" ڕەنگە" ئەوان دانەکەون.

---

 چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕ:(سەرکەوتن)

 وشەی واتادار + بـ + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3

"ڕەنگە" من سەر بکەوم.

"ڕەنگە" تۆ سەر بکەویت.

"ڕەنگە" ئەو سەر بکەوێت.

"ڕەنگە" ئێمە سەر بکەوین.

"ڕەنگە" ئێوە سەر بکەون.

"ڕەنگە" ئەوان سەر بکەون.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" من سەر نەکەوم.

"ڕەنگە" تۆ سەر نەکەویت.

"ڕەنگە" ئەو سەر نەکەوێت.

"ڕەنگە" ئێمە سەر نەکەوین.

"ڕەنگە" ئێوە سەر نەکەون.

" ڕەنگە" ئەوان سەر نەکەون.

---

 چاوگی سادەی تێپەڕ: (گرتن)

 بـ + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3

"لەوانەیە" من بگرم.

"لەوانەیە" تۆ بگریت.

"لەوانەیە " ئەو بگرێت.

"لەوانەیە" ئێمە بگرین.

"لەوانەیە" ئیوە بگرن.

"لەوانەیە" ئەوان بگرن.

 (نەرێکردن)

"لەوانەیە" من نەگرم.

"لەوانەیە" تۆ نەگریت.

"لەوانەیە" ئەو نەگرێت.

"لەوانەیە" ئێمە نەگرین.

"لەوانەیە" ئێوە نەگرن.

" لەوانەیە" ئەوان نەگرن.

---

 چاوگی داڕێژراوی تێپەڕ: (داگرتن)

 پێشگر + بـ + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3
"لەوانەیە" من دابگرم.
"لەوانەیە" تۆ دابگریت.
"لەوانەیە" ئەو دابگرێت.
"لەوانەیە" ئێمە دابگرین.
"لەوانەیە" ئێوە دابگرن.
"لەوانەیە" ئەوان دابگرن.

 (نەرێکردن)
"لەوانەیە" من دانەگرم.
"لەوانەیە" تۆ دانەگریت.
"لەوانەیە" ئەو دانەگرێت.
"لەوانەیە" ئێمە دانەگرین.
"لەوانەیە" ئێوە دانەگرن.
"لەوانەیە" ئەوان دانەگرن.

---

 چاوگی لێکدراوی تێپەڕ: (وێنەگرتن)
 وشەی واتادار + بـ + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3
"لەوانەیە" من وێنە بگرم.
"لەوانەیە" تۆ وێنە بگریت.
"لەوانەیە" ئەو وێنە بگرێت.
"لەوانەیە" ئێمە وێنە بگرین.
"لەوانەیە" ئێوە وێنە بگرن.
"لەوانەیە" ئەوان وێنە بگرن.

 (نەرێکردن)
"لەوانەیە" من وێنە نەگرم.
"لەوانەیە" تۆ وێنە نەگریت.
"لەوانەیە" ئەو وێنە نەگرێت.

"لەوانەیە" ئێمە وێنە نەگرین.

"لەوانەیە" ئێوە وێنە نەگرن.

"لەوانەیە" ئەوان وێنە نەگرن.

---

"دەبێت" وانەکە (بخوێنم.)

"دەبێ" گوڵەکان (ئاو بدەین.)

"دەبێت" (بچن) بۆ فێرگە.

"دەبێت" منداڵەکانمان جوان (پەروەردە بکەین.)

"دەمەوێت" لە تاقیکردنەوەکەدا (سەر بکەویت.)

لە ناکەس کارییا، خاکم بە سەر، ڕۆیی بە با عومرم
"خودا"! تۆ (بمژێنە) تا لەبەر قاپیی کەسێ دەمرم
"مەحوی"

سا "خوایە" (هەڵبکەی) کزەی شەماڵێ
هەوای زەنگی غەم، لە دڵ (بماڵێ)
"ئای" بۆ دەنگخۆشێک لەگەڵ شمشاڵێ
بەئایئایەوە تێر بۆم (بناڵێ)
"پیرەمێرد"

---

8. ڕابردووی نزیکی دانانی

---

 گەردانکردنی کاری ڕابردووی نزیکی دانانی

ئەگەر کارەکە (تێنەپەڕ و سادە) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

 قەد + با + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 2

 چاوگی سادەی تێنەپەڕ: (کەوتن)

"ڕەنگە" من کەوتبام.

"ڕەنگە" تۆ کەوتبایت.

"ڕەنگە" ئەو کەوتبا.

"ڕەنگە" ئێمە کەوتباین.

"ڕەنگە" ئێوە کەوتبان.

"ڕەنگە" ئەوان کەوتبان.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" من نەکەوتبام.

"ڕەنگە" تۆ نەکەوتبایت.

"ڕەنگە" ئەو نەکەوتبا.

"ڕەنگە" ئێمە نەکەوتباین.

"ڕەنگە" ئێوە نەکەوتبان.

"ڕەنگە" ئەوان نەکەوتبان.

---

 چاوگی داڕێژراوی تێنەپەڕ: (تێکەوتن)

پێشگر + قەد + با + جێناوی کۆمەڵەی 2

"ڕەنگە" من تێ کەوتبام.

"ڕەنگە" تۆ تێ کەوتبایت.

"ڕەنگە" ئەو تێ کەوتبا.

"ڕەنگە" ئێمە تێ کەوتباین.

"ڕەنگە" ئێوە تێ کەوتبان.

"ڕەنگە" ئەوان تێ کەوتبان.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" من تێ نەکەوتبام.

"ڕەنگە" تۆ تێ نەکەوتبایت.

"ڕەنگە" ئەو تێ نەکەوتبا.

"ڕەنگە" ئێمە تێ نەکەوتباین.

"ڕەنگە" ئێوە تێ نەکەوتبان.

"ڕەنگە" ئەوان تێ نەکەوتبان.

---

 چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕ: (سەرکەوتن)
وشەی واتادار + قەد + با + جێناوی کۆمەڵەی 2
"ڕەنگە" من سەر کەوتبام.
"ڕەنگە" تۆ سەر کەوتبایت.
"ڕەنگە" ئەو سەر کەوتبا.
"ڕەنگە" ئێمە سەر کەوتباین.
"ڕەنگە" ئێوە سەر کەوتبان.
"ڕەنگە" ئەوان سەر کەوتبان.

 (نەرێکردن)
"ڕەنگە" من سەر نەکەوتبام.
"ڕەنگە" تۆ سەر نەکەوتبایت.
"ڕەنگە" ئەو سەر نەکەوتبا.
"ڕەنگە" ئێمە سەر نەکەوتباین.
"ڕەنگە" ئێوە سەر نەکەوتبان.
"ڕەنگە" ئەوان سەر نەکەوتبان.

---

 ئەگەر کارەکە (تێپەڕ و سادە) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:
قەد + با + جێناوی کۆمەڵەی 1
 چاوگی سادەی تێپەڕ: (گرتن)
"بریا" من گرتبام.
"بریا" تۆ گرتبات.
"بریا" ئەو گرتبای.
"بریا" ئێمە گرتبامان.
"بریا" ئێوە گرتباتان.
"بریا" ئەوان گرتبایان.

 (نەرێکردن)
"بریا" من نەمگرتبا.

"بریا" تۆ نەتگرتبا.

"بریا" ئەو نەیگرتبا.

"بریا" ئێمە نەمانگرتبا.

"بریا" ئێوە نەتانگرتبا.

"بریا" ئەوان نەیانگرتبا.

---

 چاوگی داڕێژراوی تێپەڕ: (داگرتن)

پێشگر + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + با

"بریا" من دام گرتبا.

"بریا" تۆ دات گرتبا.

"بریا" ئەو دای گرتبا.

"بریا" ئێمە دامان گرتبا.

"بریا" ئێوە داتان گرتبا.

"بریا" ئەوان دایان گرتبا.

(نەرێکردن)

"بریا" من دام نەگرتبا.

"بریا" تۆ دات نەگرتبا.

"بریا" ئەو دای نەگرتبا.

"بریا" ئێمە دامان نەگرتبا.

"بریا" ئێوە داتان نەگرتبا.

"بریا" ئەوان دایان نەگرتبا.

---

 چاوگی لێکدراوی تێپەڕ: (ڕێگاگرتن)

وشەی واتادار + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + با

"بریا" من ڕێگام گرتبا.

"بریا" تۆ ڕێگات گرتبا.

"بریا" ئەو ڕێگای گرتبا.

"بریا" ئێمە ڕێگامان گرتبا.

"بریا" ئێوە ڕێگاتان گرتبا.

"بریا" ئەوان ڕێگایان گرتبا.

 (نەرێکردن)

"بریا" من ڕێگام نەگرتبا.

"بریا" تۆ ڕێگات نەگرتبا.

"بریا" ئەو ڕێگای نەگرتبا.

"بریا" ئێمە ڕێگامان نەگرتبا.

"بریا" ئێوە ڕێگاتان نەگرتبا.

"بریا" ئەوان ڕێگایان نەگرتبا.

---

 چەند نموونە کاری ڕابردووی نزیکی دانانی:

خۆزگە کارەکەم کردبا.

خۆزگە یار بۆ ژوانم هاتبا.

کاشکی دیتبام و کتێبەکەم لێ وەرگرتبا.

بریا چووباین.

بریا کوردستان زیاتر پێش کەوتبا.

خۆزگە ژینگەمان پاراستبا.

خۆزگە باران باریبا.

کاشکی چووبام بۆ لایان.

دەبوو وانەکەتان خوێندبا.

دەبوایە دزەکانیان نەپاراستبا.

لەناو دڵم کۆتاییم بە شتێک هێنا کە دەمێک بوو دەبوایە وازم هێنابا.

 ئەو چاوگانەی کۆتاییان بە پاشگری (ەوە) هاتووە، کاتێک دەکرێنە کاری ڕابردووی (نزیک)ی دانانی، ناوبەندی (ی)، زیاد دەکەین بۆیان.

دۆزینەوە: دۆزی + با + ی + ەوە = دۆزیبایەوە

ئەگەر تاڵیبان ئەو کچانەیان دۆزیبایەوە، ژیانیان دەکەوتە مەترسییەوە.

چوونەوە☚ چووبایەوە

ئەگەر چووبایەوە بۆ کارەکەی، خەڵکی تری تووشی کۆرۆنا دەکرد.

---

9. ڕابردووی دووری دانانی

---

ئەگەر کارەکە (تێنەپەڕ) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

 قەد + بووبا + جێناوی کۆمەڵەی 2

(کەوتبووبام، بووبووبام، هاتبووباین، ڕۆیشتبووبان...)

 چاوگی سادەی تێنەپەڕ: (کەوتن)

 قەد + بووبا + جێناوی کۆمەڵەی 2

"ڕەنگە" من کەوتبووبام.

"ڕەنگە" تۆ کەوتبووبایت.

"ڕەنگە" ئەو کەوتبووبا.

"ڕەنگە" ئێمە کەوتبووباین.

"ڕەنگە" ئێوە کەوتبووبان.

"ڕەنگە" ئەوان کەوتبووبان.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" من نەکەوتبووبام.

"ڕەنگە" تۆ نەکەوتبووبایت.

"ڕەنگە" ئەو نەکەوتبووبا.

"ڕەنگە" ئێمە نەکەوتبووباین.

"ڕەنگە" ئێوە نەکەوتبووبان.

"ڕەنگە" ئەوان نەکەوتبووبان.

---

چاوگی داڕێژراوی تێنەپەڕ: (داکەوتن)

پێشگر + قەد + بووبا + جێناوی کۆمەڵەی 2

"ڕەنگە" من داکەوتبووبام.

"ڕەنگە" تۆ داکەوتبووبایت.

"ڕەنگە" ئەو داکەوتبووبا.

"ڕەنگە" ئێمە داکەوتبووباین.

"ڕەنگە" ئێوە داکەوتبووبان.

"ڕەنگە" ئەوان داکەوتبووبان.

(نەرێکردن)

"ڕەنگە" من دانەکەوتبووبام.

"ڕەنگە" تۆ دانەکەوتبووبایت.

"ڕەنگە" ئەو دانەکەوتبووبا.

"ڕەنگە" ئێمە دانەکەوتبووباین.

"ڕەنگە" ئێوە دانەکەوتبووبان.

"ڕەنگە" ئەوان دانەکەوتبووبان.

---

چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕ: (سەرکەوتن)

وشەی واتادار + قەد + بووبا + جێناوی کۆمەڵەی 2

"ڕەنگە" من سەر کەوتبووبام.

"ڕەنگە" تۆ سەر کەوتبووبایت.

"ڕەنگە" ئەو سەر کەوتبووبا.

"ڕەنگە" ئێمە سەر کەوتبووباین.

"ڕەنگە" ئێوە سەر کەوتبووبان.

"ڕەنگە" ئەوان سەر کەوتبووبان.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" من سەر نەکەوتبووبام.

"ڕەنگە" تۆ سەر نەکەوتبووبایت.

"ڕەنگە" ئەو سەر نەکەوتبووبا.

"ڕەنگە" ئێمە سەر نەکەوتبووباین.

"ڕەنگە" ئێوە سەر نەکەوتبووبان.

"ڕەنگە" ئەوان سەر نەکەوتبووبان.

---

 ئەگەر کارەکە (تێپەڕ) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

 قەد + بووبا + جێناوی کۆمەڵەی 1

(کردبووبام، گرتبووبام...)

 چاوگی سادەی تێپەڕ: (گرتن)

 قەد + بووبا + جێناوی کۆمەڵەی 1

"بریا" من گرتبووبام.

"بریا" تۆ گرتبووبات.

"بریا" ئەو گرتبووبای.

"بریا" ئێمە گرتبووبامان.

"بریا" ئێوە گرتبووباتان.

"بریا" ئەوان گرتبووبایان.

 (نەرێکردن)

"بریا" من نەمگرتبووبا.

"بریا" تۆ نەتگرتبووبا.

"بریا" ئەو نەیگرتبووبا.

"بریا" ئێمە نەمانگرتبووبا.

"بریا" ئێوە نەتانگرتبووبا.

"بریا" ئەوان نەیانگرتبووبا.

---

 چاوگی داڕێژراوی تێپەڕ: (داگرتن)
 پێشگر + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + بووبا
"بریا" من دام گرتبووبا.
"بریا" تۆ دات گرتبووبا.
"بریا" ئەو دای گرتبووبا.
"بریا" ئێمە دامان گرتبووبا.
"بریا" ئێوە داتان گرتبووبا.
"بریا" ئەوان دایان گرتبووبا.

 (نەرێکردن)
"بریا" من دام نەگرتبووبا.
"بریا" تۆ دات نەگرتبووبا.
"بریا" ئەو دای نەگرتبووبا.
"بریا" ئێمە دامان نەگرتبووبا.
"بریا" ئێوە داتان نەگرتبووبا.
"بریا" ئەوان دایان نەگرتبووبا.

---

 چاوگی لێکدراوی تێپەڕ: (وێنەگرتن)
 وشەی واتادار + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + بووبا
"بریا" من وێنەم گرتبووبا.
"بریا" تۆ وێنەت گرتبووبا.
"بریا" ئەو وێنەی گرتبووبا.
"بریا" ئێمە وێنەمان گرتبووبا.
"بریا" ئێوە وێنەتان گرتبووبا.
"بریا" ئەوان وێنەیان گرتبووبا.

 (نەرێکردن)
"بریا" من وێنەم نەگرتبووبا.
"بریا" تۆ وێنەت نەگرتبووبا.

"بریا" ئەو وێنەی نەگرتبووبا.

"بریا" ئێمە وێنەمان نەگرتبووبا.

"بریا" ئێوە وێنەتان نەگرتبووبا.

"بریا" ئەوان وێنەیان نەگرتبووبا.

 ئەو چاوگانەی کۆتاییان بە پاشگری (ەوە) هاتووە، کاتێک دەکرێنە کاری ڕابردووی (دوور)ی دانانی، ناوبەندی (ی)، زیاد دەکەین بۆیان.

بردنەوە: برد + بووبا + ی + ەوە = بردبووبایەوە

دەبوایە منداڵەکەیان (بردبووبایەوە).

بڵاوکردنەوە☚ بڵاو کردبووبایەوە

دەبوو ڕاگەیاندنەکانتان (بڵاو کردبووبایەوە).

---

 چەند نموونە "کاری ڕابردووی دووری دانانی" لە ڕستەدا:

کاشکی فێرخوازەکە (هاتبووبا).

دەبوایە دەرمانەکەت (خواردبووبا).

ئەگەر کەسێک لەگەڵ ئەو دەستی تێکەڵاو (کردبووبا)، دەکوژرا.

بریا زووتر (چووبووبام) بۆ کوردستان.

خۆزگە وانەکەت (خوێندبووبا).

---

. ڕابردووی بەردەوامی دانانی

---

ڕێساکەی بریتییە لە:

 بـ + قەد + ایە

بـ + کەوت + ایە = بکەوتایە

بـ + گرت + ایە = بگرتایە

بـ + کرد + ایە = بکردایە

—

 ئەگەر کارەکە (تێنەپەڕ) بێت، دوو ڕێسای هەیە:

1. بـ + قەد + جێناوی کۆمەڵەی 2 + ایە

بـ + کەوت + م + ایە = (بکەوتمایە)

2. بـ + قەد + با + جێناوی کۆمەڵەی 2 + ایە

بـ + کەوت + با + م + ایە = (بکەوتبامایە)

—

 چاوگی سادەی تێنەپەڕ: (کەوتن)

"ڕەنگە" بکەوتمایە.

"ڕەنگە" بکەوتیتایە.

"ڕەنگە" بکەوتایە.

"ڕەنگە" بکەوتینایە.

"ڕەنگە" بکەوتنایە.

"ڕەنگە" بکەوتنایە.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" نەکەوتمایە.

"ڕەنگە" نەکەوتیتایە.

"ڕەنگە" نەکەوتایە.

"ڕەنگە" نەکەوتینایە.

"ڕەنگە" نەکەوتنایە.

"ڕەنگە" نەکەوتنایە.

—

 چاوگی داڕێژراوی تێنەپەڕ: (تێکەوتن)

پێشگر + بـ + قەد + جێناوی کۆمەڵەی 2 + ایە

"ڕەنگە" تێ بکەوتمایە.

"ڕەنگە" تێ بکەوتیتایە.

"ڕەنگە" تێ بکەوتایە.

"ڕەنگە" تێ بکەوتینایە.

"ڕەنگە" تێ بکەوتنایە.

"ڕەنگە" تێ بکەوتنایە.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" تێ نەکەوتمایە.

"ڕەنگە" تێ نەکەوتیتایە.

"ڕەنگە" تێ نەکەوتایە.

"ڕەنگە" تێ نەکەوتینایە.

"ڕەنگە" تێ نەکەوتنایە.

"ڕەنگە" تێ نەکەوتنایە.

—

 چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕ: (سەرکەوتن)

وشەی واتادار + بـ + قەد + جێناوی کۆمەڵەی 2 + ایە

"ڕەنگە" سەر بکەوتمایە.

"ڕەنگە" سەر بکەوتیتایە.

"ڕەنگە" سەر بکەوتایە.

"ڕەنگە" سەر بکەوتینایە.

"ڕەنگە" سەر بکەوتنایە.

"ڕەنگە" سەر بکەوتنایە.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" سەر نەکەوتمایە.

"ڕەنگە" سەر نەکەوتیتایە.

"ڕەنگە" سەر نەکەوتایە.

"ڕەنگە" سەر نەکەوتینایە.

"ڕەنگە" سەر نەکەوتنایە.

"ڕەنگە" سەر نەکەوتنایە.

---

□ ئەگەر کارەکە (تێپەڕ)ی سادە بێت، دوو ڕێسای هەیە:

1. بـ + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + ایە

بـ + م + گرت + ایە = (بمگرتایە)

2. بـ + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + با + ایە

بـ + م + گرت + با + ایە = (بمگرتبایە)*

□چاوگی تێپەڕی سادە: (گرتن)

"بریا" بمگرتایە.

"بریا" بتگرتایە.

"بریا" بیگرتایە.

"بریا" بمانگرتایە.

"بریا" بتانگرتایە.

"بریا" بیانگرتایە.

□(نەرێکردن)

"بریا" نەمگرتایە.

"بریا" نەتگرتایە.

"بریا" نەیگرتایە.

"بریا" نەمانگرتایە.

"بریا" نەتانگرتایە.

"بریا" نەیانگرتایە.

—

□ ئەگەر کارەکە (داڕێژراوی تێپەڕ) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

پێشگر + جێناوی کۆمەڵەی 1 + بـ + قەد + ایە

□چاوگی داڕێژراوی تێپەڕ: (داگرتن)

"بریا" دام بگرتایە.

"بریا" دات بگرتایە.

"بریا" دای بگرتایە.

"بریا" دامان بگرتایە.

"بریا" داتان بگرتایە.

"بریا" دایان بگرتایە.

(نەریکردن)

"بریا" دام نەگرتایە.

"بریا" دات نەگرتایە.

"بریا" دای نەگرتایە.

"بریا" دامان نەگرتایە.

"بریا" داتان نەگرتایە.

" بریا" دایان نەگرتایە.

—

 ئەگەر کارەکە (لێکدراوی تێپەڕ) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

وشەی واتادار + جێناوی کۆمەڵەی 1 + بـ + قەد + ایە

 چاوگی لێکدراوی تێپەڕ: (ڕێگاگرتن)

"بریا" ڕێگام بگرتایە.

"بریا" ڕێگات بگرتایە.

"بریا" ڕێگای بگرتایە.

"بریا" ڕێگامان بگرتایە.

"بریا" ڕێگاتان بگرتایە.

"بریا" ڕێگایان بگرتایە.

(نەریکردن)

"بریا" ڕێگام نەگرتایە.

"بریا" ڕێگات نەگرتایە.

"بریا" ڕێگای نەگرتایە.

"بریا" ڕێگامان نەگرتایە.

"بریا" ڕێگاتان نەگرتایە.

"بریا" ڕێگایان نەگرتایە.

* کاتێک کە (با) و (ایە) پێکەوە دێن، لە دوو بزوێنی (ا)ی کۆتایی (با) و (ا)ی سەرەتای (ایە)، یەکێکیان دەمێنێتەوە چونکە لە زمانی کوردیدا، دوو بزوێن پێکەوە نایەن:
بـ + م +گرت + بـا + ایە = (بمگرتبایە)*

—

 چەند نموونەیەک "کاری ڕابردووی بەردەوامی دانانی" لەناو ڕستەدا:

خۆزگەم ئەمەیە ئێستە تۆ
(بهاتیتایە) گفتگۆ
بێکەس

خۆزگە (بڕۆیشتمایە) و (ڕزگارم بوایە).

بریا (بمردایە) و لەسەر جێگە (نەکەوتبایە).

ئەگەر (بچووینایە) پێمان دەزانی.

دەبوایە (بمانکڕیبایە).

کاشکی (بمدیایە) و کتێبەکەم (لێ وەر بگرتبایە).

دەبوو (بمانگرتبایە) و تێرمان (تێ هەڵبدابایە).

ئەگەر کاوێژی (بکردایە)، گۆشتی ئەخورا.
(پەندی پێشینان)

———

11. ڕابردووی تەواوی دانانی

———

 ڕێسا: (قەد + بێت)
سادە: خوارد + بێت = خواردبێت
داڕێژراو: هەڵگرت + بێت = هەڵگرتبێت
لێکدراو: دروست کرد + بێت = دروست کردبێت
 ڕەنگە نانەکەی خواردبێت.

———

ئەگەر کارەکە (تێنەپەڕی سادە) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

-  قەد + بـ + جێناوی کۆمەڵەی 2
-  چاوگی سادەی تێنەپەڕ: (کەوتن)

"ڕەنگە" من کەوتبم.

"ڕەنگە" تۆ کەوتبیت.

"ڕەنگە" ئەو کەوتبێت.

"ڕەنگە" ئێمە کەوتبین.

"ڕەنگە" ئێوە کەوتبن.

"ڕەنگە" ئەوان کەوتبن.

-  (نەرێکردن)

"ڕەنگە" من نەکەوتبم.

"ڕەنگە" تۆ نەکەوتبیت.

"ڕەنگە" ئەو نەکەوتبێت.

"ڕەنگە" ئێمە نەکەوتبین.

"ڕەنگە" ئێوە نەکەوتبن.

"ڕەنگە" ئەوان نەکەوتبن.

---

ئەگەر کارەکە (داڕێژراوی تێنەپەڕ) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

-  پێشگر + قەد + بـ + جێناوی کۆمەڵەی 2
-  چاوگی داڕێژراوی تێنەپەڕ: (داکەوتن)

"ڕەنگە" من داکەوتبم.

"ڕەنگە" تۆ داکەوتبیت.

"ڕەنگە" ئەو داکەوتبێت.

"ڕەنگە" ئێمە داکەوتبین.

"ڕەنگە" ئێوە داکەوتبن.

"ڕەنگە" ئەوان داکەوتبن.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" من دانەکەوتبم.

"ڕەنگە" تۆ دانەکەوتبیت.

"ڕەنگە" ئەو دانەکەوتبێت.

"ڕەنگە" ئێمە دانەکەوتبین.

"ڕەنگە" ئێوە دانەکەوتبن.

"ڕەنگە" ئەوان دانەکەوتبن.

---

ئەگەر کارەکە (لێکدراوی تێنەپەڕ) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

 وشەی واتادار + قەد + بـ + جێناوی کۆمەڵەی 2

 چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕ: (سەرکەوتن)

"ڕەنگە" من سەر کەوتبم.

"ڕەنگە" تۆ سەر کەوتبیت.

"ڕەنگە" ئەو سەر کەوتبێت.

"ڕەنگە" ئێمە سەر کەوتبین.

"ڕەنگە" ئێوە سەر کەوتبن.

"ڕەنگە" ئەوان سەر کەوتبن.

 (نەرێکردن)

"ڕەنگە" من سەر نەکەوتبم.

"ڕەنگە" تۆ سەر نەکەوتبیت.

"ڕەنگە" ئەو سەر نەکەوتبێت.

"ڕەنگە" ئێمە سەر نەکەوتبین.

"ڕەنگە" ئێوە سەر نەکەوتبن.

"ڕەنگە" ئەوان سەر نەکەوتبن.

---

ئەگەر کارەکە (تێپەڕی سادە) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

 قەد + بێت + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی 1

- چاوگی سادە: (گرتن)

"بریا" من گرتبێتم.

"بریا" تۆ گرتبێتت.

"بریا" ئەو گرتبێتی.

"بریا" ئێمە گرتبێتمان.

"بریا" ئێوە گرتبێتتان.

"بریا" ئەوان گرتبێتیان.

- (نەرێکردن)

"بریا" من نەمگرتبێت.

"بریا" تۆ نەتگرتبێت.

"بریا" ئەو نەیگرتبێت.

"بریا" ئێمە نەمانگرتبێت.

"بریا" ئێوە نەتانگرتبێت.

"بریا" ئەوان نەیانگرتبێت.

---

ئەگەر کارەکە (داڕێژراوی تێپەڕ) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

- پێشگر + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + بێت
- چاوگی داڕێژراوی تێپەڕ: (داگرتن)

"بریا" من دام گرتبێت.

"بریا" تۆ دات گرتبێت.

"بریا" ئەو دای گرتبێت.

"بریا" ئێمە دامان گرتبێت.

"بریا" ئێوە داتان گرتبێت.

"بریا" ئەوان دایان گرتبێت.

- (نەرێکردن)

"بریا" من دام نەگرتبێت.

"بریا" تۆ دات نەگرتبێت.

"بریا" ئەو دای نەگرتبێت.

"بریا" ئێمە دامان نەگرتبێت.

"بریا" ئێوە داتان نەگرتبێت.

"بریا" ئەوان دایان نەگرتبێت.

---

ئەگەر کارەکە (لێکدراوی تێپەڕ) بێت، ڕێساکەی دەبێتە:

 وشەی واتادار + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + بێت

 چاوگی لێکدراوی تێپەڕ: (ڕێگاگرتن)

"بریا" من ڕێگام گرتبێت.

"بریا" تۆ ڕێگات گرتبێت.

"بریا" ئەو ڕێگای گرتبێت.

"بریا" ئێمە ڕێگامان گرتبێت.

"بریا" ئێوە ڕێگاتان گرتبێت.

"بریا" ئەوان ڕێگایان گرتبێت.

 (نەرێکردن)

"بریا" من ڕێگام نەگرتبێت.

"بریا" تۆ ڕێگات نەگرتبێت.

"بریا" ئەو ڕێگای نەگرتبێت.

"بریا" ئێمە ڕێگامان نەگرتبێت.

"بریا" ئێوە ڕێگاتان نەگرتبێت.

"بریا" ئەوان ڕێگایان نەگرتبێت.

---

 چەند نموونە کاری (ڕابردووی تەواوی دانانی) لەناو ڕستەدا:

بەڵکوو (کەوتبم) و هەستم پێی (نەکردبێت).

دەبێ زوو (هاتبن) و زوو (ڕۆیشتبن).

ڕەنگە (چووبن) بۆ بازاڕ.

دەشێ (گەڕابن) و ئێمەیان (نەدۆزیبێتەوە).

---

12. کاری داخوازی (فعل امر)

---

کاری داخوازی، فەرمان، داوا، تکا و وریاکردنەوەیە بۆ بەجێهێنانی کارێک لە لایەن کەسێکەوە (تاک) یان چەند کەسێکەوە (کۆ).
لە ڕووی (کاتەوە) ڕابردووی نییە و تەنها "ئێستا و داهاتوو"ی هەیە و لە ڕووی (کەسەوە)، تەنها (دووەمی تاک) و (دووەمی کۆی) هەیە و کەسی یەکەم و سێهەمی نییە!

 لە کاری داخوازیدا، کەسی دووەمی تاک (ە) وەر دەگرێت و کەسی دووەمی کۆ (ن).
بـ + ڕەگی کار + ە = کاری داخوازی بۆ تاک
بفڕە، بکڕە، هەڵبگرە، دابخە، فریا بکەوە، خێرا بکە...

بـ + ڕەگی کار + ن =کاری داخوازی بۆ کۆ
بفڕن، بکڕن، هەڵبگرن، دابخەن، فریا بکەون، خێرا بکەن...
✔ وەرن (بفڕن) لەگەڵ من.

✔ ڕۆن لە پیاو (بکڕە) و گەنم لە ژن!
"پەندی پێشینان"

✔ لە بازاڕ جلێکی جوانی بۆ (بکڕن).

✔ وێنەکەم (هەڵبگرە) کوردە، با ببێ بۆ یادگار
با بمێنێ یادگارم، پاشی خۆم بۆ ڕۆژگار
"قانع"

✔ هەنگاوێک بۆ پێشەوە (هەڵبگرن).

✔ چاوەکانت (دابخە).

✔ دەرگاکە (دابخەن).

گوڵەکەم! (وریا بە)، (فریا بکەوە) و (خێرا بکە).
ئەی پاڵەوانەکانی نیشتمان! (وریا بن)، (فریا بکەون) و (خێرا بکەن).

—

 ئەگەر لە ڕێژەی داخوازیدا، "ڕەگی کار" کۆتایی بە "نەبزوێن" بێت، بەئاسانی جێناوی کەسیی لکاوی (ە)/ (ن) وەر دەگرێت:

✔ نووسین (نووس) - بنووسە - بنووسن

✔ماڵین (ماڵ) - بماڵە - بماڵن

✔ مژین (مژ) - بمژە - بمژن

✔ خەوتن (خەو) - بخەوە - بخەون

 ئەگەر "ڕەگی کار" کۆتایی بە "بزوێن" بێت، بۆ کەسی دووەمی کۆ جێناوی (ن) وەر دەگرێت بەڵام لە دووەمی تاک (ە)، دەر ناکەوێت.

✔ گەڕان (گەڕێ) - بگەڕێ - بگەڕێن

✔ نووستن (نوو) - بنوو - بنوون

✔ کردن (کە) - بکە - بکەن

✔ ڕۆیشتن (ڕۆ) - بڕۆ - بڕۆن

 تێبینی/

لە "هەندێک ناوچەی کوردەواریدا"، بەتایبەتی لە کارە داخوازییەکانی (بنوو، بدروو، ببزوو، بسوو، بگروو، بخۆ) کە کۆتاییان بە (وو) - (ۆ) هاتووە،

(وو - ۆ) دەگۆڕێن بۆ (و w)ی نەبزوێن و پاشان جێناوی کەسیی لکاوی (ە) وەر دەگرن:

بنوو - بنوە

بدروو - بدروە

ببزوو - ببزوە

بسوو - بسوە

بگروو - بگروە

بخۆ - بخوە

چۆڵەمەی ئەستۆم، ڕەگی حەیاتم

هەنگوین و قەندم نوغل و نەباتم

خەوی خێرت بێ (بنوە) درەنگە

تا کەڵەبابی بەیان بێدەنگە

"هەژار"

بڕۆ لە جێیەک بێدەنگ و سروە

پارچەی ئەفکاری موفید (بدروە)

"مەلا ئەحمەدی پێنجوێنی"

زۆر لەمێژە سێبەری ماچێکی تینوو لەسەر لێومە، لێوی هەناریت (ببزوە) و بە قومێک ماچ، بە قەترەیەک لە کانیاوی لێوانت بمژێنەوە.

ئاردی برنج لەگەڵ چەند کەوچکێک هەنگوین و بڕێک سرکەی سێو تێکەڵ بکە و پێستە وشکەکانی پێ (بسوە).

پێش خەوتن، سێوێک (بخوە).

—

 چاوگی (چوون) کە ڕەگەکەی دەبێتە: (چـ)، لە ڕێژەی داخوازیدا، بۆ کەسی دووەمی تاک، (ۆ) وەر دەگرێت: بچۆ

بۆ کەسی دووەمی کۆ، (ن) وەردەگرێت: بچن

—

 چاوگی (هاتن) ڕەگەکەی دەبێتە: (ێ).

بەپێی ڕێسا، لە ڕێژەی داخوازیدا، دەبێتە: (بێ - بێن)، بەڵام ئەم چاوگە لە ڕێژەی داخوازیدا، شێوەیەکی تری هەیە کە دەبێتە: (وەرە-وەرن)، کە نە (وەر) ڕەگی هاتنە و نە (بـ) دیارە!!

ڕێگەی هودا تەریقەتی عیشقە دە "مەحویا"

(وەرن) و پیا بڕۆن و "صلوا علی الرسول"

"مەحوی"

—

 لە "هەندێک ناوچەی کوردەواریدا"، لە ڕێژەی داخوازی، (رە)، دەخرێتە سەر کۆتایی هەندێ کاری داخوازیی تاک. وەک:

کردنەوە☚ بکەوە - بکەرەوە

چوون☚ بچۆ - بچۆرە

هاتن☜ بێ - بێرە

بردن☜ ببە - ببەرە

خستن☜ بخە - بخەرە

مانەوە☜ بمێنەوە - بمێنەرەوە

سڕینەوە☜ بسڕەوە - بسڕەرەوە

پەنجەرەکە (بکەرەوە).

شەماڵ ئەمشەو بێقەرارم
موبتەلای چاوی بەخومارم
وەرە (بچۆرە) لای یارم

بە تەدبیری دۆست کار (ببەرە) سەر
خوا فەرموویەتی: «شَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ»
"پیرەمێرد"

چاوە ڕەشەکەت پڕ کە لە دەرمان
(بێرە) ماڵەکەم وە بیانکەی هەرمان
"عەلی شارەزووری"

میوانی تۆم ئەم ئێوارە، تۆ بزانە بەیەکجار
دەم (بخەرە) ناوی دەمم دەست پێ بکەین بۆس و کەنار
"مەزڵووم"

لەگەڵم (بمێنەرەوە).

هەستە فرمێسکەکانت (بسڕەرەوە).

 له ڕێژەی داخوازی، لە چاوگی داڕێژراو و لێکدراو، دەتوانین ( ب)ی داخوازی نەنووسینەوە. وەک:

(دانیشتن)

دابنیشە/ دابنیشن☜ دانیشە، دانیشن

(ڕاکردن)

ڕابکە/ ڕابکەن☜ ڕاکە، ڕاکەن

(ڕاخستن)

ڕابخە/ ڕابخە☚ ڕاخە، ڕاخەن

(سەرخستن)

سەر بخە/ سەر بخە☚ سەر خە، سەر خەن

(فریاکەوتن)

فریا بکەوە/ فریا بکەوە☚ فریا کەوە، فریا کەون

(خێراکردن)

خێرا بکە/ خێرا بکە☚ خێرا کە، خێرا کەن

ئەی شێوەشۆخ ئەی پەری

(دانیشە) لای ژوورسەری

"گۆران"

وەتەن (هەڵڕێژە) ئەشکی خوێنینت

با بەرز بێت سەدای شین و ناڵینت

"بێکەس"

 بۆ نەرێکردنی کاری داخوازی، لە (مە) کەڵک وەردەگرین:

بخۆ/ بخۆ☚ مەخۆ - مەخۆن

ببە/ ببە☚ مەبە - مەبەن

بکە/ بکە☚ مەکە - مەکەن

تووڕە (مەبە)، خۆت زیز (مەکە).

---

 پوختەی ڕێژەکانی کار:

========================

1. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن (ماضی سادە)

 چاوگ - ن = ڕابردووی نزیک

خواردن - ن = خوارد

خواردم، خواردت، خواردی/ خواردمان، خواردتان، خواردیان

چووم، چوویت، چوو/ چووین، چوون، چوون

---

2. ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن (ماضی بعید)

 قەد + بوو = ڕابردووی دوور

خوارد + بوو = خواردبوو

خواردبووم، خواردبووت، خواردبووی/ خواردبوومان، خواردبووتان، خواردبوویان

چووبووم، چووبوویت، چووبوو/ چووبووین، چووبوون، چووبوون

---

3. ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن (ماضی استمراری)

 دە/ ئە + قەد = ڕابردووی بەردەوام

دە/ ئە + چوو = دەچوو/ئەچوو

دەمخوارد، دەتخوارد، دەیخوارد/ دەمانخوارد، دەتانخوارد، دەیانخوارد

دەچووم، دەچوویت، دەچوو/ دەچووین، دەچوون، دەچوون

---

4. ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن (ماضی نقلی)

 قەد + ووە/ وە = ڕابردووی تەواو

مرد + ووە = مردووە

هێنا + وە = هێناوە

هاتووم، هاتوویت، هاتووە/ هاتووین، هاتوون، هاتوون

خواردوومە، خواردووتە، خواردوویە/ خواردوومانە، خواردووتانە، خواردوویانە

---

5. ڕانەبردووی ڕاگەیاندن (مضارع اخباری)

 دە/ ئە + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3

دە/ ئە + خۆ + م = دەخۆم/ ئەخۆم

دەخۆم، دەخۆیت، دەخوات/ دەخۆین، دەخۆن، دەخۆن

ئەچم، ئەچیت، ئەچێت/ ئەچین، ئەچن، ئەچن

---

6. کاری داهاتوو (آینده/ مستقبل)

 هاوەڵکاری کاتی داهاتوو + دە/ ئە + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3

بەیانی + دە + چـ + م = بەیانی دەچم

"بەیانی ☚ دەچم، دەچیت، دەچێت/ دەچین، دەچن، دەچن

"بەیانی ☚ دەخۆم، دەخۆیت، دەخوات/ دەخۆین، دەخۆن، دەخۆن

---

7. ڕانەبردووی دانانی یا ئینشایی (مضارع التزامی)

● کار یان وشەی یاریدەدەر + بـ + ڕەگی کار + جێناوی کۆمەڵەی 3

ڕەنگە بچم.

لەوانەیە بخۆم.

ڕەنگە☚ بچم، بچیت، بچێت/ بچین، بچن، بچن

لەوانەیە☚ بخۆم، بخۆیت، بخوات/ بخۆین، بخۆن، بخۆن

---

8. ڕابردووی نزیکی دانانی

○ وشە یان کاری یاریدەدەر + قەد + با + جێناوی کۆمەڵەی 2 (تێنەپەڕ)

ڕەنگە چووبام.

○ وشە یان کاری یاریدەدەر + قەد + با + جێناوی کۆمەڵەی 1 (تێپەڕ)

بریا خواردبامان.

ڕەنگە☚ چووبام، چووبایت، چووبا/ چووباین، چووبان، چووبان

بریا☚ خواردبام، خواردبات، خواردبای/ خواردبامان، خواردباتان، خواردبایان

---

9. ڕابردووی دووری دانانی

 وشە یان کاری یاریدەدەر + قەد + بووبا + جێناوی کۆمەڵەی 2 (تێنەپەڕ)

ڕەنگە هاتبووباین.

 وشە یان کاری یاریدەدەر + قەد + بووبا + جێناوی کۆمەڵەی 1 (تێپەڕ)

بریا خواردبووبامان.

ڕەنگە☚ چووبووبام، چووبووبایت، چووبووبا/ چووبووباین، چووبووبان، چووبووبان

بڕ👈 خواردبووبام، خواردبووبات، خواردبووبای/ خواردبووبامان، خواردبووباتان، خواردبووبایان

---

. ڕابردووی بەردەوامی دانانی

 (تێنەپەڕ):

بـ + قەد + جێناوی کۆمەڵەی 2 + ایە

بـ + کەوت + م + ایە= (بکەوتمایە)

بـ + قەد + با + جێناوی کۆمەڵەی 2 + ایە

بـ + کەوت + با + م + ایە = (بکەوتبامایە)

 (تێپەڕ):

بـ + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + ایە

بـ + م + گرت + ایە = (بمگرتایە)

بـ + جێناوی کۆمەڵەی 1 + قەد + با + ایە

بـ + م + گرت + با + ایە = (بمگرتبایە)

ڕەنگ👈 بڕۆیشتمایە، بڕۆیشتیتایە، بڕۆیشتایە/ بڕۆیشتینایە، بڕۆیشتنایە، بڕۆیشتنایە

بڕ👈 بمخواردایە، بتخواردایە، بیخواردایە/ بمانخواردایە، بتانخواردایە، بیانخواردایە

---

11. ڕابردووی تەواوی دانانی

 وشە یان کاری یاریدەدەر + قەد + بـ + جێناوی کۆمەڵەی 2 (تێنەپەڕ)

ڕەنگە هاتبیت.

 وشە یان کاری یاریدەدەر + قەد + بێت + جێناوی کۆمەڵەی 1 (تێپەڕ)

خۆزگە خواردبێتم.

ڕەنگ👈 هاتبم، هاتبیت، هاتبێت/ هاتبین، هاتبن، هاتبن

خۆزگ👈 خواردبێتم، خواردبێتت، خواردبێتی/ خواردبێتمان، خواردبێتتان، خواردبێتیان

---

12. کاری داخوازی (فعل امر)

 بـ + ڕەگی کار + ە (تاک)

بفڕە، بکڕە، ببڕە، بدڕە...

- بـ + ڕەگی کار + ن (کۆ)

بفڕن، بکڕن، ببڕن، بدڕن...

- لەم نموونانەی خوارەوە، [ە] دەر ناکەوێت/ ئاوارتەن.

(بگەڕێ، بخۆ، بچۆ، بنوو، بڕۆ، بێ، وەرە...)

---

**ئەم بابەتە بەردەوامە...**

ئەم بابەتە بۆ وانەوتنەوە لە تێلێگرام ئامادە کراوە.

وانەبێژ: **ئیدریس هاشمی**

***

**سەرچاوە:** کتێبەکانی ڕێزمانی قوتابخانە کوردییەکان

***